## بەلووچ لە کوردان مافخوراوترن



**تایبەت بەڕووداو**

شیرین عیبادی، وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی 2003، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) رایگەیاند کە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی بۆی هەبووە گرووپێکی موزیک داوەتبکات تا موزیکی بۆ بژەنن، ئەویش گرووپی کامکارانی هەڵبژاردووە "بۆ ئەوەی موزیکی رەسەنی ئێرانی بە سازە کوردییەکانیان بژەنن". ناوبراو کە زۆر بەوە تورەیە زۆربەی رۆژنامەنووسان هەمیشە پرسیاری چەوساوەیی کوردی لێدەکەن، لەوەڵامی ئەو پرسیارەی (ڕووداویش)دا گوتی" لە ئێراندا هەموو گرووپەکان گوشاریان لەسەرە، بۆ نموونە بەلووچەکان زۆرتر لە کورد مافیان دەخورێ و جیاوازییان بەرامبەر دەکرێت".

« 5

## کۆنفرانسی هەولێر داوای چەکدانانی حیزبی دیموکرات و PKK و پژاک دەکات



**ڕووداو-ئیستەنبول**

عومەر میرانی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنقەرە، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی TARAFی تورکیدا رایگەیاند بەم نزیکانە کۆنفرانسی حیزبەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە هەولێر سازدەکرێ. باسی سەرەکی ئەو کۆنفرانسە گرتنە بەری سیاسەتێکی ئاشتیانە و چەکدانانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و PKKو پژاک دەبێ. بەڵام لەهەمانکاتدا گوتی بۆ ئەو چەکدانانە تورکیا دەبێ لێبووردنێکی گشتیی بۆ گەریلاکانی PKK دەربکات و سەرکردەکانی PKKیش بچنە ئەمریکا یاخود ئوستralیا. بەڵام گوتی ئەو لەوباوەڕەدانییە تورکیا ئەو لێبووردنە گشتییە دەربکات.

« 7

## چەندان ساڵە بوختان بە پرێمز دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

دڵشاد حەمە غەریب، کە 26 ساڵە وەستای پرێمزە، رەتیکردەوە کە پرێمز ژنان بسووتێنێ و گوتی "ئەوانەی دەڵێن پرێمز دەتەقێتەوە با نموونەی یەک پرێمزی تەقیوم نیشانبدەن". هەروەها نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەولێر لە بارەی شاردنەوەی خۆسووتاندن و سووتاندنی ئافرەتان لەژێر تەقینەوەی پرێمزدا، گوتی "هەندێکجار دەڵێن ژنەکە بەهۆی پرێمزەوە سووتاوە، کە چووینەتە شوێنی ڕووداوەکە بینیومانە پرێمزی هەر لێ نییە". دکتۆر رەوەندیش لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی ئاشکرایکرد "هەر کەسێک رێژەی سووتانی لە 20% زیاتر بێت بە پرێمز نەسووتاوە".



« 12


ژمارە (47)
دووشەممە 2009/3/9
18ی رەشەمێ 2708
(750) دینار
www.rudaw.net
ڕووداو Rûdaw
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


# تاڵەبانی دەیەوێت 6 کورسی لەبەشی یەکێتی بداتە نەوشیروان

## لیستی نەوشیروان پێشبینی بەدەستهێنانی 15 کورسی دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

مام جەلال لە دانیشتنی رۆژی 2009/3/10 لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دەیەوێت پێشنیازی دانی 6 کورسی لەپەرلەمانی کوردستان لەسەر بەشی یەکێتی بۆ بکات، محەممەد تۆفیق رەحیمیش سووربوونی کۆمپانیای وشە لەسەر دروستکردنی لیست دووپاتدەکاتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی مام جەلال بەردەوام دەبن، هەرچەندە جگە لە چوار ئەندامەکەی باڵی ریفۆرم، عومەر فەتاحیش لە دوو رۆژی رابردوودا ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبوو، بەهۆی تووڕەبوونی لە لابردنی بەبێ پرس بەخۆکردنی لە پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "بڕیارە رۆژی 2009/3/10 مام جەلال لەگەڵ کاک نەوشیروان دابنیشێ". هەرچەندە لەنێو خەڵکدا دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە مام جەلال دەبێتەمەرجەع و نەوشیروانیش دەبێتە سکرتێری یەکێتی، بەڵام ئەو سەرچاوەیە بەدووری زانی لەو دانیشتنەدا باسی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ نێو یەکێتی بکرێ و گوتی "بەڵکو مام جەلال پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات، کە بە ئارەزووی خۆی 6 کەس بۆ سەر بەشی یەکێتی لەلیستی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دابنێ و لیست دروستنەکات".



**محەممەد تۆفیق:**
**مام جەلال نامەی ئەحوال پرسینی بۆ کاک نەوشیروان ناردووە**

هەر پەیوەست بەو جموجۆڵە تازەیەی دوای گەڕانەوەی مام جەلال بۆ سلێمانی دروستبووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە رۆژی 2009/3/7 مام جەلال لە رێگەی دلێری سەید مەجید، بەرپرسی مەکتەبی دارایی یەکێتی نامەیەکی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە.

محەممەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی ئێستای ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، کە نەوشیروان بەڕێوەبەریەتی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، هەواڵەکەی پشت راستکردەوە، بەڵام دەربارەی نێوەڕۆکی نامەکە گوتی " هیچی وای تێدا نییەو تەنیا ئەحواڵ پرسینە".

محەممەد تۆفیق، سووربوونی خۆیانی لەسەر لیست دروستکردن بۆ هەڵبژاردنەکان دووپاتکردەوەو گوتی " سوورین لەسەر لیست دروستکردن و، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە لەکاتی پێشوازیکردنی بەرپرسانی کۆمپانیای وشە لە کۆمەڵە گەنجێکی کەلار، سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە گوتوویەتی، پێشبینی دەکەین لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە 15 کورسی بەدەستبێنین.

**نەوشیروان مستەفا:**
**لەکاتی هەڵبژاردنەکان پشتیوانی لیستێک دەکەم**

سەرەڕای جەختکردنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە لەسەر دانانی لیست بۆ هەڵبژاردنەکان، یەکێتی چاوەڕێی ئەوەیە هەڵوێستەکە لە خودی نەوشیروان مستەفاوە ببیستێ، بەڵام ئەو تائێستا بیدەنگی هەڵبژاردووە. بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە نەوشیروان مستەفا هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ ئاژانسی (بۆکیدۆ)ی ژاپۆنی سازکردووە. تێیدا ئەوەی رەتکردووەتەوە کە لیستی دروستکردبێ، بەڵام نەوشیروان لەو هەڤپەیڤینەدا کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە گوتوویەتی " لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەڵوێستی خۆم رادەگەیێنم و پشتگیری لەلیستێک دەکەم". جۆن شیمازاکی، پەیامنێری ئاژانسەکە پێیگوتووە "ئەوە هەڵوێستێکی لاستیکییە".

« 3

## مستەفا سەید قادر:
## سوورین لەسەر دەست لەکارکێشانەوەمان



**تایبەت بە ڕووداو**

مستەفای سەید قادر، یەکێک لە چوار ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی راگەیاند "هەرچوارمان یەک بڕیارمان هەیە"و، سوورن لەسەر دەست لەکارکێشانەوە.

ئێوارەی 2009/3/5 ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ لەو چوار ئەندامەی بە باڵی (ریفۆرم) ناسراون، مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحمود، دەگەڕێنەوە نێو یەکێتی، بەهێزتربوو کاتێک لە فرۆکەخانەی سلێمانی لە پێشوازی مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا بینران. بەڵام مستەفای سەید قادر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) یەک هەڵوێستی خۆیانی دووپاتکردەوەو گوتی هەرچواریان یەک هەڵوێستن. هەروەها گوتیشی "وەک چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی هەمان بڕیاری پێشترمان هەیە، سەبارەت بەدەست لەکارکێشانەوەمان".

هەر چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە مانگی رابردوودا دووجار دەستیان لەکارکێشایەوە، بەڵام لە دووەمین جاردا خواحافیزی یەکجارییان لە یەکێتی کرد، بەهۆی ئەوەی ئەوان داوایان دەکرد ئەنجامدانی چاکسازی و رێکخستنەوەی دۆخی نێوخۆی یەکێتی، بە ئاشتبوونەوەی نێوخۆی یەکێتی و گەڕاندنەوەی نەوشیروان مستەفا و گرووپە دابڕاو و دەرکراوەکانی دیکە دەست پێ بکات، نەک بەهەندێ گۆڕانکاری کە ئەوان پێیانوایە جێگۆڕکێی رووکەشین.

مستەفا سەید قادر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی تائێستا "مام جەلال هیچی نەگوتووە، ئێمەش سوورین لەسەر بڕیاری خۆمان".

« 3

## وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو)ی ئاشکرا دەکات:
# دوو کوردی دانیشتووی کوردستان تووشی ئایدز بوون



ماندوویان کردووم لەبەر ئەوە سوورم لەسەر دەست لەکارکێشانەوە

(فۆتۆ: ڕووداو)

**تایبەت بە ڕووداو**

هەرچەندە هەمیشە بەرپرسانی کوردستان رەتیانکردووەتەوە کە هیچ هاووڵاتییەکی دانیشتووی کوردستان تووشی نەخۆشی (ئایدز) بووبێ، بەڵام وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار بۆ (ڕووداو)ی ئاشکراکرد کە دوو هاووڵاتی کوردی دانیشتووی کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بوون.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، تووشبوونی دوو هاووڵاتی کوردی هەرێمی کوردستانی بە ڤایرۆسی HİV3ی دروستکەری نەخۆشی ئایدز ئاشکرا کرد و گوتی ئەو دوو کەسە " لە رێگەی خوێنەوە تووش بوون". گوتیشی "ئیجرائاتی پێویستمان بۆ پاراستی دەووروبەرەکەیان کردووە".

د.زریان کە ساڵی رابردوو داوای لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد رێی پێبدرێ دەست لەکار بکێشێتەوەو داواکەی قبول نەکرا، گوتی ئێستاش سوورە لەسەر دەست لەکارکێشانەوە " دەبێت لەکابینەی داهاتوودا نەبم، دووبارە نووسراوم بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەنجوومەنی وەزیران نووسیوە بۆ دەست لەکارکێشانەوە". هەروەها گوتی " حەزم لەکارەکە نەماوە"، ئەویش لەبەر سنووورداری دەسەڵاتەکان و بوونی کۆسپ لەڕێی کارکردندا. د.زریان کەهاوسەر و منداڵەکانی لەلەندەن دەژین گوتی " زۆر ماندووبوم و قوربانی زۆرمداوە، خێزانم بەجێهێشتووە، لەرووی داراییشەوە داهاتێکی ئەوتۆم نەبووە لەماوەی وەزیرایەتیدا. لەو چەند ساڵەی کە وەزیر بووم ئەوەی هەیشمبوو خەرجم کرد".

« 8

## پێش و پاش گواستنەوەی لەلایەن کوڕەکەیەوە
# پیاوێک لە دهۆک سێکس لەگەڵ برازایەکەی دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

دادگای تاوانەکانی دهۆک، سێ حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر پیاوێک دا سەپاند بەهۆی سێ جار جووتبوون لەپشتەوە لەگەڵ برازایەکەی کە لە هەمانکاتدا بووکیشیەتی، بەڵام دادگای پێداچوونەوە بڕیاریدا حوکمەکەی کەم بکاتەوە بۆ سێ حوکمی زیندانی هەتاهەتایی.

بەپێی نووسراوی ژمارە (20)ی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە 2009/8/10، کوڕەگەنجێک بەنێوی (ا)، دوای ئەوەی بەیانی، لەیەکەم شەوی بووک و زاوایەتی خۆی لەگەڵ (ژ.ر)ی هاوسەری لەخەو هەڵدەستن، لەلایەن (ر.ە)ی باوکییەوە داوای لێدەکرێ بچێت خواردنی بەیانی بکڕێت، بەڵام کە دەگەڕێتەوە تووشی شۆک (صدمە) دەبێت، کاتێک باوکی لەنێو جێگەیاندا لەگەڵ ژنەکەیدا دەبینێت. دوای ئەوەی کوڕەکە سکاڵا لەسەر باوکی تۆماردەکات، باوکی و ژنەکەی دان بەوە دادەنێن، کە ئەوان دووجاری دیکەش پێکەوە سێکسیان کردووە. دوای ئەوە لیژنەی پزیشکیش ئەوەی سەلماند.

بەپێی ئەو نووسراوەی دادگای پێداچوونەوە (تمیین)، ئەو پیاوە لەلایەن دادگای تاوانەکانی دهۆک بە پێی مادەی 293/1-2ب لەیاسای سزاکانی عێراقی بە سێ حوکمی لەسێدارەدان حوکمدرا، لەسەر سێ جار سێکسکردن لەگەڵ برازاکەی کە دوایین جار لە 2007/6/4 بووە، کە یەک شەو بوو لەلایەن کوڕەکەیەوە گوزرابووەوە. دوای ئەوەی پارێزەری (ر.ە) تانەلێگرتنی خۆی بۆ حوکمەکە ئاراستەی دادگای پێداچوونەوە، کرد، ئەو دادگایە بڕیاریدا حوکمەکە کەمبکاتەوە بۆ سێ حوکمی زیندانی هەتاهەتایی، بەهۆی سکاڵا نەکردن و وازهێنانی (ژ) لەمافی خۆی و "دۆخی تاوانەکە و ئەو هاوکارییەی تاوانبار بەرامبەر دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە پێشانیدابوو".

« 13

# یەکەم لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسە باڵاکان دەبێت



**ڕووداو-هەولێر**

پاش هەشت دانیشتن لەگەڵیان، پێشنیازی چۆنیەتی کارکردنی دەستەی نەزاهەی کوردستان درایە سەرۆکایەی هەرێمی کوردستان و، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەهەموو مەرج و کارنامەی دەستەکە رازیبووە، کەلەسێ کەس پێکهاتوون و تائێستا ناوی دووانیان کەبریتین لە جەمال عەبدول و کەریم ئەحمەد بۆ (ڕووداو) ئاشکرابووە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەپێکهێنانی دەستەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند، دەستەکە تا ئێستا 2 جار لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی دانیشتوون و پێیان راگەیاندوون " ئەگەر دەتانەوێت متمانە بگەڕێتەوە دەبێت لێکۆڵینەوە لەبەرپرسە باڵاکانەوە دەست پێ بکرێت، کارەکە مەترسیدارەو زۆربەی ئەوانەی گەندەڵی دەکەن لە کوردستاندا خەڵکی پیاوکوژن، بەڵام ئەگەر ئێوە ئامانجتان چاکسازی بێت ئامادەی قوربانیدانین". ئەو سەرچاوەیە لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموو مەرجەکانی دەستەکە رازیبووە.

جەمال عەبدول، یەکەم پارێزگاری سلێمانی لە دوای راپەڕین کە پێڕەوی دەستەکەی ئامادەکردووە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی، هەرچەندە دروستکردنی ئەم دەستەیە دواکەوتووەو دەبوایە زووتر دروستبکرێ، چونکە گەندەڵی لە کوردستاندا تەشەنەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا " رۆژێک زووتر ئەو دەستەیە دروستبکرێت باشترە".

« 2

## ڕاپۆرتە هەواڵ

ئەمریکا سیستەمی فێرکردنی کوردستان بگۆڕێت



**ڕووداو-ئەمریکا**

◆ (زانکۆی ئەپەڵەیچن)ی ئەمریکی، بڕی 231،427 هەزار دۆلاری لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیدراوە، بەمەبەستی نوێکردنەوەی سیستەمی فێرکاری لە زانکۆکانی کوردستان. پڕۆژەکە لە مانگی مارسەوە دەستپێدەکات و یەکەم قۆناخی بریتی دەبێت لە چوونی چەند مامۆستایەکی زانکۆکانی کوردستان بۆ کۆلێژی پەروەردەی ڕایخ ئەپەڵەیچن و مانەوەیان لەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ، هەروەها د. ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا لە 26-28ی ئەم مانگە سەردانی زانکۆکە دەکات.

# حکومەتی کوردستان وەڵامی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە کە دەڵێن ئەشکەنجەدان لەگرتووخانەکانی کوردستاندا هەیە، هەرچەندە هەردوو ئاسایشی گشتیی لە هەولێر و سلێمانی و، پۆلیس بوونی ئەشکەنجەدان ڕەتدەکەنەوە، بەڵام وەزیری مافی مرۆڤی کوردستانیش دەڵێ "ئێستاش ئەشکەنجەدان لەهەندێک بنکەی پۆلیسدا هەیە".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەجیهاندا بڵاوکردەوە و بەشێکی ڕاپۆرتەکەشی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان تەرخانکردووە.

لیوا سەیفەدین عەلی، بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی سلێمانی، کە چەند ڕۆژێکە لەپۆستەکەی لادراوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نەک ئەمساڵ، لەڕاپۆرتی ساڵی ڕابردووشیاندا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەخراپی ئاماژەیان بە دەزگای ئاسایشی کوردستان داوە، نازانین وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتی بەچ بەستووە، ئەوان سەردانی ئاسایشی سلێمانیان نەکردووەو ڕاستیش نییە ڕێگری لەهیچ لایەنێک کرابێت بۆ ئەوەی سەردانی زیندانی ئاسایش بکات".

لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، پێداگیری لەسەربوونی ئەشکەنجەدان کراوەتەوە لەگرتووخانەکانی کوردستانداو دەڵێ "هەرچەندە بەپێی دەستووری عێراق هەموو شێوەکانی ئەشکەنجەدان قەدەخەیە، بەڵام چەندەها حاڵەتی ئەشکەنجەدان هەبووە لەگرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا و شێوازی لێکۆڵینەوەی هەڕەشە ئامێز لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەکارهێنراوە". لەڕاپۆرتەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ژمارەی ئەو کەسانەی لەگرتووخانەکانی کوردستاندا ئەشکەنجە دراون، 107 کەسە.

بەڵام لیوا سەیفەدین، ئەو ژمارانە بە ناڕاست دادەنێ و دەڵێ "بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەن، پێویستە بڵێن، لە فلان گرتووخانەدا فلانە کەس ئەشکەنجە دراوە". گوتیشی "هەرکەسێک ئەشکەنجەی زیندانیان بدات، سزا دەدرێ".

ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئاماژەی بەوە داوە کە لە ساڵی ڕابردوودا 2200 حاڵەتی زیندانیکردن هەبووە، جگە لەوانەی لەلایەن ئاسایش و هەواڵگرییەوە دەستگیر کراون.

عیسمەت ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لە هەولێر، زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکابەنادروست ناودەبات و دەڵێ "بەهیچ شێوەیەک سەردانی ئێمەیان نەکردووەو لەهیچ زانیارییەکیش ئاگاداریان نەکردووینەتەوە، ئامادەین بۆ هەموو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە، کە دەڵێن 107کەس، دەبێت بڵێن ئەوانە لەکوێ ئەشکەنجە دراون و کێ ئەشکەنجەی داون؟".

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی لەهەولێر، ئاماژە بەوە دەدات کە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا نووسراوە دەستدرێژی سێکسی لەگرتووخانەکانی ئاسایشدا هەیە "تەحەددا دەکەین لەناو ئاسایش شتی وا ڕوویدابێ، لەهەموو مێژووی خۆمان شێوازی وا بەکار نەهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە، ئەگەر هەر حاڵەتێکی ئەشکەنجەدان هەیە با بۆمان ئاشکرا بکەن، ئامادەین ئیجرائاتی یاسایی بکەین".

عیسمەت ئەرگۆشی ئاشکراشیکرد، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاپۆرتەکە دەداتەوە "ئەو ڕاپۆرتە ڕاستی بۆ نییە و ئێستا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی مافی مرۆڤ سەرقاڵی وەڵامدانەوەن".

د.شوان عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی کوردستان، ئەوە ڕەتناکاتەوە کە لەکوردستاندا ئەشکەنجەدان هەبێت، بەڵام گوتی بەو شێوەیە نییە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی پێداوە "ئەمریکییەکان هەڵەیان کردووە، ئەو ژمارانەی کە باسیان کردووە پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە نییە، تێبینیمان لەسەر ئەو ڕاپۆرتە هەیەو پەیوەندی بەئەمریکییەکانەوە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە ڕاست بکەنەوە".

هەروەها ناوبراو نەیشیشاردەوە کە "لەهەندێک بنکەی پۆلیس ئەشکەنجەدان هەیە و بەدواداچونی بۆ دەکەن "نوسراوی فەرمیمان ئاراستەی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ کردووە بۆ ئەوەی ئیجرائات وەربگرن، بەرامبەر هەندێک پۆلیس کە ئەشکەنجەی گیراویان داوە، پاش ئەو لێپێچینەوانەش هێشتا ئەشکەنجەدان لەهەندێک بنکەی پۆلیس هەیە".

د.شوان عەزیز، ڕەخنەی لە شێوازی ڕاپۆرت نووسینی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە "ئەو شێوازی ڕاپۆرت نووسینە باش نییە، چونکە لەهەندێک شوێندا بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن پشتیان بە ڕۆژنامەکان بەستووە، ئەو 107 کەسەی دەڵێن لەئاسایش ئەشکەنجە دراون هەڵەیە، زۆر گۆڕانکاری لەگرتووخانەکانی ئاسایشدا کراوەو بەو شێوە نییە کە ئەوان باسی دەکەن".

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەناوی پۆلیس کراوە، کە توندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە بەرامبەر بەخەڵک بەکاردەهێنرێ و نمونەی کوشتنی کوڕێکی تەمەن 15 ساڵانی لەگوندی سرێشمەی سەر بەناحیەی خەلیفان هێناوەتەوە لەلایەن پۆلیسەوە. کە وەک ئاشکرابوو، ئەو مێرد منداڵە لەئەنجامی تەقەی هەوایی پۆلیسەکانی خەلیفان بەسەر خۆنیشاندەرانی سرێشمەدا، لەشوێنێکی دوور لە خۆنیشاندانەکە بەر گوللەی پۆلیس کەوت.

عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕەتیکردەوە کە ئەوان پێشێلکارییان لەمافەکانی مرۆڤدا کرد بێت "نازانین ئەو ڕاپۆرتە لەسەر چ بنەمایەک دەڵێت پێشێلکاری هەیە، هیواخوازین لیژنەیەک لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی گرتووخانەکانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی بزانن ڕەوشی مافی مرۆڤ لەکوردستادا چۆنە، 100% دەڵێین ئەشکەنجەدان لە گرتووخانەکانی پۆلیسدا نییە".

# کڕینی ئۆتۆمبیل و ئەنجامدانی فیستیڤاڵ لە کوردستان کەمدەکرێتەوە



**ڕووداو-هەولێر**

بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لێژنەیەک پێکدەهێنرێ بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت، لیژنەکەش بڕیاری کەمکردنەوەی کڕینی ئۆتۆمبیل و ئەنجامدانی فستیڤاڵەکان دەدات.

لەناوەڕاستی مانگی 2ی 2009دا، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی بەسەرۆکایەتی بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و بەئەندامێتی محەمەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ڕەشید تاهیر بریکاری وەزیری دارایی و دڵشاد عوسمان بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بەمەبەستی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت پێکهێناوە.

محەمەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕاپۆرتێکمان ئامادە کردووەو ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووە، ئەو شتانەی کە زیادەن، لەکۆنفرانس و فستیڤاڵ و کۆبوونەوەو کڕینی ئۆتۆمبیل و خەرجییە نا پێویستییەکانی تر نامێنن، پاشان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەدا بڕیاری لەبارەوە دەدات".

محەمەد قەرەداخی، ڕەتیکردەوە کە ئەوان بەرنامەی نەهێشتنی کۆنفراس و کۆبوونەوەو کڕینی ئۆتۆمبێلیان هەبێت "دەمانەوێت ئەو لایەنانە ڕێکبخرێت، شتێک پێویست نەبێت نەکرێت، خەرجییەکان کەمبکرێنەوە، ئەگەر کراش بۆ نمونە کۆنفرانسێک لە بری ئەوەی 150 ملیۆن دیناری تێبچێت، وابکرێت 100 ملیۆن دیناری تێبچێت، کڕین و خەرجی ئۆتۆمبێل دەبێت کەمبکرێتەوە، چونکە ئێستا خەرجی ئۆتۆمبیلەکانمان لەکڕینی ئۆتۆمبیلەکان زیاترە".

لە درێژەی لێدوانەکەیدا محەمەد، قەرداخی، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو ئۆتۆمبیلانەی لەتەواوی دامەزراوەکانی حکومەتدا هەن و زیادەن وەردەگیرێتەوەو بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەفرۆشرێتەوە. گوتیشی "لە خوار بەڕێوەبەری گشتییەوە ئۆتۆمبێلی پێنابێت و لێی وەردەگیرێتەوە".

# بودجەی نووسینگەی مالیکی 6 قات زیاد دەکات



**ڕووداو- بەغدا**

سەلیم جبوری، گوتەبێژی بەرەی تەوافق ڕایگەیاند کە بودجەی نووسینگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران 6 ئەندەی ساڵی ڕابردوو زیادیکردووە بۆیە "زۆر پێویستەحکومەت چاو بە بودجەی ئەم ساڵدا بخشێنێتەوە".

ناوبراو لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاشکرایکرد کە لەبودجەی ساڵی ڕابردوو تەنیا 60 ملیۆن دینار بۆ نووسینگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەرخانکرابوو، بەڵام لە بودجەی 2009دا بۆ هەمان نووسینگە 360 ملیۆن دینار تەرخانکراوە". جبووری پێیوایە کە وڵات و جیهان بەگشتی لە تەنگژەیەکی داراییدان، وا پێویستە کە خەرجیی کەم بکرێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە خەرجیی نووسینگەی سەرۆک وەزیران 6 قات زیادی کردووە.

زیادکردنی بودجەی نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، گفتوگۆیەکی زۆری لەنێو پەرلەماندا لەبارەوە کرا. سامی ئەترووشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بودجەی نووسینگەکە لەوەی ئێستاش زیاتر بوو، پاش هەوڵێکی زۆری لیژنەی دارایی بەشێکی پارەکەی گواستەوە بۆ چەند پێویستییەکی دیکە، ئینجا 360 ملیۆن دینار مایەوە". ئەترووشی، پێیوایە ئەو بڕە پارەیە زۆرە "بەڵام نەمانتوانی کاری زیاتر تێدا بکەین چونکە گرفتەکە زۆر گەورەبوو لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا و زۆری نەمابوو ببێتە کێشەیەکی سیاسی".

بەپێی گوتەی ئەو پەرلەمانتارەی عێراق، وەزیری دارایی ئەو بڕە پارەیەی زیاد کردووەو کاتێکیش پرسیاری لێکراوە زۆر پێداگیری لەوەکرد کە نووسینگەکە ئەو پارەی بۆ بابەتی پلانی ئەمنی پێویستە، بۆ ئەوەی وەک نوسینگەی سەرۆکیئەنجومەنیوەزیراندەرماڵەیەکی زیاد بەو سوپایە بدرێت کە بۆ مەبەستی ئەمنی سودی لێوەردەگرن.

لەبارەی وردەکاری زیاتر لەسەر هۆکارەکانی زیادکردنی ئەو بڕە پارەیە، د.فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارای عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئەو زیادکردنە لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووە، بەڵام هۆکارەکانی دیارکردووەو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێک دەدات تەنیا جێبەجێکردنیمان لەسەرە".

### یەکەم لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی کوردستان دا دەکرێت

# سەرۆکی هەرێم بەهەموو مەرجەکانی دەستەی نەزاهەی کوردستان ڕازیبووە

**عەلی حەمەساڵح**

**ڕووداو-هەولێر**

پاش هەشت دانیشتن لەگەڵیان، پێشنیازی چۆنیەتی کارکردنی دەستەی نەزاهەی کوردستان درایە سەرۆکایەی هەرێمی کوردستان و، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەهەموو مەرج و کارنامەی لیژنەکە ڕازیبووەو لیژنەکە گوتوویانە دەبێت لێکۆڵینەوە لە بەرپرسە باڵاکانەوە دەست پێ بکات.

لە نێوەڕاستی مانگی ئایاری 2008دا، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سێ کەسی دەستنیشانکرد بۆ دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام پاش تێپەڕبوونی 10 مانگ، بەسەردیاریکردنیاندا، ئەو دەستەیە هێشتا دەستی بەکارەکانی نەکردووە.

جەمال عەبدول، یەکەمین پارێزگاری سلێمانی لەدوای ڕاپەڕین، یەکێکە لەو سێ کەسەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە لە 2008/5/22دا داوای لێکرا لەو دەستەیەدا کاربکات. جەمال عەبدول، پێیوایە دروستکردنی ئەم دەستەیە دواکەوتووەو دەبوایە زووتر دروستبکرێ،چونکە گەندەڵی لە کوردستاندا تەشەنەی کردووە، دەشڵێت "ڕۆژێک زووتر ئەو دەستەیە دروستبکرێت باشترە". بەڵام وەک ئەو ئاماژەی پێکرد "قوڵبوونەوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، ئێستا کارەکانی دروستکردنی دەستەکەی وەستاندووە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون. دەستەی نەزاهەی کوردستان جگە لە جەمال عەبدول، لە کەریم ئەحمەد، سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستان و کەسێکی دیکە پێکهاتووە، بەڵام ئەم دەستەیە دەبێتە دەزگایەک و خەڵکی دیکەش هاوکاری دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە، جەمال عەبدول بکرێتە سەرۆکی ئەو دەستەیە، کە هەر خۆیشی بەرنامەو پەیڕەوی کاری دەستەکەی داناوە.

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە، تاوەکو ئێستا ئەو لیژنەیە هەشت دانیشتنیان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامداوە، یەکێک لە دانیشتنەکان لەنێوان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کەریم ئەحمەد و جەمال عەبدول دا سازکرا، بە ئامادەبوونی د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دانیشتنێکی دیکەش لەنێوان کۆسرەت ڕەسول جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەمال عەبدول دا بووە، دانیشتنەکانی دیکەش لەگەڵ چەند پسپۆڕو یاساناسێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بووە.

لەو پرۆژەیەدا کە جەمال عەبدول بۆ دروستکردنی ئەو دەستەیە پێشکێشی کردووە، هاتووە" ئەو لیژنەیە دەبێت لە خەڵکانی دەستپاک پێکبێت و دەسەڵاتێکی تایبەتی هەبێت و گوشاری بەسەرەوە نەبێت و ئینتیقالی نەبێت و ئامانجیشی ناوزڕاندن و شکاندنی کەس نەبێت، ئەو لیژنەیە بەبڕیاری هەموو حیزبەکان و سەرکردایەتی کورد دروستبکرێت و لەژێر دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانانیشدا نەبێت، کارەکانی بداتە دەست دادگایەکی سەربەخۆو ئەمین".

دادوەر ڕزگار محەممەد ئەمین، سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی ئەگەر دەستەی نەزاهە لە کوردستان دابنرێت، دەبێ کارەکانی بەیاسایەک ڕێکبخرێن. ئەوەی کوردستانیش دەکرێ وەک دەستەی نەزاهەی بەغدا بێت.

دادوەر ڕزگار گوتی"دەستەی نەزاهەی بەغدا سەربەخۆیە، بەڵام دادگای نییەو لێکۆلەری دادیان هەیە و پاش کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکانیان،دۆسیەی‌لێکۆلینەوەکانیان دەدەنە دادگایەکی سەربەخۆ".

دادوەر ڕزگار محەممەد ئەمین، دروستبوونی ئەم دەستانە لە هەر وڵاتێک دا، بە نیشانەی لاوازی دەسەڵاتی دادوەری دادەنێ، بۆیەش دروستبوونی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەر هەمان واتای هەیە " دروستبوونی ئەو دەستەیانە لە هەندێک وڵات دا نیشانەیەکە بۆ لاوازی دەسەڵاتی دادوەری، ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری بەهێزبێت و دادوەر جێگەی متمانە بێت، ئەوان دەبێت بەو کارانە هەستن کە دەستەی نەزاهە پێی هەڵدەستێت".

بەڵام لە هەمانکاتدا، سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لە کوردستاندا ڕێوشوێنی ئاسایی بۆ دروستبوونی دەستەی نەزاهە ئەوەیە کە، دادگایەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەو دەستەیە هەبێت و لێکۆڵینەوەکانی بنێرێتە دادگایەکی سەر بە دەسەڵاتی دادوەری کوردستان "لەبەر ئەوەی دەستەکە ناتوانێت کەس دادگایی بکات، ئەگەر وابێت دەبێتە دادگەی تایبەت و بەپێی دەستووری عێراقیش نابێت دادگای تایبەت دروستبکرێت".

جەمال عەبدول، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی، ئەگەر دەستەی نەزاهەی کوردستان دەستبەکار بێ، کە ئێستا کارە سەرەتاییەکانی دامەزراندنیان بۆ کردووە، لە دەستەی نەزاهەی بەغدا کاریگەرتر دەبێ و کاریگەریەکی باشی دەبێت" لەدەستەی نەزاهەی بەغدا کاریگەرتر دەبێت، دەستەی نەزاهەی بەغدا هەر لەنێوخۆیاندا خەڵکی گەندەڵ دەرکەوتن".

دادوەر ڕەحیم عگێلی سەرۆکی دەستەی نەزاهەی بەغدا، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی دەستەکەی ئەوان تاوەکو ئێستا 350 کەسی لەسەر گەندەڵی داوەتە دادگا کە پێنجیان وەزیرن. هەروەها گوتیشی ئەوان بەپێی یاسا مەرجی دیاریکردنی داهاتی بەرپرسانیان لە بەڕێوەبەری گشتییەوە بگرە تا ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆک کۆمار، لەکاتی دەستبەکاربوون و ساڵانە و لە کاتی نەمانی لەسەر کار سەپاندووە، بەڵام تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم لە بەرپرسان پابەندی ئەوەبوونە " بۆیەش ئەگەر بەپێی یاسا هەڵسوکەوت بکەین کاری پەرلەمان دەوەستێ".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەیان گوتووە، دەسەڵاتدارانی‌هەرێمی‌کوردستان‌بەرپرسن‌لە دروستبوونی گەندەڵی، بەهۆی فاکتەرەکانی شەڕی ناوخۆو دۆخی خراپی کوردستان، کەس متمانەی بەحیزب و حکومەت نەماوە لە کوردستاندا، ئەگەر دەتانەوێت متمانە بگەڕێتەوە دەبێت لێکۆڵینەوە لە بەرپرسە باڵاکانەوە دەست پێ بکرێت، کارەکە مەترسیدارەو زۆربەی ئەوانەی گەندەڵی دەکەن لە کوردستاندا خەڵکی پیاوکوژن، بەڵام ئەگەر ئێوە ئامانجتان چاکسازی بێت ئێمەش ئامادەی قوربانیدانین".

ئەو سەرچاوەیە گوتی " سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕازییە کە یەکەمجار لێکۆڵینەوە لە گەڵ خۆی بکرێت و گوتوویەتی متمانەم بەپاکی خۆم هەیەو ئامادەم بۆ هەموو لێپێچینەوەیەک و هەموو پاڵپشتی و هاوکارییەکتان دەکەم".

جەمال عەبدول، لەسەر نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکان گوتی" گرنگ ئەوەیە چی دەکەین، گرنگ نییە چیمان گوتووە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت دەستەکە دروست ببێت، دەمانەوێت دەزگایەک بێت لەژێر دەسەڵاتی هیچ دەزگایەکی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دا نەبێت و هیچ کەسێک نەیێتە دەستەکەوە کە خەڵکی پاک نەبن، دادگایەکی تایبەتی دەوێ و خۆمان سەرۆکی دادگاکە دادەنێین،نەک بەسەرماندا فەرزبکرێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەو مەرجە ڕازیبووە، پەیڕەوی دەستەکە هەمووی ئامادەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا بڕیاری دەستبەکاربوونمان پێ ڕانەگەیێندراوە".

ئەم دەستەیە کەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کاری بۆ دەکات، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت.

چاودێران گومانی ئەوەیان هەیە کە دەستەکە نەتوانێت ڕووبەڕووی گەندەڵییە گەورەکان ببێتەوەو تەنیا بۆ جوانکردنی ڕووخساری حکومەت بێت.جەمال عەبدول، ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوەو دەڵێت " ئێمە بە شێوەیەک کاردەکەین، هیچ کەس لە لێپرسینەوە بەدەر نەبێت، دەبێت دەستەکە شتێکی رووکەش نەبێت و توانای لێپێچینەوەی لەهەموو کەسێک هەبێت".

## ڕاپۆرت

سەلاحەددین محەممەد بەهادین:
حکومەتی کوردستان فاشیلەو ڕەوشەکە دەتەقێتەوە



ڕووداو - وکالة الصحافة العراقیة
◆ ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی سەلاحەددین محەممەد بەهادین ڕایگەیاند ئەزموونی هەرێمی کوردستان شکستخواردوو وفاشیلەو ئەگەر زوو چارەسەرییەک بۆ ئەو بارودۆخە نەدۆزرێتەوە ئەوا ڕەوشەکە دەتەقێتەوە. ئەمینداری گشتی یەکگرتوو دەڵێ ئەمەریکا لە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردستان و ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەی هەیە ڕازی نییە، بەراوردێکیشی لەنێوان هەر دوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان کرد وگوتی پەرلەمانی عێراق زۆر چالاکترە.

# لیستەکەی نەوشیروان مستەفا بەشداری حکومەت ناکات و بە ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە



**بیلال سەعید و نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلیمانی**

سەرچاوەیەکی نزیک لە باڵی ڕیفۆرم کە نەوشیروان مستەفا ڕێبەرایەتی دەکات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نەوشیروان مستەفا ئامادەکاری تەواوی کردووە تاوەکو بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکات و ڕۆژانە لە گردەکە، جگە لە خۆی، سالار عەزیز و محەممەد تۆفیق ڕەحیم و مام ڕۆستەم پێشوازی لە خەڵک دەکەن.

سەرچاوەکە گوتیشی "کاک نەوشیروان و ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە پێشبینی دەکەن لە 15 کورسی بەرەو سەرەوە لە هەڵبژاردن بەدەستبێنن، بەڵام بەشداری کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکەن و بە ئۆپۆزسیۆن دەمێنێتەوە".

### تاڵەبانی و نەوشیروان کۆ دەبنەوە

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەکەی نزیک لە نەوشیروان مستەفاوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، مام جەلال، سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ئێستا گەڕاوەتەوە سلێمانی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆدەبێتەوە، تاوەکو لە نیازی نەوشیروان مستەفا بگات، کە ئایا بۆ هەڵبژاردن لیست دروست دەکات؟ بەڵام سەرچاوەکە سوور بوونی نەوشیروان مستەفای ڕاگەیاند لەسەر دروستکردنی لیست بۆ هەڵبژاردن و گوتی "کاک نەوشیروان سەرجەم کەسە نزیکەکانی خۆی دڵنیا کردووەتەوە کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکات و چاوەڕێی بەدەستهێنانی دەنگێکی زۆریش دەکات".

### مام ڕۆستەم، لەکۆمپانیای وشە: سوورین لەسەر لیست دروستکردن

مام ڕۆستەم بازیانی، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی، کە ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشەیە لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نەوشیروان مستەفا سوورە لەسەر لیستەکەی و گوتی "ڕای کۆتایی کاک نەوشیروان بەشداری کردنی هەڵبژاردنە بەلیستی جیاواز". هەروەها گوتی " لەهەڵبژاردن دا هەر لە زاخۆوە تا خانەقین ئەسپی خۆمان تاو دەدەین و پێشمانوایە دەنگی باش بەدەست دەهێنین".

سەبارەت بەئەگەری نزیکبوونەوەی لیستەکەشیان لە هەر لایەنێکی دیکە ئەگەر بێتو داوایان لێبکات، مام ڕۆستەم بازیانی وتی " لەگەڵ هیچ حیزبێک ڕێکناکەوین و، ئەنجامەکانی هەڵبژاردن قبوڵ دەکەین ".

### نەوشیروان بەرنامەی هەڵبژاردن ئاشکرا ناکات

هەرچەندە، سالار عەزیز، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە مانگێک پێش ئێستا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان بڕیاریانداوە بە لیستێکی پێکهاتوو لە کەسانی پاک بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەوەش وەک جاردانێکی دروستبوونی ئەو لیستە بوو، بەڵام هەندێ لایەنی سیاسی بە یەکێتیشەوە چاوەڕێ دەکەن ئەوە لە زمانی نەوشیروان مستەفا خۆیەوە ببیستن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی خۆیان.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمپانیای وشەوە بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "ناوی کاندیدەکانی لیستەکە ئامادە کراوەو ڕۆژانەش هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، چونکە دەمانەوێت ئەوەی کاندیدی دەکەین خزمەت بەشارەکەی خۆی بکات، نەک حیزب".

ئەو سەرچاوەیە هۆکاری بڵاو نەکردنەوەی ناوی کاندیدەکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "نەوەک بکەونە ژێر هەڕەشەی ترساندن و تۆقاندن و تیرۆر"، هەروەها گوتیشی "ئێمە بەرنامەی زۆر تایبەتمان داناوە، کە هیچ لیستێک درکی بەو جۆرە بەرنامەیە نەکردووە، بۆیە دەترسین ئەگەر بڵاوی بکەینەوە، لیستەکانی دیکە سوودی لێوەربگرن".

سەرچاوەکەی باڵی ڕیفۆرم ئاشکراشیکرد بەرنامەی هەڵبژاردنەکەیان لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و زیاتر لە 20 کەسایەتی ئەورووپی دارێژراوە وبەرنامەکەش بەرنامەیەکی گشتگیرە، گوتیشی "بەرنامەی هەڵبژاردن ئامادەیە تەنها چاوەڕێی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن دەکەین، کە داوای تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان بکات، تاوەکو ناوی خۆمان تۆمار بکەین".

### نەوشیروان لە گردەکە دێتە خوارەوە

سەرچاوە ئاگادارەکەی باڵی ڕیفۆرم، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە گردەکە ڕۆژانە پێشوازی لە خەڵکی هەمەجۆر دەکات لەوانەش گەنجان و قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان "تا ئێستا پێشوازی لەخوێندکارانی کەلار، دوکان، سلێمانی، شارەزوور و ڕانیە کراوە". سەرچاوە نزیکەکان لە نەوشیروان مستەفاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەو زۆر بایەخ بە ڕاکێشانی دەنگی گەنجان دەدات.

سەرچاوەکەی باڵی نەوشیروان خەڵکی کاسبکار دەکات و ئەو ڕۆژەش لەگەڵ قەسابەکانی سلێمانی کۆ بووەتەوە. هەورەها سالار عەزیزیش پێشوازی لە مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگەکان دەکات.

سەرچاوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای تەواو بوونی سەرجەم ئامادەکارییەکان نەوشیروان مستەفا لەگردەکە دێتە خوارەوە بۆ ناو جەماوەرو چەندین سەردان بۆ شارەکانی کوردستان ئەنجامدەدات و لەگەڵ خەڵک کۆ دەبێتەوە. ڕەنگە سەردانەکانی نەوشیروان مستەفا دەچێتە یاریگای فرەنسۆ هەریری و لەوێ قسە بۆ هاووڵاتیانی شاری هەولێر دەکات".

بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوەیە لیستەکەی نەوشیروان ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی لیژنەو جێگەیە لە شارەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن و ئێستاش لیژنەکانی کەلار، کفری، دەربەندیخان، ڕانیە و سلێمانی ئامادەن و خەریکی ئامادەکردنی لیژنەی شارەکانی دیکەن.

مستەفاش گوتی، چەند لیژنەیەک دانراون بۆ پێشوازیکردنی خەڵک لەوانەش دکتۆر تیشکۆ و پارێزەر ساماڵ پێشوازی لە گەنجان و خوێندکاران دەکەن و قسەیان بۆ دەکەن، مام ڕۆستەمیش پێشوازی لە مستەفا زیاتر شاری هەولێرو دهۆک بگرێتەوە، ئەویش بەهۆی لاوازی لیستەکەی لەو دوو شارە، سەرچاوەکەش ئاماژەی بەوەدا کە لەو دوو پارێزگایە لیستەکەیان لاوازە "بۆیە لە یەکەم هەنگاودا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن

### جەلال جەوهەرو عومەری سەید عەلی دەچنە پاڵ نەوشیروان

هەر چەندە تا ئێستا بڕیاری کۆتایی لەلایەن یەکێتییەوە لەسەر چارەنووسی چوار ئەندامە دەست لەکارکێشاوەکەی مەکتەبی سیاسی نەدراوە، کە بەباڵی ڕیفۆرم ناسراون و ئەوانیش دوای دەست لەکارکێشانەوەیان ڕایانگەیاند ئێستا لە ماڵەوە دادەنیشن و پەیوەندی بەهیچ لایەکەوە ناکەن، بەڵام بەپێی زانیاری سەرچاوەکەی (ڕووداو) هەر یەک لە جەلال جەوهەرو عومەری سەید عەلی ئامادەیی خۆیان نیشانداوە بچنە پاڵ لیستەکەی نەوشیروان مستەفا.

سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد کە "21 ئەندامی سەرکردایەتی و چەند کارگێڕ مەڵبەندێک و 2 ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە نەوشیروانیان ڕاگەیاندووە کە پەیوەندی پێوە دەکەن، بەڵام ئەو پێیگوتوون جارێ لەناو یەکێتی بمێننەوە، بەڵام ئەوانە ڕۆژانە پەیوەندی بە گردەکەوە دەکەن".

### مەترسییەکانی لیستی نەوشیروان مستەفا

ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە، لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ خەڵک ئاماژەیان بەوەداوە کە مەترسی ئەوان لەوەیە پارتی و یەکێتی، نەوشیروان مستەفا وەک سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی هەڵوەشاوەو وەک کەسێکی دژە دین نیشانبدەن و، هەروەها پارتی و یەکێتی ڕەواج بەوە بدەن کە مەترسییەکی زۆر لەسەر کوردستانە و لەوانەیە شەڕی کورد و عەرەب بێتە کایەوە، لەسەر کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا.

### نەوشیروان دەبێتە ئۆپۆزسیۆن

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاندووە کە دڵنیان دەتوانن 15 کورسی بەدەستبێنن،بەڵام بەشداری ئەو کابینەیەی حکومەت ناکەن کە دوای ئەو هەڵبژاردنە دروستدەبێت، چونکە دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی فراکسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەمان دا، گوڕ بە پرۆسەی دیموکراسیکردن لە کوردستان بدات "کاک نەوشیروان دەڵێ دەتوانین 15-35 کورسی بەدەستبێنین، بەڵام لەوە زیاتر بەدەست ناهێنین، بۆیە بەشداری کابینەی داهاتووی حکومەت ناکەین، بە مەرجێک بەشداری دەکەین، ئەگەر 50+ 1 بەدەست بێنین، کە ئەوەش زۆر ئەستەمە، بۆیە ئێستا بە ئۆپۆزسیۆن لە حکومەت دەمێنینەوە".

### محەممەد تۆفیق ڕەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە:
## مام جەلال نامەی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە



**ڕووداو-سلێمانی**

ڕۆژی شەممە مام جەلال لەڕێگەی دلێری سەید مەجید بەرپرسی مەکتەبی دارایی یەکێتی و بەڕێوەبەری کۆمپانیای نۆکان، نامەیەکی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی پێشووی یەکێتی کە لەساڵی 2006 دەستی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کێشایەوەو، ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشەیە، ئەو زانیاریانەی بۆ (ڕووداو) پشت ڕاستکردنەوە:

**ڕووداو : ڕاستە مام جەلال ڕۆژی 2009/3/7 نامەی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە و داوای پێکەوە دانیشتنی کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەڵێ نامەیەکی ئاسایی بۆ کاک نەوشیروان ناردووە.

**ڕووداو: نێوەڕۆکی نامەکە چییە؟**

**محەممەد تۆفیق :** هیچی وای تێدا نییەو تەنیا ئەحواڵ پرسینە.

**ڕووداو: دەگوترێت لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ گەنجانی گەرمیاندا گوتووتە لیستەکەتان زیاتر لە 15کورسی پەرلەمان بەدەستدێنێ، ڕاستە؟**

**محەممەد تۆفیق :** ژمارە قەت بەکارناهێنم، بەڵام حەتمەن بچیتە هەڵبژاردنەوە دەتەوێت لەوە زیاتر بێنیت.

**ڕووداو:باس لەوە دەکرێت چەند لیژنەیەکتان دروستکردووە وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵبژاردنەکان، لەوانە لیژنەی ڕاگەیاندن، خوێندکاران، کاسبکاران، ناوشارەکان و دەرەوەی شارەکان، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

**محەممەد تۆفیق :** نەخێر هیچ لیژنەیەکمان پێکنەهێناوە.

**ڕووداو: ئەی چۆن پێشوازی لەخەڵک دەکەن؟**

**محەممەد تۆفیق :** هەرکەسێک هاتبێت بۆسەرەوە بۆڵامان قسەی ئاساییمان کردووە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا کاندیدەکانی لیستەکەتان دیاری کردوون؟**

**محەممەد تۆفیق :** نەخێر، هیچ کەسێک دیاری نەکراوە.

**ڕووداو: سوورن لەسەر بەشداری کردن لەهەڵبژاردن بەلیستی خۆتان؟**

**محەممەد تۆفیق:** بەڵێ سوورین لەسەر لیست دروستکردن و، بەشداریکردن لە هەڵبژاردن.

مام جەلال بە نەوشیروانی گوتووە تەنیا من و دوو سێ کەسی دیکە حەزدەکەین بگەڕێیتەوە ناو یەکێتی

# عومەر فەتاح تووڕەیەو چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیش ناگەڕێنەوە ناو یەکێتی



**عەلی حەمەساڵح**
ali@rudaw.net

**ڕووداو-سلێمانی**

مستەفای سەید قادر، ئەندامی دەست لە کارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان وەک چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەک بڕیاریان هەیەو سوورن لەسەر دەست لەکارکێشانەوە،بەڵام تائێستا مام جەلال وەڵامی نەداونەتەوە. عومەر فەتاحیش بەهۆی تووڕەبوونی لەشێوازی لابردنەکەی لەپۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت ناچێتە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی.

ئێوارەی 2009/3/5، مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەیشتەوە سلێمانی، لەنێو ئەوانەی لەپێشوازیدابوون مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحموود بینران کە دوو لەو چوار ئەندامەی مەکتەبی سیاسین کە مانگی ڕابردوو دەستیان لەکارکێشایەوە، عومەر فەتاحیش لەگەڵ ئەوەی لەوکاتەدا لەسلێمانی بووە، بەڵام ئامادەی پێشوازیکردن لە مام جەلال نەبوو.

لەبارەی ئامادەبوونی مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحموود، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەمە مانای ئەوەنییە ئەو دووانە ڕازین بگەڕێنەوە، بەڵام ئەوەیان پیشانداوە کە دەیانەوێت بەدۆستانە وازبێنن "خۆ کاک نەوشیروانیش چەند جارێک پاش دەست لەکارکێشانەوەی پێشوازی لەتاڵەبانی کردووە، ئەمە مانای ئەوە نییە ڕازیبن بە گەڕانەوە".

مستەفای سەید قادر، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو و عوسمانی حاجی مەحموود بەنیازی گەڕانەوە بن بۆ ناو یەکێتی"وەک چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی هەمان بڕیاری پێشترمان هەیە، سەبارەت بەدەست لەکارکێشانەوەمان".

بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، تا ئێستا تاڵەبانی داوای گەڕانەوەی چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی نەکردووەو دەست لەکارکێشانەوەکەشی قبوڵ نەکردوون.

مستەفای سەید قادر، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە گوتی" مام جەلالیش هیچی نەگوتووە، ئێمەش سوورین لەسەر بڕیاری خۆمان".

### عومەر فەتاح تووڕەیە

عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەرچەندە وەک کەسێکی نزیک لەتاڵەبانی ناسراوە، بەڵام نە لەپێشوازیی تاڵەبانیدا بینراو نە بەشداری کۆبوونەوەی ڕۆژی 2009/3/7ی مەکتەبی سیاسی یەکێتیشی کرد.

سەرچاوەیەکی ئاگادار هۆکاری ئامادەنەبوونی عومەر فەتاحی بۆ تووڕەبوونی، لەشێوازی لابردنی لەپۆستەکەی گەڕاندەوە "عومەر فەتاح، ڕاستە دەستی لەکارکێشایەوە، بەڵام ناچار کرا، چونکە پێش ئەوەی ئەو بڕیار بدات، مام جەلال ڕەزامەندی لەسەر نووسراوێکی کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح و د.فواد مەعسوم و دلێری سەید مەجید دابوو کە عیماد ئەحمەد لەشوێنی ئەو دابندرێت، مام جەلال و ئەو چوار بەرپرسەی یەکێتی بەبێ ئەوەی پرس بە عومەر فەتاح بکەن ئەم گۆڕانکارییەیان کرد، ئەو لەوە نیگەران بووە".

پاش نیوەڕۆی 2009/3/6، لەپاش گەڕانەوەی لەبەغدا، تاڵەبانی لەسلێمانی سەردانی عومەر فەتاحی کرد. بەپێی گوتەی ئەو سەرچاوە ئاگادارە، ئەو سەردانەی تاڵەبانی بۆ ئاشتکردنەوەی بووە، بەڵام عومەر فەتاح، ڕۆژی پاشتر هەرچەندە لەسلێمانی بوو، کەچی نەچووە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی. سەرچاوەکە گوتی "لەکاتی دەست لەکارکێشانەوەی دووەمی چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسییەوە لە شەوی 2009/2/21، کەباسی لادانی ئەو کراوە، ئیتر نەچووەتە مەکتەبی سیاسی".

سەرچاوەکە ئەوەی ڕەتکردەوە کە عومەر فەتاح، دەست لەکاری حیزبی بکێشێتەوەو گوتیشی "تووڕەبوونەکەی کاتییەودەگەڕێتەوە مەکتەبی سیاسی".

کەسێکی نزیک لە عومەر فەتاح، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەوەی ڕەتکردەوە کە عومەر فەتاح تورە بووبێت لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی و گوتی" کاک عومەر نە دەست لەکاردەکێشێتەوە و نە لەچوارچێوەی هیچ باڵێکیشدایە، ئامادەنەبوونی لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا لەوانەیە پەیوەندی بەسەرقاڵییەوە هەبێت". بەڵام لە کۆبوونەوەی دوێنێشدا هەرچەندە نیو کاژێر کۆبوونەوەکە بۆ بەشداری عومەر فەتاح دواخرا کەچی هەر بەشدار نەبوو.

### نەوشیروان دەروازەی گۆڕانکارییەکان

هەرچەندە مستەفای سەید قادر، ئاماژە بەوە دەدات کە هیچ شتێکی نوێیان پینەگوتوون بۆ گەڕانەوە، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار دەڵێت ئەگەر داوای گەڕانەوەیان لێبکرێت، یەکەم مەرجیان ئاشتبوونەوەی گشتی و گەڕانەوەی نەوشیروانە.

بەپێی گوتەی ئەندامێکی پێشتری مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ (ڕووداو) " گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ ناو یەکێتی ئەستەمە، ئەو گرفتی ئەوەی هەیە بەرنامەی هەیەو گوێی لێناگیرێت، مام جەلالیش زۆر منەتی بەکاک نەوشیروان و چوار ئەندامەکەی دیکەی مەکتەبی سیاسی نەماوە، چونکە لەیەکێک لەدانیشتنەکاندا بە نەوشیروان مستەفای گوتووە تەنیا من و دوو سێ کەسی دیکە حەزدەکەین بگەڕێیتەوە ناو یەکێتی".

هەرچەندە وا بڵاوکرایەوە کە بەرهەم ساڵح و مەلا بەختیار دژی گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا بن، بەڵام عیماد ئەحمەد بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەو قسانە ئەسڵ ئەساسیان نییە".

لەلایەکی دیکەوە سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی بەسەرۆکایەتی تاڵەبانی لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا بەردەوام دەبێت. پێشبینیش دەکرێت لە دوو هەفتەی داهاتوودا ڕەوشی ناوخۆی یەکێتی یەکلایی بێتەوە، ئەگەر تاڵەبانی لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا قەناعەت بەچوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی نەهێنێ بۆ گەڕانەوە، ئەوا ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە ژمارەیەکی دیکە لەئەندامانی سەرکردایەتی دەست لەکاربکێشنەوە . یەکێک لەو 7 ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە سەر بە باڵی ڕیفۆرمە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"تا پاش نەورۆز هیچ لێدوانێک نادەم، بەڵام لەدوای ئەوکاتە گۆڕانگاری دەبێت و قسە لەسەر هەموو شتەکان دەکەین".

ئەو پێنج کەسەی بەشداری کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیان نەکرد



عومەر فەتاح



جەلال جەوهەر



مستەفای سەید قادر



عومەری سەید عەلی



عوسمانی حاجی مەحمود

ڕیپۆرتاژ

## دیار نییە پەرلەمانی کوردستان کەی گفتوگۆ لەسەر بودجە دەکات



ڕووداو-هەولێر

◆ بەهۆی کەمکردنەوەی 5 ترلیۆن لە بودجەی گشتی عێراق، دیار نییە بودجەی کورستان چەندە، بۆیە وەزارەتی داراییکوردستان ناتوانێ بودجەی 2009 ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکات. بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی کوردستان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامادەکارییەکی باش بۆ دارشتنەوەی بودجەی کوردستان کراوە، بەڵام تاوەکو ژمارەیەکی دیارکراومان لەبەغداوە بۆ دیاری نەکرێت بەنوسراوی فەرمی و نەڵێن ئەمە بودجەی کوردستانە ناتوانین بودجە بنێرینە پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و پەسەند کردنی".

# ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی نوری مالیکی بەپێشێلکردنی دەستوور تۆمەتبار دەکات



## چارەسەر نەبوونی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەهۆی کەللە ڕەقییەوەیە

جەلالەدین سەغیر، یەکێک لەسەرکردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی

**تایبەت بە ڕووداو**

پەرلەمانتارێکی سەر بە لیستی ئیئتیلاف، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕەخنەی توندی ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد کە گوتبووی "ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بووە ڕێگرلەبەردەم دابەشبوونی عێراق"و، ڕایگەیاند"مالیکی ناچارە لەو قسەیەی پاشگەزبێتەوە، چونکە پێچەوانەی دەستوورەو ئەوە دەگەیێنێ کە نابێ کار بە سیستمی فیدراڵیی بڕیار لەسەردراو بکەین".

مالیکی لە دیدارێکیدا لەگەڵ شێخ و پیاو ماقووڵانی هۆزی ئەلبومحەممەدی مووسەوی گوتبووی "ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕێی لە خواستی دوژمنانی عێراق گرت کە دەیانویست عێراق دابەش بکەن". شێخ جەلالەدین سەغیر کە یەکێکە لەسەرکردەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم، لەوەڵامی ئەو قسانەدا، بۆ (ڕووداو) گوتی "پێموایە نوری مالیکی ناچارە لەو قسەیەی پاشگەزبێتەوە، چونکە پێچەوانەی دەستوورەو ئەوە دەگەیێنێ کە نابێ کار بە سیستمی فیدراڵیی بڕیار لەسەردراو بکەین، چونکە بەڕای ئەو ئەم سیستەمە عێراق بەرەو مەترسی و لێکهەڵوەشان دەبات"، گوتیشی "مالیکی لەم کاتەدا کە ئەم یەکتر تۆمەتبارکردنە لەئارادایە دەبوایە خۆی لەو جۆرە لێدوانانە بەدوور بگرێ، چونکە ئەوە هێندەی دیکە ئاگرەکە خۆش دەکات".

دەربارەی ئەوەش کە مەبەستی لەدوژمنانی عێراق کێیە، جەلالەدین گوتی "کارێکی زەحمەت نییە بزانین مالیکی مەبەستی لەکام لایەنە بەو قسەیە". شێخ جەلالەدین سەغیر هەروەها گوتی "هەڵبژاردنەکانیش ئەو ئەنجامە یەکلاکەرەوەیەی پێشان نەدا کە ئەو باسیدەکات، بەپێچەوانەوە قسەیەکی زۆر لەسەر دروست بەڕێوەنەچوونی ئەو هەڵبژاردنە هەیەو ئێستا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبەردەم ڕێگەیەکی سەختدایە بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی خۆی و ڕەنگە هەر ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی پێداچوونەوەیەکی تەواو بەهەموو سندووقەکانی دەنگداندا بکرێ".

لیستی مالیکی کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کە لە کۆی 440 کورسی 250 کورسی بردەوە لە 14 پارێزگادا، هەندێ لایەن پێیوایە ئەوە مالیکی زیاتر بەرەو دیکتاتۆری پاڵپێوەدەنێ.

جەلالەدین سەغیر، دەڵێ "ئەوەی ئێستا قسەی لەسەردەکرێت دەربارەی فەزیحەی ئیستیمارەی 143 ئاماژە بە مەترسییەکی گەورە دەکات لەسەر سروشت و پاکی هەڵبژاردنەکان و ئەوەی لەو هەڵبژاردنەدا ڕوویداوە، بۆیە ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە ڕاستییەکانمان پێناڵێت ووێنەیەکی ڕاستەقینە دەربارەی واقیعی عێراق پێشان نادا".

سەرچاوە ڕۆژنامەڤانییەکانی عێراق ماوەی چەند ڕۆژێکە بەگەرمی باس لەئەگەری ساختەکارییەک دەکەن کە لەبنکەی سەرەکیی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا ڕوویداوەو کە ناویان ناوە"ئابڕووچوونی ئیستیمارەی 143"، کە فۆرمێکی تایبەتە بەئەنجامی دەنگدان بۆ لیستەکان و پاڵێوراوان، ئەو گومانەش لەو ساختەکارییە کاتێک پەیدابوو کە 142 پاڵێوراوی سەر بەلایەنەکانی دیکەو بەتایبەتیش ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان دەرکەوت هیچ دەنگێکیان نەهێناوەو ژمارە (سفر) لەبەرامبەر ناوەکانیان نووسراوە.

ئەو بەرپرسەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی کە حیزبەکەی لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە لیستی حیزبی دەعوەی مالیکی کەمتری هێنا، لەگرنگیی ئەو سەرکەوتنەی حیزبی دەعوەی کەمکردەوەو گوتی "ئەوانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە نەیانتوانی زۆر لەو ژمارانە تێپەڕێنن کە پێشترلەگۆڕەپانەکەدا هەبوون و نەیانتوانی نەخشەی سیاسی بەشێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕن". سەغیر لەو ڕووەوە ئەیاد عەللاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەبیرهێنایەوە کە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران دا لەبەرئەوەی سەرۆک وەزیران بوو ئەو دەنگانەی بەدەستیهێنان زۆر نزیک بوون لەم دەنگانەی مالیکی بەدەستی هێناون، گوتیشی "هەمووشمان دەزانین ئەیاد عەللاوی نەیتوانی هیچ ڕێڕەوێکی سیاسی بگۆڕێ و لەهەڵبژاردنی دواتریشدا ناچاربوو لەگەڵ هێزو لایەنی دیکە هاوپەیمانێتی ببەستێ و هێشتاش هەر نەیتوانی بگاتەوە هەمان ژمارەی پێشووی".

پەرلەمانتارەکەی لیستی ئیئتیلاف چارەسەرنەبوونی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدای بۆ "کەللەڕەقی و حەزی تۆمارکردنی زۆرترین خاڵ" گێڕایەوەو گوتی "بەبڕوای من بۆ چارەسەری ئەو کێشانە میکانیزمی باشتر لەوە هەیە کە کێشە دروست بکەی و هەمان کێشە بکەیتە بیانوو، هەردوولایش بەئاسانی دەیانتوانی بگەنە ئەو چارەسەرە، بەڵام کەللەڕەقی و حەزی تۆمارکردنی زۆرترین خاڵ بوونەتە هۆی ئەوەی کە کێشەکان لەجیاتی چارەسەر بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر بچن". هەروەها بەشێکی کێشەکەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە کە ڕاگەیاندن و لێدوانی ڕۆژنامەڤانی خزێنراونەتە ناو ئەو کێشانەی کە دەتوانرا بە دەستوورو دەسەڵاتی دادوەری یەکلایی بکرێنەوە. سەغیر هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕایگەیاند کە تاکە ڕێگای چارەسەر ئەوەیە هەردوولا بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ، بۆ هەموو کێشەکان پشت بەدەستوور ببەستن، یان کێشەکان ببەنە بەردەم دادگای فیدراڵی، هەر لەوبارەیەشەوە هوشداری دا کە ئێستا کێشەکان بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچن و گوتیشی "پێموایە گرتنەبەری ئاراستەی تەقاندنەوەی کێشەکان دەبێتە گەورەترین هەڵەی مێژوویی، هەڵەی لەوجۆرە بوارێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەر ناهێڵێتەوەو زەرەرمەندی یەکەمیش پرۆسەی سیاسی دەبێت".



## کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە لیژنەکەی هەفتەی ڕابردوو چارەسەرناکرێن

نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگەی عێراق

لەلایەکی دیکەوەو هەر دەربارەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگەی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردوودا لیژنەیەکی بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێکهێناوەو کاری سەرەکی لیژنەکەش چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستەکانی نەوتە.

نەرمین عوسمان لەوبارەوە گوتی "لیژنەیەک بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وبەغدا لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پێکهاتووەو زۆربەی کاری لیژنەکەش هەوڵدانە بۆچارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستەکانی نەوت".

وەزیری ژینگەی عێراق، دەربارەی پێکهاتەی ئەو لیژنەیەش ڕایگەیاند کە لیژنەکە زیاتر هونەرییە وەک لەوەی سیاسی بێت " لیژنەکەمان دەتوانێ پێشنیازی هونەری چارەسەری کێشەکان پێشکێش بکات، بەڵام تاوەکو کێشە سیاسییەکان چارەسەرنەکرێن شتەکانی دیکە وەک خۆیان دەمێننەوە، لەبەرئەوەش چارەسەری ئەو کێشانە پێویستیان بە لیژنە و گفتوگۆی سیاسییە".

جەلالەدین سەغیر ئاماژەی بەکێشەی گرێبەستەکانی نەوت کردو داوای کرد ئەو کێشەیە لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێت، لەوبارەوە گوتی "بەگوێرەی دەستوور یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە لەدەستی دادگای فیدراڵیدایە، هێشتنەوەی کێشەکە بەهەڵواسراوی و خاوەخاوکردن و کاتکوشتن بەڵگەی نەبوونی ئارەزووە بۆ چارەسەری و حەزی ئاڵۆزکردنی ئەو کێشەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی سیاسی بەرەوڕووی کارەسات بکاتەوە".

جەلالەدین سەغیر بۆ کێشەی ماددەی 140ی دەستووریش کە کێشەی سەرەکیی نێوان بەغداو هەولێر پێکدێنێ، ڕەخنەی توندی ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد کە هەندێ دەسەڵات بەکاردێنێ دەسەڵاتی ئەو نین، سەغیر لەو ڕووەوە گوتی "دەستوور میکانیزمەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ ماددەی 140 بەڕوونی دیاریکردووەو دەبێت هەموو لایەک مامەڵە لەگەڵ ئەو میکانیزمانە بکەن، بەداخەوە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو میکانیزمانە ڕەچاوناکات"، هەروەها گوتی "بەگوێرەی دەستوور ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نەیتوانی بگاتە تێڕوانینێکی هاوبەش سەبارەت بەو کێشەیە، ئەوکات پەنادەبردرێتە بەر ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتیی بێلایەن، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی کۆمار ڕاینەگەیاندووە کە لەبەرامبەر چارەسەری ئەو کێشەیەدا دەستەوستانە تا نەتەوەیەکگرتووەکان بەدوای چارەسەردا بگەڕێ". بەرپرسەکەی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ڕایگەیاند کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ پێشنیازو تێڕوانینی خۆی لەبارەی ئەو کێشەیە بداتە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لەچارەسەرکردنی کێشەکە " بەڵام مافی ئەوەی نییە کە خۆی دەستپێشخەری بکات".



### فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراق:

# بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان داوای 37 ملیۆن دۆلارمان لە مالیکی کردووە بەڵام وەڵامی نەداوینەتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕایگەیاند کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، دەبێ یاسای هەڵبژاردن، سێ مانگ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان ئامادەبێت، لەو ڕوانگەیەوە دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی لەوادەی خۆی، کەبڕیارە 2009/5/19 ئەنجامبدرێت، بەدوور نەزانی. ڕاشیگەیاند کە ئەو 37 ملیۆن دۆلارەی بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە داواکراوە، هێشتا لەلایەن بەغداوە دابین نەکراوە.

2009/5/19 کۆتایی بە خولی کارکردنی پەرلەمانی کوردستان دێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی 2005/1/31دا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ چەند حیزبێکی دیکە بەیەک لیست دابەزین و بەوەش توانییان لە کۆی 111 کورسی، کە پێنجیان هی مەسیحییەکانن، 99 کورسی بەدەستبێنن، جگە لە 6 کورسی کۆمەڵی ئیسلامی و کورسییەکی حیزبی زەحمەتکێشان. هەروەها لەم هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەشدا بڕیارە هەردوو حیزب بەیەک لیست بەشداریی بکەن، بەڵام هەندێ ئاماژە ئەوە بەدیاردەخەن کە هەڵبژاردنەکە لەو وادەیەی دیاری کراوە دوادەکەوێت.

**پێکهاتەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان**

فەرەج حەیدەری، کە کوردێکی فەیلیی لەدایکبووی بەغدایە، لەساڵی 2007 لەکۆی نزیکەی 1400 کەس کە داواکارییان بۆ بوونە ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێشکێش کردبوو، بووە یەکێک لەو 9 کەسەی لەنێو ئەو 1400 کەسەدا هەڵبژێردران و کاتێکیش بۆ سەرۆکایەتی کۆمسیۆن لەگەڵ ئەو 8 کەسە کەوتە کێبڕکێ، زۆرترین دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی بەدەستهێنا. فەرەج حەیدەری دەڵێت سەرۆکایەتی کۆمسیۆن بۆ یەک ساڵە، ئەو کە دوای تەواوبوونی ساڵی یەکەم جارێکی دیکە بۆ سەرۆکایەتی کۆمسیۆن هەڵبژێردراوەتەوە، مانگی ئایاری داهاتوو، هەڵبژاردن دەکرێتەوە بۆ دیاریکردنی سەرۆکی نوێ کە خۆی یەکێکە لە کاندیدەکان. حەیدەری باس لەوە دەکات کە بەگوێرەی ئەو یاسایەی کۆمسیۆنی لەسەر پێکهاتووە، پێویستە کۆمسیۆنی باڵا نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق بکات.

**لەخانەقین ساختەکاری کرابوو**

فەرەج حەیدەری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاند کە کۆمسیۆن لەڕێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری نووسینگەکانییەوە لە پارێزگاکان و هەروەها لەڕێی دوو ووڕک شۆپەوە بۆ کارمەندانی کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەپارەی دەوڵەتانی کۆمەکبەخش لە ئیستەنبوڵ سازیکردووە، خەریکی هەڵسەنگاندنی ئەو هەڵبژاردنەیە کە 31ی کانوونی دووەمی ڕابردوو لە 14 پارێزگای عێراق ئەنجامدرا، تا بزانن هەڵەو کەموکورتییەکانی کۆمسیۆن لەچیدا بووە.

ئەو لەگەڵ ئەوەی دان بەوە دادەنێت کە ئەو هەڵبژاردنە بێ کەموکوڕیی نەبووە، بەڵام زۆربەی ئەو تۆمەتانەش ڕەتدەکاتەوە کە دەستەی نەزاهەو سەرۆکی قەوارە سیاسییەکان پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەرەوڕووی کۆمسیۆنیان کردەوە.

دەقی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

لەکاتێکدا دەستەی نەزاهە دەڵێت 240 کەس لەپاڵێوراوانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە هەندێکیشیان لەهەڵبژاردن دەرچوون، بڕوانامەی ساختەیان هەبووە، حەیدەری دەڵێت "ئێمە وەکو کۆمسیۆن کۆمەڵێک مەرج و پێوەرمان هەیە بۆ خۆکاندیدکردن، لەوانە: دەبێ بڕوانامەی هەبێ و دەستپاک بێت و یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس نەیگرێتەوە و پلەی سەربازیی نەبێت و تاوانی ئەنجام نەدابێت، بۆ هەریەک لەوانە بەدواداچوون لەگەڵ لایەنی پەیوەندار دەکەین، بۆنموونە بۆ بڕوانامە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو ئەوەی پەیوەندی بەڕیشەکێشکردنی بەعسەوە هەیە لەگەڵ دەستەی لێپرسینەوەو عەدالەت. دەستەی نەزاهە لەڕووی زانیارییەوە کۆمەکی ئێمەی کردووە، بەڵام ناتوانین بە پشتبەستن بەو زانیارییانە ناوی پاڵێوراوێک بسڕینەوە"، گوتیشی "لەسەر مەسەلەی بڕوانامە هەندێ زانیاریان پێدان، بەڵام بەو ژمارەیە نییە کە دەگوترێ، لەوانەی دەرچوون نزیکەی 15 کەسن، بەڵام ئەوە مانای وانییە ئەوانە ساختەیان کردووەو تەواو، دەبێ بەدواداچوون بکەین بزانین ڕاستە یان نا، تائێستا بەپێی بەدواداچوونەکانمان زانیارییەکانیان لەسەر 6 کەس تەواو نین".

پاش هەڵبژاردن، بەتایبەتیش ساڵح موتڵەگ و د.ئەیاد عەللاوی گوتیان هەڵبژاردنەکە ساختەکاری تێدابوو، هەندێک، بەتایبەتی لە عەرەبی سوننە، کۆمسیۆنیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بێلایەن نییە و لەژێر کاریگەریی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندایە، حەیدەری ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ " 14600 پاڵێوراو کێبڕکێیان لەسەر 440 کورسی 14 ئەنجوومەنی پارێزگا کردووەو دەبوایە 14200 کەس بدۆڕێن، خۆ ئێرە ئەمریکا نییە دۆڕاو بچێت پیرۆزبایی لە سەرکەوتوو بکات، دەبێ بڵێ ساختەکاری هەبووەو کۆمسیۆن خراپە".

حەیدەری لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت کە کۆمسیۆن لەپاش هەڵبژاردنەکانەوە نزیکەی 2 هەزار سکاڵای بۆ چووە. هەرچەندە دەڵێت هەمووی هەر لەسەر ساختەکاری نییەو وەڵامی هەموو سکاڵاکانیشیان داوەتەوە. هاوپەیمانی کوردستانی سکاڵایەکی لەدژی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دابووە کۆمسیۆنی باڵا، لەسەر ئەوەی کە چەند کەسێکی سەر بە نوری مالیکی لەموسڵ چوونەتە نێو وێستگەی جیاکردنەوەی دەنگەکان و بە دەرکردنی نوێنەرانی کوردو نووسینی مەحزەر، یاسایان پێشێلکردووە، بەڵام حەیدەری وانیشاندا کە سکاڵاکە ڕاست نەبووەو دەڵێت "لیستی مالیکی لەموسڵ هیچ دەنگی نەهێنا، ئەو جۆرە کێشانەش هەردەبن، بەڵام کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان نابێ".

فەرەج حەیدەری لە فەوتاندنی پتر لە 11 هەزار دەنگی کورد لەخانەقین لایەنە کوردییەکان بە بەرپرسیار دەزانێ، چونکە وەک ئەو دەڵێ بەهۆی ساختەکارییەوە ناچاربوون دەنگەکانی ئەو وێستگەیە پووچەڵ بکەنەوە. حەیدەری دەڵێت "لەهەموو وێستگەیەک تۆمار هەیە، بەپێی پێوەرەکان وێستگەیەک کە توانای پێشوازیی لە 400 کەس هەبوو ئەگەر تەماشات کرد 390 کەس هاتبوون لێی دەکەویە گومانەوە، بەڵام لەخانەقین 390 نەبوو 450 بوو. بۆیە بڕیارماندا دەنگەکانی وێستگەکە بەتەواوی پووچەڵ بکەینەوە".

بەڵام لەهەمانکاتدا سەرۆکی باڵای هەڵبژاردنەکان دان بەوەدا دەنێت کە لەو هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی زۆر کورد، بەتایبەتیش ڕاگوێزراوان لەمافی دەنگدان بێبەش بوون "نزیکەی 100 هەزار کورد لەدەنگدان بێبەش بوون، کێشەی ئەوانە ئەوەبوو لەگواستنەوەی کۆبوونی خۆراک دواکەوتبوون، ئێمە بڕیارماندابوو هەر کۆبوونێک پاش 2008/4/15 هاتبێت کاری پێناکەین، ئەوان هەیانبووە مانگی 7و 8 کۆبوونی خۆراکی گواستووەتەوە". هەندێ لە بەرپرسانی کورد ئەوەیان بەوە پاساو دەدایەوە کە کۆمیسیۆن درەنگ لەوە ئاگاداری کردوونەتەوە، بەڵام حەیدەری دەڵێت ئەوە ڕاست نییە و گوتیشی "کورد نابێ پێویستی بەوەبێت پێیبڵێن بگەڕێوە شوێنی خۆت، زۆربەی خەڵک پارەی قەرەبوویان وەرگرتووە و نەشگەڕاونەتەوە".

ئەگەرچی زۆربەی لایەنەکان نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بە پارەو سامانی حکومەت پروپاگەندەی بۆ لیستەکەی خۆی کردووە، بەڵام سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێت کە کۆمسیۆن بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت بە حیزبەکان و نەبوونی یاسایەک بۆ ناچارکردنی پاڵێوراوەکان تا سەقفی دارایی خۆیان دیاری بکەن، دەسەڵاتی ئەوەی نییە لێپێچینەوە لەسەرچاوەی ئەو پارانە بکات کە لایەنەکان لەپروپاگەندەی هەڵبژاردندا خەرجی دەکەن "من چۆن بیسەلمێنم ئەوەی خەرجی دەکات پارەی خۆیەتی یان پارەی حکومەتە، هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە بتوانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکەی، سەرۆک وەزیران دەچێ بۆ سەردانی پارێزگاکان باسی هەڵبژاردن دەکات و هانی خەڵک دەدات بچێ دەنگ بدات، ئەوە جیایە لەوەی بچێ بانگەشە بۆ لیستەکەی بکات و، ناتوانم بڵێم وەرە بزانم ئەم پارەیە هی کێیە خەرجی دەکەی". حەیدەری دەڵێ لە ئەمریکا و زۆر وڵاتی ئەورووپا ڕێژەیەکی پارە دیاریکراوە بەگوێرەی ژمارەی دەنگدەران بۆ بەکارهێنان لە پروپاگەندەدا، نابێ زیاتر لەوە بەکاربێنی و ئەگەر ئەو یاسایە لێرەش دابنرێت باشە.

سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ئەگەری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نەکرد، بەڵام ئەوەی ڕوونکردەوە کە یاسای هەڵبژاردنەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت 90 ڕۆژ پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئامادەبێت، بەوشێوەیەش، کە هێشتا یاسای هەڵبژاردن لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەموار نەکراوە، دوای گەڕاندنەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، دیارە کە هەڵبژاردنی پەرلەمان لەو وادەیەی بۆی دانراوە نەتوانرێ ئەنجام بدرێ،فەرەج حەیدەری لەوبارەوە دەڵێ " لەوانەیە" دوابکەوێ، بەڵام " لەسەر یاساکەش ڕادەوەستێ".

هەروەها حەیدەری ئەوەشی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، کە نووسراوێکی بۆ دابینکردنی پارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان داوەتە د.نوری مالیکی "بەڵام هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە".حەیدەری بڕی ئەو پارەیەی بۆ ئەو مەبەستە داوایانکردووە ئاشکرا کردو گوتی " نزیکەی 37 ملیۆن دۆلارە".گوتیشی پێویستە بەغدا ئەو پارەیە بدات "چونکە ئەم کۆمسیۆنە دەزگایەکی فیدراڵییەو بۆ هەموو عێراقە".

پێشنیازێک لە کوردستان هەیە، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دوو هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحییەکان و پەرلەمانی عێراق بخرێتە یەک ڕۆژەوە، فەرەج حەیدەری دەڵێ " ئەوە بۆئێمەش باشترە".

**فەرەج حەیدەری**

- ساڵی 1948 لەبەغدا لەدایکبووە.
- تا قۆناغی ئامادەیی لەبەغدا خوێندووەو لەزانکۆی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە.
- لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووەو ساڵی 1974 بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول.
- دوای هەرەسی 1975 چووەتە سویدو ساڵی 2003 گەڕاوەتەوە عێراق.
- جێگری بەرپرسی لقی 5ی پارتی بووە لەبەغدا.
- ئەندامی پەرلەمانی عێراق بووەو ساڵی 2007 بووەتە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

ÎHD داوای کردنەوەی بیرەکانی باتۆش دەکات




ڕووداو- DIHA

◆ لقی ئیزمیری ÎHD پشتیوانی لە خۆنیشاندانی دایکانی شەممە کرد و داوایکرد بیرەکانی باتۆش کە گومان دەکرێ لاشەی ئەو کوردانەی باکووری کوردستان کە لەلایەن گرووپە چەکدارە نهێنییەکانی سوپای تورکیا تیرۆکراون تێدادبن. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە خۆنیشاندانێکدا لەو شارەدا لە دروشمەکانیاندا داوایانکرد و گوتیان" با ونبووەکان بدۆزرێنەوەو بکوژان سزابدرێن".

شیرین عیبادی، هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بۆ (ڕووداو):

# بەلووچ لە کوردان مافخوراوترن



**شیرین عیبادی**

–لەساڵی 1947 لە هەمەدان لە دایکبووە.
–بەر لە شۆرشـــی ئیسلامی لە ئێران دادوەر بووە. دواتر بە هۆی ژن بوونەوە لەکارەکەی لادراوە.
–لە ساڵانی نەوەتەکاندا یەکێکبوو لە پشتیوانانی محەممەد خاتەمی بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆککۆماری.
–هەڵگـــری خەڵاتی 1996 ی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ ( هیومەن رایتس ووچ) ە.
–ساڵی 2001 خەڵاتی رافتۆ بۆ مافەکانی مرۆڤی لە وڵاتی نەرویج وەرگرت.
–لە ساڵی 2003 دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتیی وەرگرتووە.
–لە ٢٠٠٠ دا زیندانیکراوە و بەشداریی کردووە لە راکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران.
–ئێستا کاری پارێزەرایەتی دەکات و لە زانکۆش وانە دەڵێتەوە.
–شـــووی کردووە و دوو کچی هەن، کە یەکێکیان وەک دایکی چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤە.



**شیرین عیبادی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی ئەوە ناشارێتەوە کە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، بەڵام لە هەڤپەیڤینێکدا لە برۆکسەل لەگەڵ (ڕووداو) و ماڵپەڕی هۆڵەندیی رۆژنامەنووسانی جیهانی بەوە تووڕە دەبێت کە زۆر باسی کوردی لەگەڵ کراوە. عیبادی دەڵێت " لە ئێران لە کوردیش زوڵملێکراوتر هەن".**

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – برۆکسەل**

**ڕووداو: لـە ڕۆژئاوا کە باسـی ڕەوشـی مافەکانـی مرۆڤ دێتە گۆڕێ هەمیشـە بە نەرێنی باسـی ئێران دەکرێت. تۆ هەواڵێکی ئەرێنیت پێیە؟**

**عیبادی:** ئەگەر ڕەوشـی ئێرانی ئێسـتا لەگـەڵ 26 سـاڵ لەمەوبەر بـەراورد بکەم دەبێ بڵێم بەڵێ. ئێستا پێشڤەچوونی زۆر بە دەسـتهاتوون. بۆ نموونە لە ساڵی 2004 دا یاسا ئەوەی ڕێکخست کە تەمەنی گونجاو بۆ شووکردنی کچان لە 9 ساڵەوە بکرێت بە 13 ساڵ. ئێستا لە ئێران دادوەری ژنیش هەن، لە کاتێکدا 26 ساڵ لەمەوبەر وەک دادوەر مافی کارکردنیان لێسـەندمەوە چونکە ژن بووم. هەروەها ئێستا دۆزە ڕۆژنامەنووسییەکان لە دادگاکاندا لەلایەن دەسـتەیەکی دادوەری و شارەزاوە هەڵدەسەنگێندرێن. ئەوانە هەموویان پێشڤەچوونن. بەڵام بە ڕاستیش هێشتا زۆر کێشە ماون کە دەبێ چارە بکرێن.

**ڕووداو: ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی پاراسـتنی مافی مـرۆڤ بـەردەوام داوا لە دەوڵەتی ئێـران دەکەن پێشـێلکارییەکان ڕابگرێ و ڕەوشـی مافی مـرۆڤ چاکبکات. پێتوایـە ئەو ڕێکخراوانە کاریگەرییان هەبێت بە سەر وڵاتێکەوە کە هەموو وەدەنگهاتنێکی نێودەوڵەتی بە دەسـتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی دەزانێ؟**

## کەبودوەند نموونەیەکی بەهێزی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە لە ئێران

**عیبادی:** بەر لە هەر شتێک ئەوەی دەبێ کاریگەریی بە سـەر دەوڵەتـەوە هەبێت و ڕەوشەکە بگۆڕێت ئێمە ئێرانییەکانین. دواتریش دەبێ کاربەدەستانی ئێران ئەوە باش بزانن کە مەسەلەی مافی مرۆڤ دۆزێکی نێودەوڵەتییە و سنوور ناناسـێ. کەواتە وەک چۆن ئێران مافی هەیە دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لوبنان و فەلەستین و هەر جێیەکی دیکەی دنیا وەدەنگ بێت، ئاواش دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆیان هەیە ڕەوشی ئێستای ئێران پرۆتەسـتۆ بکەن. ئەمە دەستوەردان نییە لـە کاروباری نێوخۆیی ئێـران، وەک دەوڵەت دەیەوێ پیشانی بدات.

**ڕووداو: زۆر کەس دەڵێن تۆ وەک هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشـتی، دەتوانی زۆر زیاتر بکەی لەوەی کە ئێستا دەیکەی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، وەڵامت چییە؟**

**عیبادی:** هەموو کەس بۆی هەیە قسـەی خۆی بـکات و منیش ئەوپـەڕی ڕێزیان بۆ دادەنێم. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەی پێمکراوە کردوومە و لە ئایندەشدا دەیکەم.

**ڕووداو: ماوەیەک بەر لە ئێسـتا محەممەد خاتەمـی ڕایگەیاند کە بـۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمساڵ خۆی کاندید دەکاتەوە. ئەو لە دانیشتنێکدا لەگەڵ کۆمەڵێک نوێنەری کورددا لە تاران بەڵێنیدا کە ئەگەر دەربچێت هەوڵـی دانی دەسـەڵاتی زیاتر بـە نەتەوە بێبەشـکراوەکان بدات. ئێوە خاتەمی باش دەناسن. پێتانوایە کە ئەو بەڵێنانەی شتێک بن زیاتر لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؟**

**عیبادی:** چونکـە زۆری نەماوە بۆ کاتی هەڵبژاردنـەکان من هیچ ڕایەک لەو بارەیەوە نـادەم. چونکە نامـەوێ قسـەکانم نە بە چاک نە بە خراپ کاریگەریی بە سـەر بەڕێز خاتەمییەوە هەبێت. بەڵام شتێکت پێدەڵێم: بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران کورد، تورک، ئـازەری، عەرەبزمـان، بەلـووچ و تەواوی نەتەوەکانـی دیکە مافـی ئەوەیان هەیە کە بـە زمانی دایکیان بخوێنن، بەڵام بە داخەوە ئەوە تا ئێسـتا ڕووینەداوە و دەکرێ ئەمەش ببێتە هەوێنی گفتوگۆیەکی گەرم. من خۆشم زۆر زۆر ڕێـزم هەیە بۆ نەتەوەکانی دیکە. بۆ نموونە کاتێک خەڵاتـی نۆبڵم وەرگرت، بۆم هەبوو بـۆ جەژنی خەڵات دابەشـکردنەکە گرووپێکـی مۆزیک بانگهێشـت بکەم. من گرووپـی کوردی کامکارەکانـم هەڵبژارد بۆ ئەوەی مۆسیقای ڕەسـەنی ئێرانی بە سازە کوردییەکانیان بژەنن.

**ڕووداو: تـۆ خـۆت کاندیـد ناکەیت بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار؟**

**عیبادی:** نەخێر، من ئەو کارە نە لە ئێستادا و نە لە ئایندەشـدا ناکەم. من چالاکڤانێکی بـواری مافەکانی مرۆڤم و لـە نێو خەڵکی مافخوراودا دەمێنمەوە.

**ڕووداو: بـەڵام کاتەکە بـە لەبار نازانیت کە ژنێک سـەرۆکایەتیی کۆمار لە ئێراندا بە دەستەوە بگرێت؟**

**عیبـادی:** من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە ژنان هیچیان کەمتر نییە لە پیاوان و دەزانم کە ژنیش دەتوانن سـەرۆککۆماری چاک بن، بەڵام بۆخۆم قەت نامەوێ لە ژیانمدا بکەومە نێو دەسەڵاتەوە.

**ڕووداو: یەکێک لە بەناوبانگترین زیندانییە سیاسـییەکان لە ئێراندا محەممەد سـەدیق کەبودوەندە کە ئێوە پارێزەری ئەون. دەتوانن بە کورتی بڵێن کەبودوەند چی کردووە؟**

**عیبادی:** کەبودوەنـد نموونەیەکی بەهێزی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە لە ئێران. ئەو ڕێکخراوێکـی بۆ داکۆکیکـردن لە مافەکانی مرۆڤ لە کوردسـتانی ئێـران دامەزراندووە و بەو هۆیەشـەوە سزای دە سـاڵ زیندانی بۆ بڕدراوەتەوە. ئەو ئێسـتا لە زینداندایە و لە ماڵباتەکەیەوە بیسـتوومە کە ڕەوشـی تەندروسـتیی زۆر خراپـە. مـن داوای پێداچوونـەوەم بـە حوکمەکەیدا کردووە و ئومێدەواریشـم کە دەسـەڵاتی دادوەری لـەوە تێبگات کە جێـگای ڕۆژنامەنووس و داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤ گۆشـەی زیندان نییە.

**ڕووداو: بـە پێی ڕاپۆرتێکـی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا سێ گرووپ لە ئێراندا زۆر دووچاری جیاوازیپێکردن دەبنەوە. ئەوانیش ژنان و بەهاییەکان و کوردن. تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونەدای؟**

**عیبادی:** پێویسـت ناکات بەریتانییەکان ئەوە بڵێن. ئێمە خۆمان حەوت سـاڵە ئەوە دەڵێیـن. بەڵام تۆ بۆچی هەر باسـی کورد دەکەی؟! چونکە بۆ خۆت کوردیت؟!

**ڕووداو: مـن ڕای خۆمم نەگوتووە، بەڵکو باسی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەکـەم کە دەڵێت ئەو سـێ گرووپە زۆرتر لە گرووپەکانی دیکـە جیاوازییان بەرامبەر دەکرێت؟**

**عیبـادی:** بەڵام لـە ئێراندا بـۆ نموونە بەلووچەکان زۆرتر لە کورد مافیان دەخورێ و جیاوازییان پێدەکرێت. یان عارەبزمانەکان، تورکەکان، ژنان و عەلمانییەکان کە بڕوایان بە تێکەڵاویی دین و دەوڵەت نییە. لە ڕاستیدا لە ئێران هەموو گرووپەکان گوشاریان دەخرێتە سـەر و مافیان دەخورێت. تەنانەت هەفتەی ڕابردوو چل دەروێشی گۆنابادی دەستگیرکران و تەکیەکەیان لە ئێسفەهان وێرانکرا.

## داوودەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆیان هەیە ڕەوشی ئێستای ئێران پرۆتەستۆ بکەن

**ڕووداو: سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییە تاڵانە ئومێدت بە گۆڕان هەیە لە ئێران؟**

**عیبادی:** من باوەڕم بەوەیە کە هەرشتێک گەل بیەوێ بیگۆڕێ، دەگۆڕدرێت. بەڵام کەی ئەمـە ڕوودەدات؟ دەبێ چـاوەڕێ بین کات وەڵامەمان بداتەوە.

شوێنبزرکراوانی 20 ساڵی ڕابردووی باکووری کوردستان لەبیرە سەرداپۆشراوەکاندا دەدۆزرێنەوە

# گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باکوور ئاشکرابوون

**هێمن خۆشناو**
**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ دەسـتگیرکردنی ئەفسـەری پلە بەرزی سـوپای تورکیا، لەوەند ئەرسۆز بە تۆمەتی ئەندامێتـی ئەرگەنەکۆن، ماڵباتی کەسـانی شـوێنبزر لەباکووری کوردستان گەشانەوە. سەرۆکی لقی ئامەدی ڕێکخراوی مافی مرۆڤیش IHAD بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند 1500 دۆسیەی شـوێنبزرکراوان لەباکووری کوردستان لەلای دەزگاکانی مافی مرۆڤن.

چەند ساڵ پێش ئێستا لەناکاو براگەورەکەی بزر دەبێـت، باوەڕ دەکەن کـە تەرمەکەی فڕێدراوەتە بیرێکـەوە، لەو بارەیەوە پارێزەر عەبدوڵڵا فندک دەڵێت، لەلایەنی یاساییەوە پاساوی بەهێز و یەکلاکەرەوەمان نەبوو" وەکو یاسا ناسـێک لەبەر ئەوەی بەڵگەی بەهێزم لەدەستدانییە ناتوانین شتێکی دڵنیاکەرەوە بڵێین، بەڵام بە هەستی خۆمان سەت لەسەت ئەرگەنەکۆن ئەوانی کوشتووە".

بڕیاری دادگایەکی تورکی لە سـیلۆپی بۆ هەڵدانـەوەی چەند بیرێکی سەرداپۆشـراو، کـە خەڵکـی ناوچەکە دەڵێن کەسـوکاری شـوێنبزرکراوی ئەوانـی فڕێدراوەتـە ناو، دەنگدانەوەیەکی جیهانی دروستکرد. بڕیاربوو ڕۆژی 2009/3/5 ئـەو بیرانە هەڵبدرێنەوە، بـەڵام دادوەر کارەکـەی بۆ چەنـد ڕۆژێک دواخست.

سەدان سیاسەتڤان و ڕۆشنبیر و وڵاتپارێزی کورد لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی نادیار کوژران، ئەوان لەلایەن حکومەتەوە بە "کوژراوانی بکەر نادیار" تۆمارکران. خەڵکی باکووری کوردستان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەو کردەوانەی کوشـتن لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریسـتی ئەرگەنەکۆنـەوە ئەنجامدراون. ئەرگەنەکۆن، کـە تۆڕێکـی پێکهاتووە لە سەرکردە خانەنشینە سەربازی و ئەمنییەکان، کە سـاڵی ڕابردوو بە خـۆ ئامادەکردن بۆ کودەتاکـردن بەسـەر حکومەتـی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دا،پۆلیس دەستی بەگرتنی شانەکانی کرد.

ئەوەی خەڵکی ناوچەکە دەگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە ئەرگەنەکۆن کەسوکاری ئەوانی شـوێن بزرکردووە بەڵگەیەکی سـادە نییە، لەبەر ئەوەی بەشـێکی زۆر لـە تاوانبارانی ئەرگەنەکۆن لەو هەرێمە کاربەدەست بوونە. لەوانـە، عارف دۆغان، ئاتیلا ئوغور، جەمال تەمیزۆز، لەوەند ئەرسـۆز، وەلی کوچوک و چەندانیتر.

پارێزەر موحەرەم ئاربای، سـەرۆکی لقی ئامەدی ڕێکخراوی مافی مـرۆڤ IHAD، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی

"لەوەند ئەرسۆز، فەرماندەی لیوای شرناخ بوو،ترسێکی گەورەی بەسەر خەڵکی شڕناخ دا دروسـتکردبوو، سەردار تانش و ئەبوبەکر دەنیـز لەسـەردەمی ئەودا شـوێنبزرکران. زۆربەی ئەو کەسانەی بەتاوانی ئەرگەنەکۆن دەستگیرکراون، لەو هەرێمە فەرماندارببوونە".

بەڵام موحەرەم ئاربـای لەهەمانکاتدا دەڵـێ " حکومەت کە ئەمڕۆ لەسـەر ئەو کارە هەڵوەسـتە دەکات، بەهۆی کوشـتنی کـوردەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکات. تائێستا دادگایان لەسەر ئەو شـتانە لەبەرامبەر نەکراوەتەوە. پێویسـتە ڕای گشـتی لەوە ئاگادار بێـت. واتە ئەو کەسـانەی لە ناوچە کوردییەکان بەدەسـتی ئەو تاوانبارانە کوژراون، ناویان لە دۆسیەی تاوانەکانی ئەوانەدا نییە. ئەمەش مانای ڕەواییدانە بـە کاری ئەو تاوانبارانە لە شـڕناخ و هەرێمە کوردییەکانی دیکە".

سێگۆشەی شڕناخ، جەزیرە و سیلۆپی، مەڵبەندێکـە لە سـاڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو تاوانی بکەر نادیاری بە ڕێژەیەکی زۆر تێدا ئەنجامدراوە. ئاربای دەڵێ "لە شـڕناخ، 250 تا 300 کەس بزرن". بەڵام سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ کە لەلایـەن چالاکڤانانی کوردەوە دامەزراوە دەڵێ " لە ئەنجامی ئـەو کردەوانـە لە سـاڵانی 1990 تا 2000 ژمارەیەکـی زۆر لە هاووڵاتیان بێ سەروشـوێنن، تا ئێسـتا نزیکەی 1500 کـەس بە فەرمـی دەزگاکانی مافی مرۆڤیان بەسەرکردووەتەوە،لەوانە 300 دۆسـیە لای ئێمە هەن ". ئاربای دەڵێ ژمارەکە لەوەش زیاترە، بەڵام زۆر لەو خێزانانەی کەسێکیان بێ سەروشوێنکراوە لە ترسان نەیانوێراوە لەوبارەوە هیچ دەزگایەکی مافی مـرۆڤ ئاگاداربکەنەوە" بـەڵام دوای بڕیاری دادگای سیلۆپی بۆ هەڵدانەوەی بیرە داپۆشراوەکان، لەو ڕۆژانەی دواییدا 15 کەس بۆ تۆمارکردنـی ناوی کەسـانی بزربوویان سەردانی ئێمەیان کردووە، چاوەڕێ دەکەین ژمارەی ئەو کەسانە زیاتر بێت".

سەردار تانش کە ئەندامێکی HADEP بوو بۆ ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی ئەو پارتە لە سلۆپی کاریدەکرد. لەبەر ئەمەش خرایە ژێر چاودێریەکی وردەوە. ئەو ڕێنوێنییەش لەلایەن فەرماندەی لیوای شـرناخی ئەوکات لەوەند ئەرسـۆز درابوو. دواتر سەردار بانگهێشتی فەرمانداریێتی جەندرمەی سـلۆپی دەکرێت. لـە 2001/1/25 لەگـەڵ یاریدەدەرەکـەی ئەبوبەکر دەنیز دەچنە فەرمانداریێتی جەندرمە و دواتر ناگەڕێنـەوە. خێزانی تانش بەدوای چارەنووسـی کوڕەکەیـان دادەگەڕێـن، لە ئەنجامیشدا ئەنجامێکی سەمەرە بەدەستدێنن. ئەویش ئەوەبوو: سەردار لەلایەن ئەفسەرێک بەناوی (س ج) بردرایە شوێنێکی نادیار.

ئاربـای دەڵێ " زۆربەی ئەو کەسـانەی شـوێنبزرن، ئەوانـەن کـە بانگهێشـتی فەرماندەییەکانی سـەر بە جەندرمە کراون و دواتر شوێنبزرکراون".

باوکی سەردار تانش شوعەیب تانش، بەر لە بێسەروشوێنکردنی کوڕەکەی بەماوەیەکی کورت لەلایەن لەوەند ئەرسۆز بانگ دەکرێت و هەڕەشـەی لێدەکرێت. دواتر ئەو فشـارە دەبێتـە کردەوە. ئەرسـۆز بۆ ئەوەی سـەردار بارەگای HADEP دانەمەزرێنێت باوکی بـە ئەندامبوونی PKK تاوانبـار دەکات و حـەوت ڕۆژ لـە فەرماندەی لیوای شـڕناخ لێکۆڵینـەوەی لەگەڵ دەکات و دواتریـش 52 ڕۆژ لـە زیندانی ماردین زیندانی دەکات. ئەمەش بۆ ڕێگرتن لەهەوڵەکانی سەردار تانش بەس نییە. دواتر ئەرسۆز لەگەڵ شوعەیب تانشی باوکی بەتەلەفۆن قسـە دەکات داوای لێـدەکات کوڕەکـەی بارەگای HADEP لەسـلۆپی نەکاتەوە. لەو بارەوە باوکی تانش دەڵێ" ئەرسۆز نەیدەویسـت سەردار بارەگای HADEP لە سـیلۆپی بکاتەوە، بـۆ ئەمەش پێیگوتم ئەگەر کوڕەکـەت واز لەو کارە نەهێنێت لەناو شـەڕناخ بەداردا هەڵیدەواسـم و دەیکوژم. من شـای ئەو مەملەکەتەم. شوێن و ناونیشـانم دیارە و دەچییە لای کێش سکاڵا دەکەی بچۆ". شوعەیب تانش دەڵێ "وەسیەت بێ بۆ منداڵەکانم واز لە ئەرسۆز نەهێنن، تا بەسزای دەگەیێنین. ئێمە دڵنیاین ئەو لەناو چاڵی بۆتاش دایە".

ڕابیعە تانش دایکی سـەردار، کە هەردوو نەوەکەی بەخێـو دەکات. دەڵێ "بزربوونی شـوێنی تەرمی کوڕەکەم ئـازار و مەینەتی ئێمەی دوو ئەوەندەیتر زیاتر کردووە، ئەگەر تەرمەکە ببینم هەر هیچ نەبێت بێ هیوادەبم لەوەی کـە ڕەنگە لە ژیـان دا مابێ. تەنیا داوایـان لێدەکـەم دان بەکارەکانیان بنێن. ئەوەش بۆمن وەکو دڵدانەوەیە، پێیان ناڵێم ئێوە بکوژی کوڕەکەمن".

ئەرسـۆز، لەهەرێمەکـە تەنیـا بەدوای سیاسـەتمەدارانی کـورددا نەدەگـەڕا، بەڵکـو بەدوای هاووڵاتیان، گوندنشـینان و گوندپارێزان (جاش)یـش دا دەگەڕا و ژیانی تاڵ کردبوون. عوسـمان دەمیر یەکێکە لەو کەسانەی تامی زوڵمی ئەرسۆزی چێشتووە، ئەو کە نیشتەجێی شارۆچکەی کومچاتییە و، لەناو خەڵک بە عوسـمان ئاغا ناوی دەبرێ سەرۆکی جاشـانی ئەو شارۆچکەیە، زۆرجار لەلایەن دەوڵەت سوپاس و پێزانینی بۆ هاتووە بەهۆی "ئازایانە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی پ ک ک"، ئەویش ڕۆژێک دەبێتە قوربانی پیلانگێڕی ئەرسـۆز. ئەرسۆز لەناو زەوی عوسـمان ئاغا چەنـد پارچە چەکێک دەشارێتەوە، دواتریش هەر بەخۆی چەکەکان دێنێتە دەرەوەو عوسـمان ئاغـا بەماددەی حەواندنەوەو یامەتیدانی PKK تاوانبار دەکات. بەڵام لـە ڕۆژی دادگاییکردن ڕاستییەکان ئاشکرا دەکرێن، دوای 4 ڕۆژ لەلێکۆڵینەوە 12 ڕۆژ لە زیندان مانەوە، عوسمان ئاغا لەیەکەم دانیشتنی دادگا بێ تاوان ئازاد دەکرێت. هاشم هاشمی سەرۆکی پێشووی شارەوانی جزیرە کە بەخۆی چاودێری پرۆسەی دادگاییکردنی عوسمان ئاغای کردبوو گوتی " دادوەر دوای بەدواداچوونی دۆسیەکە گوتی پیلانگێڕی بەو ڕادەیەش نابێت".

نیعمەت دەمیر کوڕی عوسمان دەمیر دەڵێ، لەسەردەمی ئەرسۆز زۆر کەسی ناوداری ئەو هەرێمە کوژران. لە وەڵامی پرسـیاری بۆچی کـوژران؟ ناوبراو بێدەنگـی هەڵدەبژێرێت. هەموو خەڵکی هەرێمەکە دەزانێ، ئەرسـۆز چاوی بڕیبووە چەمی زەیتون" ئەو شوێنەی کە عوسـمان ئاغا خاوەنی بوو، ڕووبەرەکەی 500 دۆنمە".

ڕەزگین بیرلیک، سـەرۆکی لقی AKP ی شـڕناخ، کە ئەویش لە ئەنجامی تاوانەکانی بکەر نادیـارەوە، باوکی و دوو لە خاڵەکانی بێ سەرو شوێنن، دەڵێ، شڕناخ و ناوچەکانی سـەرچاوەی داهاتـی ئەرگەنەکـۆن بوو" ئەرگەنەکـۆن بـە ڕێگەی بازرگانـی ماددە بێهۆشکەرەکان و قاچاخچێتی چەک چالاکی دەنواند ".ڕەزگین بیرلیک دەڵێ " ئێمە وەکو بنەماڵە پەیوەندیمان لەگەڵ هیچ ڕێکخراوێک نەبووە، تا ئێستا هۆکاری بێ سەروشوێنکردنی باوکم نازانم، لەو کاتەوە تا ئێستا هەر تەرمێک دۆزرابێتەوە بۆ دەستنیشـانکردنی چووینە، بەڵام هەمووی بێ ئەنجام بووە، 300 ملیۆن لیرەمان لەوە خەرجکردووە، گەیشتووینەتە ئەو باوەڕە کە لاشەکان لە چاڵەکان حەشار دراون". لـەو ڕۆژانـەدا بنەماڵەی بیرلیک بۆ کردنەوەی چاڵەکان سەردانی دادگا دەکەن.

هاشـم هاشـمی، کە ئەوکات سـەرۆکی شـارەوانی جزیـرە بـوو دەڵـێ " منیش ئەوکات وەکو سـەرۆکی شـارەوانی هەستم بـە ئارامی نەدەکرد". ئەو دەڵێ پێویسـتە لەوبارەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئایدن ئەسڵان، مسـتەفا مالای پارێزگاری ئایدن، مسـتەفا ئەرنالبان، مستەفا بویوک پارێزگاری ئەدرنە بکرێ. لەسـاڵی 1990 تـا 2002 ژمارەی کوژراوانـی بکـەر نادیار زۆر زیـادی کرد. بەگوێرەی سەرچاوەکان دەزگای هەواڵگریی سـەربازی JİTEM و دەزگای ئیعترافـکارە خۆبەدەسـتەوەدەرەکانی پ ک ک، هاوکاری ئەرگەنەکۆنیان کردووە.

پارێـزەر نوشـیروان ئەلچی، سـەرۆکی نووسـینگەی پارێزەران لە شـرناخ دەڵێ " ئەرگەنەکۆن شـرناخی کردبووە هەرێمێکی فێربـوون و ڕاهێنان، ئەوانەی دەیکوشـتن لاشـەکانی فڕێدەدانە ناو بیر و چاڵەکانەوە، ئەوە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمەکە دەمێکە باس دەکرێت، لەو بارەوە لێدوانی ئیعتیرافکار عەبدولقادر ئایگانیش هەیە".



منداڵێکی کورد لە خۆنیشاندانێکدا داوای هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکات

## ڕیپۆرتاژ

### کورد لە موسڵ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن



ڕووداو-موسڵ

◆ هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە موسڵ ڕایگەیاند کە تا ئێستا هیچ دانیشتنێکیان لەگەڵ لیستی حەدبا دا نەکردووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی محەلی موسڵ و لیستی حەدبا بەبێ کورد دەتوانێ حکومەتی محەلی موسڵ پێکبهێنێت. ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "لیستی حەدبا چەند مەرجێکی بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا داناوە کە لەگەڵ دەستوور ناگونجێ، بۆیە ڕەنگە کورد ببێتە ئۆپۆزسیۆن،ئەوەش لەوە باشترە کە پۆستێکی لاواز وەربگرین".

# ئەڵمانیا لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ بەغدا هەولێریش دەبینێ





سیروان حەجی بەرکلۆ
sirwan@amude.com

**ڕووداو- بەرلین**

ئەگەر مرۆڤ تەنیا سەیری کارنامەی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بۆ ئەڵمانیا بکات، بایەخپێدانی ئەڵمانیای بەو سەردانە بۆ دەردەکەوێ : لە 24 کاژێردا گرنگترین دەرگاکانی حکوومەتی ئەڵمانیای بۆ کرانەوە . نەک تەنیا ڕاوێژکار ئانگێلا مێرکێل پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، بەڵکو وەزارەتە سەرەکیەکانیش: دەرەوە، ئابووری و نێوخۆ. کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ وەزیری نێوخۆ ڤۆڵگانگ شخێوبلە Wolfgang Schäuble، کە سەرەتا لەنێو کارنامەی سەردانەکەدا نەبوو، دەیسەلمێنێ کە حکوومەتی ئەڵمانیا چەند گرنگی بەمیوانە هاتووەکەی کوردستان دا .

سەرەڕای گرنگی سەردانی بارزانی، بەڵام ئەنجامەکانی بۆ ڕای گشتی ئەڵمانیا لە تاریکدا مانەوە. چونکە لەلایەن ڕاگەیاندنی ئەڵمانیاوە باسی نەکرا. جگە لە دوو لێدوانی فەرمی کورت لەلایەن حکوومەتی ئەڵمانیاوە، لەسەر سەردانی فەرمیی یەکەمین سەرۆکی کوردستان بۆ ئەڵمانیا، هیچ شتێکی دیکە لەبارەیەوە بڵاونەکرایەوە. سەرچاوەکانی حکومەتی ئەڵمانیا لەلێدوانەکانیاندا بۆ (ڕووداو) ئەوەیان بۆ دوو هۆ گەڕاندەوە.

لەلایەکەوە داوای خودی بارزانی بوو کە سەردانەکە لە دەرەوەی ڕاگەیاندن بمێنێتەوە. ئەو لەو ڕۆژانەی لە ئەڵمانیا مایەوە نەیویست هیچ لێدوانێک بۆ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن بدات، هەرچەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمان و کورد داوای هەڤپەیڤینیان لەگەڵ بارزانی کرد، بەڵام داواکانیان بێ وەڵام مانەوە.

هۆکارەکەی دیکەی بێدەنگی ڕاگەیاندن، پەیوەستن بە ڕووداوەکانی بەر لەدوو هەفتە، کاتێک وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا فرانک والتەر شتانمایەر Frank-Walter Steinmeier سەردانی بەغدا و هەولێری کرد. وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لەبەر ئەوەی ئەو سەردانە و ئەنجامەکانی نوێبوون، هیچ زانیاریەکی نوێ نەبوو کە حکوومەتی ئەڵمانی بە ڕای گشتی ئەڵمانیایڕابگەیێنێت.

سەردانی فەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەڵمانیا بەشێکە لە سیاسەتی نوێی حکوومەتی ئەڵمانیای فیدڕاڵ سەبارەت بە عێراق . ئەڵمانیا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی. ئەڵمانیا دەخوازێت پەیوەندییەکانی، بەتایبەتی لەلایەنی ئابووری دا، بەهێز بکات، هەرێمی کوردستانیش لەبەر بارودۆخە تایبەتییە سەقامگیرەکەی ڕۆڵێکی مەزن لەو پەیوەندییانەدا دەگێڕێت. بۆ ئەڵمانیا زۆر گرنگە کە ئەو لەگەڵ هەرێمێک دانوستان دەکات کە ئارامەو ڕەوشی ئەمنی باشە. بەڵام وەک سەرچاوەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرەڕای ئەو گرنگیانەی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەڵمانیا لە دانوستانەکانی خۆیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ستاتوویەکی سەربەخۆ نادات ئەو هەرێمە، بەڵکو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ ئەو هەرێمەدا لە چوارچێوەی عێراق دا دەکات و ئەوە لە دیداری نێوان بارزانی و کاربەدەستانی ئەڵمانیاش دا جەختی لەسەر کرایەوە". هەروەها گوتی "بۆ حکوومەتی ئەڵمانیا زۆر گرنگە کە عێراق وەکو وڵاتێک بتوانێ لەسەر پێیەکانی ڕاوەستێت". وەک ئەو سەرچاوە دەڵێ لەبەر ئەمە ئەڵمانیا دەخوازێ بەتایبەتی لەلایەنی ئابووری و ئاواکردنەوەی عێراق و گەڕانەوەی بۆ ڕەوشێکی ئارام، ڕۆڵێکی گەورە ببینێ.

هەر لەو بوارەشدا داوەتکرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ئابووری فیدرالی ئەڵمانیاوە، ئامانجی سەردانەکە دیاردەکەوێ . لە کۆبوونەوەکانی نێوان بارزانی و کاربەدەستانی باڵای ئەڵمانیادا زیاتر لەسەر دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان گفتوگۆ کرا. کردنەوەی کونسوڵخانەی گشتی ئەڵمانیاش لە هەولێر دەیسەلمێنێ کە ئەڵمانیا لەو لایەنەوە جیدییە. داوەتکردنی بارزانی و کردنەوەی هەموو دەرگا گرنگەکانی حکومەتی ئەڵمانیا لەبەردەمیدا، ئەوانیش ئەوە دەسەلمێنن.

چەندین گفتوگۆی ئابووری لە نێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان خاڵی سەرەکی سەردانی بارزانی بوون، بەڵام لە سەردانەکەدا بابەتی دیکەش باسکران. بۆ ئەڵمانیا ڕەوشی کریستیان و کەمینە ئاینیەکانی دیکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگە. بەگوێرەی سەرچاوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، لە دانوستانەکانی کاربەدەستانی حکوومەتی ئەڵمانیاو بارزانی دا دیاربوو کە ئەڵمانیا لەسیاسەتی کورد لەبواری پاراستنی کەمینەکاندا ڕازییە. ئانگێلا مێرکێل، جەختی لەسەرئەوەکردەوە کە ئەوان بە ئەرێنی دەڕواننە ئەو پێشکەوتنانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان وەدەستهاتوون. هەروەها بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا بۆ (ڕووداو) وەزیری نێوخۆ لەگەڵ بارزانی لەمەر ڕەوشی کوردانی تورکیا، ئێران و سووریاش گفتوگۆی کردووە.

بارزانی لەسەردانەکەیدا بۆ ئەڵمانیا، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا سازکرد. لەو کۆبوونەوەیەدا بارزانی باسی لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کرد، کە بڕیارە لەماوەی داهاتوو لەهەولێر سازبکرێت، گوتی ئامانجی ئەو کۆنفرانسە ئەوەیە" کورد ببنە خاوەن یەک گوتار، ئەویش گوتاری ئاشتی بێ، بۆ ئەوەی هەر کەس لەجێی خۆی بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو ئاشتیانە داوای مافەکانی بکات". حکوومەتی ئەڵمانیاش چاوەڕێی ئەو کۆنفرانسەیە، بەتایبەتی دەخوازێت ببینێ ئایا هەرێمی کوردستان تا چ ڕادەیەک دەتوانێ ڕۆل لەپرسی PKK دا بگێڕێت . پێشوازیکردنی حکوومەتی ئەڵمانیا لەبارزانی و گفتوگۆکردن لەوبارەوە دەیسەلمێنێ کە ئەوان گرنگییەکی گەورە دەدەنە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی پەیوەستن بە کوردەوە.

هەرچەندە سەردانی مەسعود بارزانی بۆ بەرلین کورت بوو، بەڵام بە ئەنجام بوو. ئەو سەردانە دیاریکرد کە حکوومەتی ئەڵمانیا ئیدی دەزانێ ئەگەر بیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بەهێز بکات، پێویستە هەولێری لەبیر بێت . ئەڵمانیا زۆر لەسیاسەتەکانیشی لەوبارەوە لەسەر ئەو سەردانانەی دوایی دادەڕێژێ . بەڵام پێویستە کورد ئەوە باش بزانن کە ئەڵمانیا هیچ کاتێک هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی چوارچێوەی عێراقەوە سەیر ناکات. بارزانی ئەو پەیامەی وەرگرت لەسەر حەقبوو کاتێک بۆ ڕەوەندی کورد گوتی" پێویستە ئێمە وڵاتەکەمان بکەینە نموونە، تا خەڵک بەرگریمان لێبکەن". بۆ ئەڵمانیا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی نموونەییە. بەهێزکردنی ئەو هەرێمە لە دوارۆژدا دەرگای گرنگتر بۆ میللەت و سەرۆکایەتی ئەو هەرێمە دەکاتەوە.

لە سەردانێکی بێدەنگدا لە نێو ڕاگەیاندنی ئەڵمانیادا، هەموو دەرگا گرنگەکانی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ بارزانی کرانەوە (فۆتۆ:AFP)

### کۆرنیلۆس هۆبێرتس، کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر:

# با و تیشکی خۆر ڕۆڵێکی گرنگیان لە داهاتووی کوردستاندا دەبێت

**ڕووداو-هەولێر**

کۆنسوڵخانەی گشتی ئەڵمانیا بەنیازە ڤیزە لە هەولێر بداتە خەڵک و لە داهاتووشدا مامەڵەی بردنی هاوسەر و کەسوکاری ئەو پەنابەرانەی لەئەڵمانیا دەژین لە هەولێر ئەنجامدەدرێ .

کۆنسوڵخانەی گشتی ئەڵمانیا دوای ئەوەی لە 2009/2/18 بە ئامادەبوونی شتاینمایەری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە هەولێر کرایەوە،چەند بەرنامەیەکی لە ژێر دەستدایە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا. یەک لەو بەرنامانەش دەسگرتنی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیایە بۆ ئەوەی لە بواری وزە سوود لە با و تیشکی خۆری کوردستان وەرگرن و ببێتە سەرچاوەیەکی وزە. لەمبارەیەوە کۆرنیلۆس هۆبێرتس، کە ئەندامی دەستەی کاری دیپلۆماسی ئەڵمانیایە و، ئێستا بە وەکالەت کۆنسوڵی گشتییە لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" هەوڵدەدەین کۆمپانیاکانی بواری وەبەرهێنانی وزە بێنینە کوردستان، لەبەرئەوەی با و تیشکی خۆر ڕۆڵێکی گرنگیان لە داهاتووی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت".

کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا بە وەکالەت لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بەشێک لەو بەرنامانەی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند، کەوا بڕیارە لەداهاتوودا ڤیزەی چوونە ئەڵمانیا لە هەولێر بدرێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرا نەکرد کەی دەست بە ڤیزەدانەکە دەکرێ .

لەبارەی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی گشتی ئەڵمانیا لە هەولێر ناوبراو ڕوونیکردەوە" ماوەیەکی زۆربوو باسی ئەوە دەکرا کە نوێنەرایەتییەکی دیپلۆماسی لێرە هەبێت، لە نیوەی دووەمی ساڵی 2006ەوە کۆنسوڵێکی فەخریمان لە هەولێر دانا، لە ئەپریلی 2008ەوە بڕیارماندا کە ئەو کۆنسولە فەخرییە بگۆڕین بۆ نووسینگەیەکی ڕاستەقینەی کارا، بۆیە لە ئەپریلی 2008 بڕیارماندا نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانە بکرێتەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە دیاربوو کە کردنەوەی ئەو نووسینگەیە شتێکی کاتییە و قۆناخێکی ڕاگوزەرە، وەک قۆناخی بونیاتنان بۆ کردنەوەی کۆنسولخانەی گشتی، تا دواجار لە 18ی فێبروەری ئەمساڵ کرایەوە".

کۆرنیلۆس هۆبێرتس کە لە ئاپریلی ساڵی 2008ەوە بەرپرسی نووسینگەی هەولێری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیایەو، لە 18 شوباتی 2009 بووەتە کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا بە وەکالەت لە هەولێر، پێشتریش لە سریلانکا و کۆلۆمبۆ کاری دیپلۆماسی کردووە. ئەو لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بەشی سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئابووری خوێندووە.

بە بڕوای کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا، هەرێمی کوردستان شوێنێکی گرنگە بۆ تەواوی ناوچەکە، پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان بایەخی خۆیان هەیە، سەقامگیربوونی باری ئەمنی لە هەرێمی کوردستان ڕێ خۆ شکە ر بوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتییەکی دیپلۆماسی بکەنەوە، بۆ ئەم لایەنەش گوتی" ئەڵمانیا سێیەم وڵاتە لە کۆی هەموو وڵاتان کە کۆنسولخانەی لێرە کردووەتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەم هەنگاوە لە چوارچێوەیەکی ئەورووپایی سەیر دەکەین، لە نزیکەوە هاوکاری فەرەنسا و بەریتانییەکان دەکەین، ئێمە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەداین لەگەڵ ئەوان پێ بە پێی یەک بڕۆین هەمان سیاسەت بگرینە بەر، هەروەها بەم زووانە فەرەنساش کۆنسولخانەی گشتی دەکاتەوە، هیواداریـن بەریتانیاش هەمان ڕێگە بگرێتە بەر".

لەبارەی سروشتی کارەکانی کۆنسوڵخانەکەیان، کۆرنیلۆس هۆبێرتس گوتی" کارەکانمان لەچوار ئەرکی سەرەکی پێکهاتوون، بەشی یەکەم کولتورییە هەوڵدەدەین پەیوەندی کولتوری لەنێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستاندا چڕتر بکەینەوەو پەرەی پێ بدەین، بواری دووەم لایەنی ئابورییە کە ڕێ بۆ کۆمپانیاکانی ئەڵمانیاخۆش دەکەین بۆ ئەوەی پەیوەندییە ئا بو ر ر ییە کا ن پتەوتربن، ئەرکی سێیەمیش ڕێکخستنی کاروباری ئەو خەڵکە ئەڵمانییەیە، کە لە کوردستان دەژین، ئەرکی چوارەمیش چاودێریکردنی ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانە لەنێوان ئەڵمانیا و هەرێمی کوردستان".

دواتر کۆنسوڵی گشتی هاتە سەر وردکردنەوەی ئەو ئەرکانە، لەبارەی پلانیان بۆ لایەنی کولتوری ڕایگەیاند، کە ئەوان لە هەوڵی ئەوە دان لەبواری کولتوریدا برەو بە زمانی ئەڵمانی بدەن و لە نۆڤێمبەری 2008سەنتەرێکی ڕۆشنبیری بەناوی دیالۆگ کۆرت لە شەقامی گوڵان لە هەولێر لە لایەن ئینستیتوتی گۆتە و کۆمپانیای نێوداری ئەڵمانی MAN کراوەتەوە، بەهاوکاری ئەوان، وانەی ئەڵمانی لەکارە لە پێشەکانی کۆنسوڵخانەیە، بەپێی قسەی ئەو" ئێستا لە 14قوتابخانەی هەولێر زمانی ئەڵمانی دەخوێنرێت، 1600قوتابی فێری زمانی ئەڵمانی دەکرێن، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، وەزیری دەرەوە لەسەردانەکەی بۆ هەولێر دواناوەندی گارەی بەسەرکردەوە، کە زمانی ئەڵمانی لێ دەخوێندرێت". هەروەها ئاماژەی بۆ ژمارەی ئەو مامۆستایانە کرد، کە 16مامۆستان و زمانی ئەڵمانی دەڵێنەوە و لە تۆڕێکدا یەکیان گرتووەتەوە بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانیان بدەن".

کۆنسوڵخانەی ئەڵمانیا پشتیوانی لە قوتابیان دەکات بۆ ئەوەی بچنە زانکۆکانی ئەڵمانیا بخوێنن، بۆ ئەم لایەنەش گوتی"بەرنامەیەکی ئاڵوگۆڕپێکردنی قوتابیان هەیە، لەلایەن دەزگای ئاڵوگۆڕپێکردنی قوتابیانی ئەڵمانی بەڕێوەدەچێت و لەسەر دوو ئاست هاوکاری دەکرێن، قوتابی هەیە کورسییەکی لە ئەڵمانیا بۆ دەردەچێت و لەوێ دەخوێنێت، ئەو بەرنامەیە تایبەتە بە هەموو عێراق، لەم چوارچێوەیەدا قوتابیانی کوردستانیش بەشدارن، بەتایبەتی لە سلێمانی، خەڵکێکی زۆر داوا دەکەن بچنە ئەڵمانیا و لەوێ بخوێنن، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی خوێندن لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێکخراوە، ئەو بەرنامەیەش هەر لەلایەن بەرنامەی ئاڵوگۆڕپێکردنی قوتابیانەوە دادەنرێت، لەسەردانەکەی وەزیری دەرەوە بۆ بەغدا ڕێککەوتنێک لەسەر جێبەجێکردنی ئەو زەمالانە بە هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیا ئیمزا کراوە، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئاڵوگۆڕپێکردنی قوتابیان لەگەڵ شاندەکەی وەزیری دەرەوەدا بوو".

لە کوردستان کەلوپەلێکی زۆری دروستکراوی ئەڵمانیا بەکار دەهێنرێت، ئەم لایەنەش جێی سەرنجی کۆنسوڵخانەی گشتی ئەڵمانیایە، بۆیە ئەوان دەیانەوێت ئەم لایەنەش لە چوارچێوەیەکی ئابووری دروست ڕێکبخەنەوە، لەمبارەیەوەش گوتی" ژمارەیەک کۆمپانیای ناسراوی ئەڵمانی وەک مارسیدیس و ئـێ ئـەی ئێـن لێـرە کەلوپەلەکانیان دەفرۆشرێن و ناوێکی بەرزیان هەیە، هیوادارین کە لەو ڕێگەیەوە بتوانین دەرفەتێکی لەبار بڕەخسێنین کۆمپانیا ئەڵمانییەکان بێنە کوردستان و تەواوی عێراق، چونکە عێراق کێڵگەیەکی بە بایەخ و گرنگە". ئەو ئاماژەی بۆ کوالیتی کەلوپەلە ئەڵمانییەکان کرد و گوتی " بۆ بەکارهێنانی کەلوپەلی ئەڵمانی هاوکێشەیەکی بەرچاو هەیە، ئەویش : کوالیتییەکی باش، بەڵام نرخێکی بەرز. لێرەدا دەبێ کارێکی چڕوپڕ بکەین تا بڕوا بە بەکارهێنەر بێنین کە کەلوپەلێکی باش بکڕن، بەڵام گرانتر، ئەمەش پێویستی بەکاتە بۆ ئەوەی کڕیاری کورد وعێراقی تێبگەن کە شتێکی باش بکڕن".

> **خەڵکێکی زۆر لە سلێمانی داوا دەکەن بچنە ئەڵمانیا و لەوێ بخوێنن**

کۆنسوڵی گشتی ئاماژەی بۆ کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا کرد، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بواری وەدەسهێنانی وزەدا هەیە، چ لە شێوەی کلاسیک و کۆن، یان مۆدێرن و پێشکەوتوو، بۆ ئەم لایەنەش ڕوونیکردەوە" با و تیشکی خۆر لە داهاتووی عێراقدا ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت، کۆمپانیا ئەڵمانییەکانیش لە بواری بەرهەمهێنانی وزە لە کۆمپانیا پێشەنگەکانی جیهانن، لەوانەیە ئاسانکاری بۆ هاتنی ئەو کۆمپانیانە بکەین، لە پیشانگای داهاتووی نێودەوڵەتی هەولێریشدا لایەنێکی تایبەت دەبێ بە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا".

ئەی بۆچی کۆمپانیای ئەڵمانی لەبواری بەرهەمهێنانی نەوت ناهێننە کوردستان؟ لە وەڵامدا کۆنسوڵ گوتی" کەرتی وەبەرهێنانی نەوت کەرتێکی ئاڵۆزە و پێش وەبەرهێنان دەبێ هەلومەرج و بنەمای یاسایی ڕێکبخرێت، نەک لە کوردستان بەڵکو لە تەواوی عێراقدا، کۆمپانیاکانی ئەڵمانیاش دەیانەوێت لەم بوارەدا کار بکەن".

لە بارەی ڕێکخستنی پەیوەندی ئەو ئەڵمانیانەی لە کوردستان دەژین کۆنسوڵی ئەڵمانیا گوتی" ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە ئەڵمانیا دەژین و ژمارەیەکیش کە وڵاتینامە (جنسیە)ی ئەڵمانییان هەیە لێرە دەژین، ئەو کەسانە کە لە ساڵانی سەخت و ناخۆشدا ڕوویان کردووەتە ئەڵمانیا لەوێ نیشتمانێکیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، لەوێ وڵاتینامەی ئەڵمانییان وەدەستهێناوە، بەڵام دواتر گەڕاونەتەوە ئێرە و لێرە جێگیر بوون، دەبینین کە ئەرکی ئێمە لێرە ئەوەیە کاروباری ئەو خەڵکە ڕێکبخەین، چ پاسپۆرتیان پێویست بێت، یان بەڵگەنامەی دیکە".

بۆ ڕێکخستنی مامەڵەی بردنی هاوسەر و کەسوکاریش بۆ ئەڵمانیا، لەلایەن کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیاش گوتی " بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ئەو کارانەش لێرە ئەنجام دەدرێن، ئەمەش دەوەستێتە سەر خێرایی ئامادەکارییەکانمان، بۆیە ناتوانم کاتی دەسپێکردنەکە دیاری بکەم".

دواتر کۆنسوڵی گشتی ئەڵمانیا ئاماژەی بە پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا کردو گوتی" سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە لەسەرتاسەری عێراق، ئەڵمانیا خۆی دەوڵەتێکی فیدراڵە و ئێمە دەزانین کە ئەکتەرەکانی نێو ئەو سیستەمە چەند بایەخی خۆیان هەیە، بایەخی ئەو سیاسەتەش لە سەردانەکەی شتاینمایەر و سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بۆ ئەڵمانیا دەردەکەوێ".

ئەو پتر لە سەر ڕەوشی سیاسی وەستا، کە ژیان و گەشەکردنی ئاشتیانە لە نێو عێراقدا نەک هەر بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ هەموو ئەورووپاش گرنگی خۆی هەیە، ئەڵمانیاش هاوکاری ئەو لایەنانە دەکات، ژیان و گەشەکردنی ئاشتیانە و دیموکراتیانە کات و کاری دەوێت، ئەمەش لە جەماوەرەوە سەرچاوە دەگرێت. لەبارەی پەیوەندی هەرێمی کوردستانیش بە وڵاتانی ناوچەکە ناوبراو گوتی" ئێمە چاودێری دۆخەکە دەکەین، خۆشحاڵین کە ئێستا گفتوگۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەیە".



> **لە داهاتوودا لە هەولێر ڤیزەی ئەڵمانیا دەدەین و مامەڵەی بردنی هاوسەرو کەسوکاریش هەر لێرە ئەنجام دەدەین**

## دۆسیە



**پۆلیسی عێراق میلیشیایە**

ڕووداو- بەریتانیا

◆ ڕۆژنامەی(فاینانشاڵ تایمز)ی بەریتانی لەسەروتاری ڕۆژی 2009/3/4دا نووسیویەتی "هێزی ئەمنیی و پۆلیسی عێراق وەک میلیشـیایەکی گەورەیە". ڕۆژنامەکە دەڵێ"لەنێو سوننەشـدا میلیشـیای خێڵەکی پەیدابوون کە لە شەڕی دژ بە ڕێکخراوی قاعیدەدا، ئەمریکا پشتگیریی کردن"، هەروەها فایناناشاڵ تایمز نووسیویەتی" جیاوازی نێوان کورد و عەرەب لەسەر کەرکووک و دابەشکردنی داهاتی نەوت گەورەیە".

## عومەر میرانی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا:

# PKK کارتێکی کاخەز نییە لەنێو گیرفانی ئێمەدابێت



**ڕووداو–ئیستەنبول**

عومەر میرانی، نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە تورکیا، ڕایگەیاند کە لە ماوەیەکی کورتدا کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی کورد ساز دەکرێت و بابەتی سەرەکی کۆنفرانسەکەش چەکدانانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKKدەبێت، بەڵام PKK بانگهێشتی کۆنفرانسەکە ناکرێت.

عومەر میرانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی TARAFی تورکیدا، لەبارەی چەکدانانی حیزبە کوردییەکان کە لەو کۆنفرانسەدا باسدەکرێ گوتی" ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کوردیدا جگە لە PKK دوو حیزبی دیکەی چەکدار هەن. یەکێکیان باسکی PKKیە لە ئێران پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، ئەویتریشیان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەو دەکرێ، ئەگەر ئەو حیزبانە و PKK چەک دابنێن و بێنە ناو پرۆسەی سیاسییەوە، پێویستە گفتوگۆ لەسەر ئەوەبکرێ، کە دەبێ چ بکرێت".

عومەر میرانی گوتی، بیرۆکەی بەستنی ئەو کۆنفرانسە، لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشنیاز کراوەو ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ لە ماوەیەکی نزیکدا لە هەولێر ببەسترێ. گوتیشی ڕەنگە هەر بارزانی خۆی یان نوێنەرێکی سەرۆکایەتی کۆنفرانسەکە بکات و، دەڵێت "بارزانی نایەوێ چیتر خوێن برژێت، جگە لەوەش بوونی PKK و پژاک لە نێو خاکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا و ئێران تێکدەدات". هەروەها گوتیشی "تورکیا پشتگیری لە بیرۆکەی سازدانی ئەو کۆنفرانسە دەکات". بەڵام لەهەمانکاتیشدا لەبارەی گەشبینی بارزانی لە بەرقەرابوونی ئاشتی گوتی" ئەگەر ئێران و تورکیا پشتگیری لێبکەن بێگومان گەشبینە".

سەبارەت بە بەشداری PKK لەو کۆنفرانسەدا عومەر میرانی گوتی "بانگهێشتی PKK ناکەین،

دەقی هەڤپەیڤینەکە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

بەڵکو پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP بانگهێشت دەکرێ، کە باڵی سیاسی PKK یە و ئێستا 21 نوێنەری لەپەرلەمانی تورکیادا هەیە".

وەک میرانی ئاماژەی پێدا، بابەتی سەرەکی کۆنفرانسەکە چەکدانانی PKK دەبێت، ئینجا ئەگەر PKK بەوە ڕازی نەبێت ئەوا هەر لەو کۆنفرانسەدا میکانیزمێک بۆ هاتنە خوارەوەی PKK لەچیا و بۆ

### بۆ ئەوەی چەک دابنێ هەوڵدەدەین پشتیوانی لۆجستیکی لە PKK ببڕین

کوێ دەچن و چۆن دەژین باسدەکرێ "هەروەها گفتوگۆ لەسەر داواکاریەکانی PKK دەکرێ، تا بزانرێت لەناویاندا کامە داواکاری ئاقڵانەیە و دواتر پێشکێشی وڵاتانی هەرێم دەکرێ".

عومەر میرانی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئایا PKK لەماوەیەکی کورتدا چەک دادەنێ دەڵێ "ئەوە پەیوەستە بەو هەنگاوانەی تورکیا دەیانهاوێژێ"، هەروەها گوتیشی " ئێمە هەوڵدەدەین بۆ چارەسەری ئەو پرسە هاوکاری تورکیا بکەین، بۆ ئەمەش ئەو کۆنفرانسە ساز دەکەین، بۆ ئەوەی چەک دابنێ و هەوڵدەدەین پشتیوانی لۆجستیکی لە PKK ببڕین. سنوورەکان و دەروازەکانی چوون و هاتن دەخەینە ژێر چاودێری، هەروەها ئەو کۆمیتەیەی لە نێوان عێراق، تورکیا و ئەمەریکا دامەزراوە چاودێری سنوورەکان دەکات".

بەپێی زانیارییەکانی عومەر میرانی، نزیکەی 3 هەزار گەریلای PKK لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندان، تورکیا هەمیشە فشار دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان کە دەریان بکات، بەڵام لەرابردوودا ئەوە بەهاوکاری پارتی و یەکێتیش لەگەڵ تورکیا پێکنەهات و نەیانتوانی PKK لەناو ببەن. عومەر میرانی ڕەخنە لەو سیاسەتەی تورکیا دەگرێ کە پێیوایە PKK تەنیا لەنێو هەرێمی کوردستان هەیە و دەتوانرێ بەشەڕ لەنێو ببرێ، ئەو دەڵێت "تورکیا وا دەزانێ PKK کارتێکە لە گیرفانی ئێمەدایە، دەیانەوێ ئەو کارتە لە گیرفانمان دەربێنین و بیدەینە ئەوان. PKK بریتی نییە لە پارچە کاغەزێک. تاوانبارکردنی دەسەڵاتی کوردی شتێکی ناڕەوایە، چونکە PKK تەنیا لەناو خاکی ئێمەدا نییە، لە چیاکانی ناو تورکیاش 1500 چەکداری PKK هەیە".

عومەر میرانی، جگە لە دەرکردنی لێبووردن بۆ ڕێگەدان بەگەڕانەوەی گەریلاکانی PKKبۆ ماڵەوەو تێکەڵبوونی کاری مەدەنی، چارەسەرکردنی ڕەوشی ناخۆشی نزیکەی 10–12 هەزار کەسی پەنابەری باکووری کوردستان لە کەمپی مەخموور بە پێویست دەزانن. بەڵام میرانی لەوبارەوە بێ هیوایە و دەڵێ "" تورکیا ئامادە نییە لێبووردنی گشتی دەربکات، بەڵام بەبێ لێبووردنیش مومکین نییە بتوانێ PKK لە چیا بێنێتە خوارەوە". میرانی دەڵێ هەرێمی کوردستان ئامادەنییە شوێنی مانەوە بداتە ئەو گەریلایانە دوای چەکدانان، بەڵکو دەبێ تورکیا ڕێی گەڕانەوەیەکی بێ گرتنیان بدات. کە ئەو شوێن پێدانەیەکێکە لە داواکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان قبوڵی نەکردووە.

عومەر میرانی لە هەمانکاتیشدا دەڵێ " ئەگەر لێبووردن نەدرێت PKK لەچیاکان نایێتە خوارەوە. ئەوە بڕیاری تورکیایەو، ئێمە بەشێک نین لەشەڕی نێوان تورکیا و PKK. ئێمە هەوڵدەدەین ببینە بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی. ئێمە ناخوازین تورکیا بێتە ناو سنوورەکانمانەوە".

ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێ لە تورکیا، ئەگەر لێبووردن بۆ گەریلاکانیش دەربکرێ، نابێ سەرکردەکانی PKKبەر ئەو لێبوردنە بکەون. ڕۆژنامە تورکییەکە ئەو مژارە لەگەڵ نوێنەری پارتی لە ئەنقەرە دەوروژێنێ و ئەویش دەڵێ، ئەو سەرکردانە" هەرچەند زۆر بن ژمارەیان 200 کەسە، چارەسەرکردنی کێشەی 200 کەس ئاسانە.

### ئێمە ئامادەنین سەرکردەکانی PKK وەربگرین بابچنە ئەمریکا و ئوستralia

لەجیهان، لە ئەوروپا و لەهەرێمەکە دۆست و هاوپەیمانانی تورکیا هەن، ئەو وڵاتانە دەتوانن 200 کەس وەکو پەنابەر وەربگرن".دەڵێ دەکرێ بچنە ئەمریکا و ئوسترالیا.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو)، تورکیا دەیەوێ سەرکردەکانی PKK لە ئەوروپا شوێنیان بۆ نەکرێتەوە، بەڵکو دوورتر ببرێن، بۆ ئەوەی نەکەونە نێو ڕەوەندی فراوانی کورد لە ئەوروپا، کە PKK خاوەن گەورەترین بنکەی جەماوەرییە لەنێویاندا.

موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرکردایەتی PKKلە لێدوانێکی پێشووتریدا لەباری دەرکردنی لێبووردن بۆ گەریلاو چەکدانان گوتی " ئێمە چەتەنین پێویستیمان بە لێبووردن بۆ دەرکردن بێ، ئێمە بۆ ئازادی چەکمان هەڵگرتووە، بە بەدیهاتنی ئەو ئامانجە چەکدادەنێین". PKKلەساڵی 2007 پرۆژەیەکی حەوت خاڵی خستەڕوو کە چەکدانان پەیوەست دەکات بە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵPKK و ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دانی مافی ئۆتۆنۆمی بە باکووری کوردستان. لەهەمانکاتدا جەلیل گادانی یەکێک لەسەرکردەکانی ئەو باڵەی حیزبی دیموکرات کە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ڕێبەرایەتی دەکات، مانگی ڕابردوو لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی دەستبەردان لەچەک پێش بەدیهاتنی ئازادی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆکوشتنە.

تاوەکو ئێستا 13 دەوڵەت کۆنسولخانەیان لەشاری هەولێر کردووەتەوە، بەڵام تورکیا کە کونسولخانەی لە موسڵ کردووەتەوە و بۆ بەسراش خەریکە و، بەرژەوەندییەکی ئابووری زۆری لەگەڵ هەرێمی کوردستانی دراوسێی هەیە، تا ئێستا ئامادەنییە کونسولخانە لە هەولێر بکاتەوە، هەر چەندە ئەو دوو ساڵە جۆرە نەرمییەک لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان بەدیدەکرێ.

میرانی لەبارەی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڵێ "ئێمە خوازیارین تورکیا بەفەرمی دان بەهەرێمی کوردستان دابنێ و کونسولخانەی خۆی لە هەولێر بکاتەوە، هەروەها دەخوازین تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەو کات ئێمە دەبینە دراوسێی ئەوروپا، ئەمەش گۆڕانکاری بەسەر ژیانمان دێنێت".

عومەر میرانی ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان وەکو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنقەرە، بۆ باشترکردنی پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، لە گفتوگۆدان لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا "لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە، هەندێکجار لەگەڵ MİT، هەندێک جاریش لەگەڵ پەرلەمانتاران دادەنیشین. لە ساڵی 2003 بەیەکجار پەیوەندییەکانمان لەگەڵ سوپای تورکیا بڕان. نە بارزانی و نە نوێنەری تورکیا هیچ کەس لەگەڵ سوپا کۆنەبووەتەوە. بەڵام ئێستا سوپا، وەزارەتی دەرەوەو حکوومەت کۆمیتەیەکی هاوبەشیان دروستکردووە. بەشیر ئەتەڵای کراوەتە بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە. موراد ئۆزچەلیک لەسەر ناوی کۆمیتەکە لەگەڵ بارزانی دادەنیشێت".



## جەنگیز چاندار، نووسەری نێوداری تورکیا بۆ (ڕووداو):

# تورکیا ئێستا داوای گۆڕینی دەستووری عێراق ناکات

**ناجی بۆستەنجی لە پلاتفۆرمی ئابانت دەڵێ " لە تورکیا، ئەوکاتەی جەنگیز چاندار قسەدەکات، هەموو ڕادەوەستن و گوێی لێدەگرن". چاندار کە ئێستا ستوون نووس و شرۆڤەکارێکی تورکیایە، لەسەردەمی سەرۆک کۆمارێتی تورگوت ئۆزال دا، ڕاوێژکاری ئەوبوو. ئێستاش پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا هەیە.**

**چاندار دەڵێ، ئەمریکا دەکشێتەوە، ئێران شیعە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، سعودییە و میسریش سوننە، تورکیاش دەبێ کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. بۆیە بەپێی پێویستی نێودەوڵەتیش بێ دەبێ تورکیا و هەرێمی کوردستان پێوەندی ببەستن. 25 ملیار بەرمیل نەوت لەژێرخاکی هەرێمی کوردستاندایە، ئەو بەرهەمانە لەژێر خاکدا لەلاشەی مردووش بێ سوودترن، بۆیەش ئەگەر ئەو نەوتە بە تورکیادا بچێتە دەرەوە بۆ هەردوولا سوودی دەبێت، ئاشتی هەورامی دووساڵ پێش ئێستا پێیگوتم، ئێمە پێویستیمان بەوەیە ئەو نەوتە بۆ دەوڵەمەندی وڵاتەکەمان بەکاربێنین، بۆیەش لەساڵی 2007دا گوتم لەجیاتی سوپا، کۆمپانیای نەوتی میللی بنێرنە هەرێمی کوردستان.**

**جەنگیز چاندار، لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) ئەو بووچوونانەی زیاتر ڕووندەکاتەوە:**

**ڕووداو: کورد و تورک قسە لەسەر چارەسەری دەکەن و دەڵێن چارەسەری نزیکبووەتەوە، شێوازی چارەسەرکردنەکە چۆنە؟**

**چاندار:** دوو ڕێگای جیاواز هەیە، یەکێکیان لەنێوخۆی تورکیایە سەبارەت بە کێشەی نێوخۆیی کورد لە تورکیا، لەو لایەنەوە چەند هەنگاوێکی باش و گرنگ نراون، لەوانە کردنەوەی پەخشی تەلەفزیۆنی کوردی، سەرۆک وەزیران بە قسەکردن بە کوردی ئەو کەناڵەی کردەوە. کردنەوەی ئەو کەناڵە لەلایەن سەرۆک وەزیران، واتە کۆتایی هێنان بەنکۆڵیکردن لەناسنامەی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە. ئەمەش بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ دەژمێردرێت، زۆر هەنگاوی دیکەش هەن کە پێویستە جێبەجێبکرێن، بەڵام ئەمە وەکو ڕێگا گرتنەبەری چارەسەری کێشەی کورد دەژمێردرێت. ڕێگای دووەم کە تورکیا گرتوویەتییەبەر نزیکبوونەوەیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هاتووچوونێکی زۆری لە ژماردن نەهاتوو هەیە، هەرچەندە ئەوانە زۆر لە ڕاگەیاندنەوە دیارنین، بەڵام بە بەردەوامی دانوستان هەیە و کارکردنێکی زۆر بەرفراوان پێکەوە هەیە. هەندێکیتر پەرە بسێنێت یان سەرۆک کۆمار یان وەزیری دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات. لەوانەشە سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی تورکیا بکات. ئەمەش نیشانەی لەیەکترنزیکبوونەوە دەگەیێنێ. جگە لەمانەش نیازی دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە هەیە. ئامادەبوونی 100 ڕووناکبیری بەنێوبانگی تورکیا لە کۆنفرانسی پلاتفۆرمی ئابانت لە هەولێر، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە لەمەوبەر کاری بەم شێوەیە نەکراوە. ئەمەش نیشانەی بەردەوامبوونی ئەو ڕێگایەیە کە گیراوەتەبەر.

**ڕووداو: بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانی هەتە و شارەزای کێشەی کوردی، تەنانەت بە لۆبییەکی کوردیش دادەنرێی لە تورکیا، ئایا بەپێی ئەو زانیاریانەی لای تۆ هەن ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێک سەرۆک کۆماری تورکیا یان سەرۆک وەزیران بێتە هەولێر و بارزانیش سەردانی تورکیا بکات؟**

**چاندار:** سەرۆک کۆمار دێتە عێراق. ئێستا گفتوگۆ لەبارەی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان دەکات. هیچ کۆسپێک لەلایەن تورکیاوە نییە بۆ چوونی بارزانی بەشێوەیەکی فەرمی بۆ تورکیا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕابردووی نزیک هەندێک کێشە هاتنە ئاراوە، تورکیا دەخوازێت بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبێت، ئەوسا ڕێزدار بارزانی بەشێوەیەکی فەرمی پێشوازی بکات. کاتێک ئەو زەمینەیە ئامادەکرا بەفەرمی بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، ئێستاش ناڵێن با نەیێت و ناخوازین سەردانی تورکیا بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەڵێن زۆر باشە ئەگەر سەردانی تورکیا بکات، لەهەمانکاتدا دەڵێن سەرەتا زەمینەی هاتنی ئەو ئامادە دەکەین. واتە بەبەراورد لەگەڵ دوو ساڵی ڕابردوو لەلایەنی دەروونیەوە پێشکەوتنێکی گەورە هاتووەتە ئاراوە.

**ڕووداو: ئایا تا ئێستا پرسی کەرکووک ئاستەنگێکە لەبەردەم پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا یان خەریکە بەرەو چارەسەری دەڕوات؟**

**چاندار:** پرسی کەرکووک پرسێکی ئاڵۆزە، چونکە ئەو کێشەیە لەنێوان کوردانی عێراق و تورکیا نییە، بەڵکو لەنێوان عەرەب و کورد و تورکمانەکانی عێراقە، لەوبوارەدا چارەسەری نەهاتووەتە ئاراوە، نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکا لەنێو ئەو پرسەدان، پێویست ناکات تورکیا قسەی لە بارەی پرسی کەرکووک هەبێت.

### پێویست ناکات تورکیا قسەی لەو بارەی پرسی کەرکووک هەبێت

**ڕووداو: هەندێ کورد کە لە گەیشتنە چارەسەر لەگەڵ بەغدا بێ هیوان، دەڵێن با ویلایەتی موسڵ بخرێتەوە سەر تورکیا وەک چۆن لەسەردەمی عوسمانییەکاندا وابوو، بەتایبەتی کە لەسەردەمی تورگوت ئۆزالیشدا باسێکی وا هەبوو، ئایا ئەو پێشنیازە چەندە واقعییە؟**

**چاندار:** لەو ساتەدا ئەمە پێشنیازێکی واقیعیانە نییە. هیچ بەرنامەیەک لەمێشکی تورکاندا لەبارەی ویلایەتی موسڵ نییە. لە ساڵی 2009دا لکاندنی موسڵ بەتورکیاوە هاوسەنگییە نێوخۆییەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیش سەراوبن دەکات، ئەمە شتێکی لەبارنییە و تورکیا بۆ ئەو کارە ئامادە نییە. سنووری فەرمی با لەسەر نەخشە بمێنێت، بەڵام با بە کردەوەکانمان ئەو سنوورە بێ واتا بکەین. ئەگەر پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان تورکیا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە ئەوکات ئەوە بە کردەوە واتە گەڕانەوەی موسڵ بۆ سەر تورکیا.

**ڕووداو: کاتێک کورد ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە لەگەڵ بەغدا، خۆیان لە تورکیاوە نزیک دەبینن، تورکیا ئەمە بەلاوازی کورد هەڵدەسەنگێنێت یان بەنزیکبوونەوەی کورد لەتورکیا لەقەڵەم دەدات؟**

**چاندار:** وەکو دیاردەیەک هەڵیدەسەنگێنێت، بەڵام ئێستا لە تورکیا لەبواری ستراتیژیدا گۆڕانکارییەکی زۆر ڕشت هەیە، تورکیا کورد لە عێراق بە پێکهاتەی هەرە نزیک لە خۆی دادەنێت، لەجیاتی ئەوەی زیاتر باس لەوە بکەین و بڵێین کورد لە ترسی بەغدا خۆی نزیکی تورکیا دەکات، وا باشە بڵێین بۆ ئەوەی کاریگەری تورکیا لەسەر بەغدا زیاتر ببێت، کورد باشترین پێکهاتەیە بۆ تورکیا لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق: شیعە، عەرەبە سوننەکان و کورد. لەنێو هەر سێکیاندا تورکیا کورد بەنزیکی خۆی دادەنێت. لە ڕابردوودا کورد وەکو سەرئێشە بۆ تورکیا ناودەبران، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە، تورکیا کورد وەک هاوپەیمان دەبینێت، یان ڕاستترە بڵێین لەهەوڵی ئەوەدایە کورد وەکو هاوپەیمان ببینێت، ئەمەش بە گۆڕانکارییەکی ستراتیژی ناو دەبرێت.

### بۆ ئەوەی کاریگەری تورکیا لەسەر بەغدا زیاتر ببێت، کورد باشترین پێکهاتەی عێراقە بۆ تورکیا

**ڕووداو: ئەحمەد داود ئۆغلۆ چەند جارێک ڕایگەیاندووە کە پێویستە دەستووری عێراق بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرێم کەمبکرێتەوەو دەسەڵاتی ناوەند زیاتر ببێت، ئایا تورکیا ئێستاش پێداگیرە لەسەر گۆڕینی دەستووری عێراق؟**

**چاندار:** ئەمە لە ڕابردوو بوو، ئێستا ئەو هەڵوێستە نەماوە، چونکە ستراتیژی نوێ پیادەکراوە، جگە لەمەش ئەحمەد داود ئۆغلۆ بەتەنیا سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دانارێژێت.

**ڕووداو: ئایا PKK تا ئێستا کۆسپە لەبەردەم پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان، یان ئاستی پێشکەوتنی پەیوەندییەکان کۆسپ بوونی PKK ی تێپەڕاندووە؟**

**چاندار:** بەڵێ PKK ئاستەنگە، ئەگەر PKK لێرە نەبێت ئەو کێشانە نابن.

**ڕووداو: بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەڵێن لە گفتوگۆکانی نێوان تورکیاوهەرێمی کوردستاندا، باسی مەسەلەی گەورە هەیە، بۆیەش PKK خاڵێکی سەرەکی ئەو گفتوگۆیانە نییە، ڕاستە؟**

**چاندار:** لە ڕابردوودا لەبەر پرسی PKK دیالۆگ نەبوو، ئێستا هەبوونی PKK نابێتە کۆسپ بۆ نزیکبوونەوە و لەیەک تێگەیشتنی هەردوولا، بەڵام ئەگەر PKK لێرە نەمێنێت یەکێتی لەنێوان هەردوولادا دێتە کایەوە. لەو بارەوە تا ئێستا PKK کۆسپە، بەڵام لەمەولا لەبەردەم دانوستان و نزیکبوونەوە نابێتە کۆسپ.

## ته‌ندروستی

لەسلێمانی 100 هەزار کەس یەک نەخۆشخانەیان بەردەکەوێت



رووداو - سلێمانی

◆ دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند شاری سلێمانی لەبواری تەندروستی زۆر لە خوار ستاندارتی تەندروستی جیهانیدایە، بە جۆرێک 100 هەزار کەس نەخۆشخانەیەکیان بەردەکەوێت و بە 560 کەسیش قەرەوێڵەیەکیان بەردەکەوێ. بەڵام رایگەیاند "ئەمساڵ 12 نەخۆشخانەو سەنتەری پزیشکی لەشاری سلێمانی دەکرێنەوە، کەگرنگترینیان بریتین لەنەخۆشخانەیەکی 400 قەرەوێڵەیی، فریاکەوتن، ژنان و منداڵ بوون، شکان، سووتاوی، نەشتەرگەی دڵ، چاندنی مۆخی ئێسقان و کۆئەندامی هەناسە".

د .زریان عوسمان، وەزیری تـەندروستی:

# تەمەننا دەکەم دەرم بکەن و منەتم بەم کورسی و پۆستە نییە

شیرنەدان و رێگرتن لەمنداڵبوون هۆی زۆر تووشبوونی ژنانی کوردستانە بە شێرپەنجەی مەمک



پشکنینی خوێن بۆ ئایدز پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بەڵام لە عێراق یاساییە و سوودیشی هەبووە

**لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)، وەزیری تەندروستی هیوا دەخوازێ کە دەربکرێ. دکتۆر زریان کە بە وەزیرێکی ئیشکەر ناسراوە، دەڵێ تاقەتی نەماوەو هیچ داهاتێکی ئەوتۆشی لە وەزیرێتییەکەی دەستنەکەوتووەو ئەوەی هەیشیبووە لەکاتی وەزیرێتییەکەیدا لە ماڵ و خوێندنی منداڵەکانی لە لەندەن خەرجیکردووە. لەو هەڤپەیڤینەدا، وەزیری تەندروستی جگە لەوە، باسی نووشتەکاری، ئایدز و شێرپەنجە لە کوردستان دەکات:**

**سازدانی: عەلی حەمە ساڵح**

### رێ لە نووشتەکاری نەگیرا

**رووداو: حاڵی نوشتەکاری و شێخی چارەسەرکار لە کوردستان چۆنە، لەزیادبوون دان یان کەمبوون؟**

**د.زریان:** بڕوا ناکەم زۆربن، چەند شوێنێکن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، ساڵی رابردوو لەهەولێر کە ژمارەی دانیشتوانی ملیۆنێکە،2 ملیۆن و 300هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە. ئەمە دیاردەیەکە چەندین ساڵە هەبووە، کۆمەڵگە پێشکەوتووە، کە هۆشیاری تەندروستی زیاتربوو و خزمەتگوزاری تەندروستیش باش بوو، خەڵک بڕوای بەو شتانە نامێنێت. لەدونیادا چارەسەرکردن چەند جۆرێکە، جۆرێکیان زانستی پزیشکی نوێیە ئەوەی ئێمە پێیەوە پابەندین، کە نەخۆش بە نەشتەرگەری یان دەرمان چارەسەر دەکەین، چارەسەر هەیە لە رێگەی گژ وگیاوە کە ئێستا لە زۆر وڵاتی جیهاندا هەیە، جۆرێکیتر لەچارەسەر پێیدەڵێن شەعوەزە کە تەڵەکەبازی و دەجەل بەکاردەهێنن، ئەوەش ئەوەیە کە زانست قبوڵی ناکات. ناڵێین ئەو زانستەی ئێمە هەموو شتێک دەزانێت، زانستی نوێی پزیشکی نەیتوانیوە هەموو گرفتەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات، بۆیە خەڵک ناچاربووە پەنا بۆ شتی دیکە ببات، زۆرجار لە رووی دەروونییەوە خەڵک پەنادەباتە بەر ئایین بۆ ئەوەی ئەگەر هیچ نەبێت لە رووی دەروونییەوە

## نەخۆشخانەی PAR تەنیا زەوییەکەی هی کاک کۆسرەتە

ئاسودە بن. ئەوەی ئێمە هەرگیز لەگەڵی نین، شەعوەزەیە کەخەڵکی پێ فریو دەدرێ و دەروتێنرێتەوەو هەم ئاینیشی پێ سووک دەکرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشەکە نەچێتە لای دکتۆر. هیچ ئیسپاتێک نییە لەڕووی زانستییەوە کە بڵێ ئەو کەسانە جگە لە فریودان هیچ سودێکیان پێدەگات.

**رووداو: هەندێک لەوانە وەک مەلاعەلی کەڵەک، دەڵێن ئێمە شێرپەنجە و ئایدزیش چاک دەکەینەوە، رای ئێوە چییە؟**

**د.زریان:** هەموو زانستی نوێی جیهان شێرپەنجەو ئایدزی پێ چاک ناکرێتەوە، تێناگەم چۆن ئەو پێی چاکدەکرێتەوە، جگە لە ئاینی ئیسلام، لە ئاینەکانی دیکەی وەک مەسیحی و بودایشدا هەن دەڵێن ئێمە ئەو نەخۆشیانە چارەسەر دەکەین.

**رووداو: مەلا عەلی کەڵەک، دەڵێ 13 هەزار شێرپەنجەو سەدان حاڵەتی ئایدزم چاککردووەتەوە، ئەگەر وابێت ژیانی تەندروستی لەکوردستاندا مەترسیدارە؟**

**د.زریان:** ئەگەر وابێت ئێمە هەموو نەخۆشخانەکانمان دادەخەین و با خەڵک بچێتە لای ئەوان بۆ ئەوەی شێرپەنجە چارەسەر بکەن. خۆزگە وادەبوو، بەڵام بڕوام پێی نییە.

**رووداو: کەسانی وا تاچەند باری تەندروستی کوردستانیان تێکداوە؟**

**د.زریان:** بڕواناکەم کاریگەریەکی گەورەیان هەبێت.

**رووداو: کە ئەوانە وا سەر لە خەڵک دەشێوێنن حکومەت بۆچی رێیان پێدەدات؟**

**د.زریان:** داوامان لە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و پارێزگاکان کرد کە رێ بەو جۆرە شوێنانە نەدەن، چونکە ئەوە فریودانی خەڵکە.

**رووداو: ساڵی رابردوو بڕیارێکت دەرکرد بۆ گرتنی ئەو مەلا و نوشتەکارانە، بەڵام جێبەجێنەکرا بۆچی ؟**

**د.زریان:** نەخێر جێبەجێنەکرا، ئەو پرسیارە لەوان بکەن.

**رووداو: مەلا عەلی کەڵەک لەو ماوەیەدا لە رۆژنامەیەکدا وەک تەحەدایەک بۆ تۆ داوایکردبوو کە تۆ وەک وەزیری تەندروستی نەخۆشخانەیەکی بۆبکەیتەوە، رای تۆ چییە؟**

**د.زریان:** ئێمە تەنیا نەخۆشخانە بۆ پزیشک و کادیری تەندروستی دەکەینەوە، ناتوانین هانی ئەو جۆرە دیاردەیە بدەین، بەپێچەوانەوە ئەو دیاردەیە بە ناتەندروست دەزانین، ئیتر چۆن بچین نەخۆشخانەی بۆ بکەینەوە.

**رووداو: بەڕای تۆ ئەو چۆن دەتوانێ وا تەحەدات بکات، خەڵکی لە پشتە یان هێزێکی تایبەت؟**

**د.زریان:** نا بڕواناکەم، لەدواکەوتووی کۆمەڵگەوەیە .لەوبڕوایەدام بە پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەو دیاردەیە نامێنێت.

### کوردیش ئایدزی گرت

**رووداو: باسکردنی نەخۆشی ئایدز لە کوردستان زیاد بووە بۆچی؟**

**د.زریان:** ئەوە بەڵگەی دروستبوونی هۆشیاری تەندروستییە، خۆشحاڵم کە ئەو وشیارییە نەک تەنیا بۆ ئایدز بەڵکو بۆ نەخۆشییەکانی دیکەش پەیدابووە. پێشتر لە کوردستان بەدەگمەن باسی تەندروستی هەبوو. ئێستا ئەگەر هیچمان نەکردبێت ناوی تەندروستیمان بەرەو پێش بردووەو لەسەر زمانی هەموو

## بۆ دووەم جار دەست لەکارکێشانەوەم داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەنجومەنی وەزیران

هاووڵاتییەکە. هەموو هاووڵاتیان باسی خواردنی ئێکسپایەر، دەرمانی چاک و خراپ، نەخۆشی شێرپەنجەو ئایدز دەکەن، ئێمەش بەمەبەست ئەو شتانەمان دایە خەڵک بۆ ئەوەی خەڵک بزانێت نەخۆشییەک هەیەو خۆی لێ بپارێزێت.

**رووداو: ئەگەر بەڕاشکاوی وەڵاممان بدەیەوە، خەڵک هەیە دانیشتووی کوردستان بێ و ڤایرۆسی HIV'3ی نەخۆشی ئایدزی لەلا دۆزرابێتەوە؟**

**د.زریان:** دوو حاڵەتمان هەیە.

**رووداو: کوردن؟**

**د.زریان:** بەڵێ، لە رێگەی خوێنەوە تووش بوون، بەڵام ناتوانم باسی وردەکاری دیکە بکەم. ئیجرائاتی پێویستمان بۆ پاراستی دەووروبەرەکەیان کردووە.

**رووداو: دەگوترێت لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا 51 کەس لەکوردستاندا تووشی ئەم نەخۆشییە بوون، راستە؟**

**د.زریان:** زیاتریشە، هەموو مانگێگ کەسێک یان دووانی نوێ دیاری دەکرێن، بەڵام هەموو ئەوانە خەڵکی بیانین جگە لەو دووکەسە.

**رووداو: ئەو پشکنینانەی لە دەروازە سنورییەکان و فڕۆکەخانەکان دەکرێن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییە چۆنن؟**

**د.زریان:** هەرکەسێک کە دێتە هەرێمی کوردستان تەنیا ئیقامەی 9 رۆژ وەردەگرێت، لە رۆژی 10 یەمدا دەبێت بچێت پشکنینی ئایدز بکات. تاقیگەکانمان لەو کارەدا 100% سەرکەوتووبوونە. بەڵگەشمان ئەوەیە هیچ مانگێک نییە حاڵەتێکی نوێ نەدۆزینەوە. هەرکەسێکی بیانی کە ئەو نەخۆشییەی تێدا بدۆزرێتەوە یەکسەر رەوانەی وڵاتی خۆی دەکرێتەوە. بەڵام مەترسیمان لەو خەڵکانە هەیە کە لە خوارووی عێراقەوە دێنە هەرێمی کوردستان، چونکە هیچ یاسایەک نییە ناچاریان بکات پشکنین بکەن. هەروەها رەنگە هەندێ خەڵک بە قاچاخ بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەت رەنگە وەستا و کرێکاری ئێرانی هەبن بە قاچاخ هاتبن لێرە کاربکەن و چەند شتێکیان وەک مادە بێهۆشکەرەکان لەگەڵ خۆیان هێنابێ کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن، بەڵام لەبەرئەوەی بەقاچاخ دێن دەستمان ناکەون و ئەوە کاری ئاسایشە دوایان بکەوێت. گوێمان لە بڕیارێک بوو کە جێگەی مەترسییە، بەوەی کە ئیتر هاووڵاتیانی ئێرانی بەبێ ڤیزە بێن، ئەگەر ئەو بڕیارە سەربگرێت مانای وایە ئەو خەڵکانە ئەو پشکنینەیان بۆ ناکرێت .

**رووداو: پشکینن بۆ هەموو کەسێک دەکرێت؟**

**د.زریان:** هەرکەسێک لە دەرەوە بێتە کوردستان، بەکوردانی تاراوگەنشینیشەوە، هەرکەسێک زیاتر لە 9 رۆژ بمێنێتەوە ئەو پشکنینەیان بۆ دەکرێت.

**رووداو: رۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی کە سێ ساڵە لە کوردستان دەژی و ناوی (یودیت نۆرینگ)ە وتارێکی رەخنەیی لەسەر ئەو پشکنینی خوێنە نووسیوەو داوا دەکات نەمێنێ، رای تۆ چییە؟**

**د.زریان:** بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ، ناتوانی هیچ کەسێک ناچار بکەی هیچ پشکنینێک بکات. لە ئەوروپا بمێنییەوە یان ببیە هاووڵاتی ئەو وڵاتە رۆژێک ناچارت ناکەن پکشنینی ئایدز بکەی، ئەوە پشکنینێکی ئارەزوومەندانەیە، ئەگەر بتەوێت پشکنینی ئایدز بکەی، دەبێت لەسەر کاغەزێک بنووسیت رازیم پشکنینی ئایدزم بۆ بکرێت، چونکە دۆزینەوەی ئایدز کار لەژیانی کەسەکە دەکات، بەڵام ئێمە یاسایەکی عێراقی جێبەجێدەکەین کە

خەڵک ناچاری ئەو پشکنینە دەکات.

**رووداو: یودیت دەڵێ ئەوە پێشێلکارییە و دەبێ رابگیرێ، تۆ وەک کەسێکی ژیاو لەدەرەوە ئەوە بە پێشێلکاری دانانێی؟**

**د.زریان:** بەڵێ ئەوە پێشێلکاری مافی مرۆڤە، بەڵام ئێمە بەپێی یاسا ناچارین بیکەین و سوودیشی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام یەکێتی ئەوروپا

## ئەو پارەیەی هەشم بوو لەماوەی وەزیرایەتیدا خەرجم کرد

بەپێشێلکاری دادەنێت و نایکات.

**رووداو: دەگوترێ ئایدز زیاتر لە نێربازییەوە پەیدادەبێ، راستە؟**

**د.زریان:** بەڵێ راستە، بەڵام لەنێرەوە بۆ مێش دروستدەبێت، زۆرجاریش لە رێگەی خوێن و دەرزی پیس و لەدایکەوە بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە.

### شێرپەنجەی سپییەکان و مەمک کوردستانیان دەکوژێت

**رووداو: رێژەی تووشبووانی شێرپەنجە لەکوردستاندا چۆنە؟**

**د.زریان:** شێرپەنجە لەکوردستاندا رووی لە زیادبوونە بەهۆی پیسبوونی ژینگەو جگەرەکێشانەوە. خواردنی کوردستان جاران خواردنێکی سروشتی بوو، بەڵام ئێستا خەڵک زۆر خواردنی قوتوو دەخوات، زۆربوونی ئەو هەموو ئۆتۆمبێل و دووکەڵی پیسیان، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و چەکەکانی دیکە لەساڵانی رابردوودا. بەڵام ژمارەی حاڵەتەکانی شێرپەنجە دیارن، چونکە دوو نەخۆشخانەی گەورەی شیرپەنجەمان لەسلێمانی و هەولێر هەیە و لەوێ تۆمار دەکرێن .

**رووداو: رێژەی مردن بەم نەخۆشییە چەندە لە کوردستان؟**

**د.زریان:** لەنێوان 11% بۆ 14% خەڵکی کوردستان بە شێرپەنجە دەمرن، بەڵام ئەو ئامارانە زۆر تەواو نین.

**رووداو: ئەم رێژەی مردنە بە نەخۆشی شێرپەنجە بە بەراورد لەگەڵ رێژەی ئەو نەخۆشییە لە جیهان چۆنە؟**

**د.زریان:** لەدونیادا نزیکەی 13%ی خەڵک بەو نەخۆشییە دەمرێ.

**رووداو: چ جۆرە نەخۆشییەکی شێرپەنجە لە کوردستاندا زۆرە؟**

**د.زریان:** لەپیاواندا شێرپەنجەی سی پەلاک و، لەژنانیشدا شێرپەنجەی مەمەک.

**رووداو: بۆچی؟**

**رووداو:** لەپیاواندا بەهۆی جگەرە کێشانەوە، لە ژنانیشدا بەهۆی شیرنەدانی سروشتی بە منداڵ، چونکە سەلمێندراوە ئەگەر دایک لە شەش مانگی یەکەمدا شیری سروشتی بداتە منداڵ تووشی شێرپەنجەی مەمک نابێت، هەروەها شوکردنی درەنگ لەپاش سی ساڵییەوە، رێگریکردن لەمنداڵ بوون، هۆی دروستبوونی شێرپەنجەی مەمکن. جاران ئافرەت منداڵی زۆر دەبوو بۆیە کەمتر تووشی ئەم نەخۆشییە دەبوو، بەڵام ئێستا

سنوورەکان و ناوبازاڕ کۆنترۆڵکراون، بەهەزاران تەن خواردن سوتێنراوەو کۆنترۆڵی جۆری دەستبەکاربووەو، هاووڵاتیانیش هۆشیاریان زیاتر دەبێت و مێژووی بەسەرچوون دەخوێننەوە.

### کۆمپانیا داخران

**رووداو: ساڵی رابردوو 25 کۆمپانیای هێنانی دەرمان هەبوو، بەڵام دەگوترێت ئێستا تەنیا 9 کۆمپانیان، داتانخستن؟**

**د.زریان:** ئەوانەمان داخستن کە مەرجی پێویستیان تێدا نەبوو، هەندێک رێنمایی قورسمان دانان، بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا کۆنەکان داخران و کۆمپانیای نوێ کراونەتەوە.

**رووداو: هەندێ دەرمانخانە هەندێ جۆری دەرمان بە نرخێکی گران دەفرۆشن دەڵێن ئەوە جۆرە باشەکەیە، کە وایە بۆچی رێ دەدەن دەرمانی خراپ بێتە بازاڕ؟**

**د.زریان:** خراپ مانای ئەوە نییە هیچی تێدانییە، وڵاتی هیند دەرمان بەهەرزان دروست دەکات، ناردوومانە بۆ پشکنینیش دەرمانی باش دەرچووەو لەرووی نرخەوە هەرزانترە.

### نەخۆشخانەی PAR بەکۆمەک دەکرێت

**رووداو: پرۆژەی نەخۆشخانەی PAR، کەوەک پرۆژەیەکی رێباز فاوندەیشەن کرایەوە و تۆ سەرپەرشتی دەکەی، سەرچاوەی دارایی ئەو پرۆژەیە چییە؟**

**د.زریان:** بەشانازییەوە ئەومتمانە درایە من ئەو پرۆژەیە بکەم، بۆیە وەرمگرتووە،

## بەرپرسی زۆر گەورە واسیتەی بۆناردووم

پۆستم وەزیری تەندروستییەو دیارە ئەو برادەرانە متمانەیان بەمن کردووە، ئەوە جێگەی شانازییەو ئەمە خزمەتێکە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**رووداو: کێ بودجەکەی دەدات؟**

**د.زریان:** زەوییەکەی هی کاک کۆسرەتە کە 11 هەزار مەتر چوارگۆشەیە، بودجەکەش کاک کۆسرەت بەهەوڵی خۆی داوایکردووە کە تەبەروع بکرێت لە حیزبەکان و کەسایەتییەکان.

کۆمەڵێک کەسایەتی کورد و عێراقی پارەیان بەخشیووەو حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێتەوەو بە رێگەی لیژنەیەک لەو نەخۆشخانەیە خەرجدەکرێت و راپۆرتی خەرجکردنی پارەکانیش هەمووی دەدرێتە ئەنجوومەنی وەزیران و مەکتەبی سیاسی یەکێتی. تائێستا هیچ پارەیەک خەرج نەکراوەو لە قۆناخی تەندەردایە. ئێمە کاک کۆسرەتمان هاندا ئەو زەویە ببەخشێتە ئەو نەخۆشخانەیە، کە ئەو دەیتوانی ماڵێکی بۆخۆی لەسەر دروستبکات .

**رووداو: تێچوونی ئەم پرۆژەیە چەندە؟**

**د.زریان:** وەک بینا 10 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، جیهازەکانیش بەنیازین لەوەفد و کۆمپانیاکان داوا بکەین، چونکە پرۆژەیەکی خێرخوازییە.

### ماڵ و منداڵ بە مووچەی وەزیرایەتی بەخێو ناکرێت

**رووداو: ساڵی رابردوو داوای دەست لەکارکێشانەوەت دایە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بەڵام تا ئێستا قبول نەکراوە، ئێستاش هەر سووری لەسەر ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە؟**

**د.زریان:** بەڵێ سوورم لەسەر ئەوە.

**رووداو: واتە بۆ کابینەی ئایندە داواشت لێبکرێت نابییە وەزیر؟**

**د.زریان:** هەرگۆڕانکارییەک لەم کابینەدا

## مانگ نییە حاڵەتێکی ئایدز دەستنیشان نەکرێت

بکرێت، دەبێت لەکابینەی داهاتوودا نەبم، دووبارە نووسراوم بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەنجوومەنی وەزیران نووسیوە بۆ دەست لەکارکێشانەوە .

**رووداو: هۆی چییە سووری لەسەر دەست لەکارکێشانەوە؟**

**د.زریان:** حەزم لەکارەکە نەماوە، توانام نەماوە، بەو وەزعە ناتوانم کار بکەم، باکەسێکی دیکە بێتە شوێنی من.

**رووداو: ماندوویان کردووی یان ماندوویووی؟**

**د.زریان:** هەردووکیەتی، زۆر ماندووبوم وقوربانی زۆرمداوە، خێزانم بەجێهێشتووە، لەرووی داراییشەوە داهاتێکی ئەوتۆم نەبووە لەماوەی وەزیرایەتیدا . لەو چەند ساڵەی کە وەزیر بووم ئەوەی هەیشم بوو خەرجم کرد. سێ ساڵ خێزان لە لەندەن بژێنی و منداڵت لە کولێژ بن ئاسان نییە. لەلایەکی دیکەوە هەستدەکەم ئەو کارەی بەمن دەکرێت بەهەموو دکتۆرێکی ئەم وڵاتە دەکرێت و شتێکی تایبەت نییە کە من بتوانم بیکەم، چونکە دەسەڵاتەکان ئەوەندە سنووردارن و شتەکان ئەوەندە رێگرییان لەپێشە تاقەتی هیچت نامێنێ.

**رووداو: دەستتێوەردان لەکارەکانت ماندووی کردووی؟**

**د.زریان:** منەتم بە دەستتێوەردانی کەس نییەو، لە کەسیشی قبوڵ ناکەم، زۆرجار واستەی گەورەترین لێپرسراوانم رەتکردووەتەوە، تەمەننا دەکەم دەرم بکەن و منەتم بەم کورسی و پۆستە نییە.

## عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت:

# سلێمانی لەرووی خزمەتگوزارییەوە یەکەمین شاری عێراقە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو — سلێمانی**

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە سلێمانی لە رووی خزمەتگوزارییەوە پشتگوێ خرابێت، راشیگەیاند کە بیرۆکەیەک هەیە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی حکومەت و سەرجەم وەزیرەکان ماوەیەک لەهەولێر دەوام بکەن و ماوەیەکیش لەسلێمانی، بەشێوەیەکی بەردەوامیش سەردانی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، گوتیشی "چاوەڕوانی گەڕانەوەی کاک نێچیرڤان دەکەین بۆ ئەوەی لەوبارەوە هەماهەنگییەک بکەین".

عیماد ئەحمەد، کە لە رۆژی 25ی مانگی رابردوودا وەک جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکرا لەلایەن مەکتەبی سیاسی یەکێتییەوە، گوتی ئێستا " وەکو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەوەکالەت دەست بەکاربوومەو لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە فەرمانی دەست بەکاربوونم دەرچووەو لەلایەن کاک نێچیرڤانیشەوە دەسەڵاتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانم پێدراوە". هەروەها گوتیشی پێش ئەوەی ناوی بۆ ئەو پۆستە رابگەیێندرێ پەیوەندی بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتەوە کرا.

عیماد ئەحمەد ڕەتیکردەوە، ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا وەزیرەکان لە سلێمانی و هەولێر دەوام بکەن ئەوە تەنیا وەزیرەکانی پشکی یەکێتی بگرێتەوە لەحکومەتداو گوتی "ئەگەر ئەوە بوو بە بڕیار، دەبێت هەموو وەزیرەکانی کابینەکە بگرێتەوەو دەبێت سەردانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بکەن و بگەڕێن، نامانەوێ وەزیرەکان جیابکەینەوە، چونکە هەمووی کابینەی حکومەتە". جێگری سەرۆکی حکومەت هەروەها رایگەیاند کە دەیانەوێ کەمترین دەسەڵات لای خۆیان بهێڵنەوەو دەسەڵاتەکان بۆ خوارەوە شۆڕبکەنەوە.

دوای راگەیاندنی گۆڕانکارییەکان لە پشکی یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا لە 2009/2/25دا کە عیماد ئەحمەد خرایە شوێنی عومەر فەتاح، د.بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی گوتی پێشنیازمان کردووە، وەزیرەکان هەموو هەفتەیەک سێ رۆژ لەهەولێر و سێ رۆژ لەسلێمانی دەوام بکەن. بەڵام عیماد ئەحمەد ئەوەی ڕەتکردەوە کە بڕیار درابێت کابینەی حکومەت سێ رۆژ لەسلێمانی دەوام بکات و سێ رۆژ لەهەولێر و گوتی "شتەکە بەوجۆرە نییە، چاوەڕوانی کاک نێچیرڤان دەکەین و ئەو پێشنیازە دەخەینە بەردەمی، ئەوکات کاک نێچیرڤانیش دێتە سلێمانی و ئێمەش دەچینە دهۆک، خۆ ئێمە ناوچەکان دابەش ناکەین".

## دوای گەڕانەوەی نێچیرڤان بارزانی باس لە دەوام کردنی وەزیرەکان لە سلێمانی دەکەین

عیماد ئەحمەد پێیوانییە ئەوە گەڕانەوە بێت بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی و گوتی "ئێمە قەت لەگەڵ دووحکومەتی و دابەشکردنی ئیدارەدا نین و ناشمانەوێ وەک دوو حکومەت تەعامول بکەین، چونکە ئەوە بەڕاست نازانین، تەنیا دەمانەوێ جموجوڵ و سەردانی حکومەت باشتر بکەین و سەردانی قەزاو ناحیەکانیش بکەین، نەک حکومەت بکەینە دوو کابینە".

لەکاتێکدا زۆر لە خەڵکی سلێمانی و لایەنگرانی یەکێتی گلەیی ئەوە دەکەن کە سلێمانی لە رووی کارو خزمەتگوزارییەوە پشتگوێ خراوەو جێگری تازەی سەرۆکی حکومەت پێویستە گرنگییەکی زیاتر بەسلێمانی بدات، عیماد ئەحمەد رایگەیاند کە پێشتریش بایەخ بەسلێمانی دراوەو درێغی لێ نەکراوە. لەوبارەوە گوتی "قەناعەتم وایە کە حکومەت هیچ درێغی لە سلێمانی نەکردووەو بایەخی زۆریشی پێداوە، ئێستا راپۆرتێکی درێژ هەیە کە لەسەر ئاستی عێراق ئامادەکراوەو دەردەکەوێت کە سلێمانی لەزۆر بوارو زۆرلایەنەوە لەپێشەوەی هەموو پارێزگاکانی عێراقەوەیە و یەکەمین شارە لە رووی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانەوە".

سەبارەت بە هیواخوازی خەڵکی سلێمانیش کە ببێتە جێی رەزامەندی ئەوان بەخزمەتکردنی شارەکەیان، عیماد ئەحمەد کە خەڵکی خانەقینە گوتی "هیوادارم ببمە جێگەی متمانەی خەڵکی هەموو کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی سلێمانی".

عیماد ئەحمەد ئەوەشی راگەیاند کە لەماوەی کارکردنیدا هەوڵدەدات هیچ دەستتێوەردانێکی حیزبی لەکاری حکومەتدا نەکرێت و گوتیشی "جیاکردنەوەی حیزب لەحکومەت بڕیاری بەڕێز مام جەلال و کاک مەسعودەو دەبێت وەزیر تەنیا کاری وەزارەت بکات". لەبارەی پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزبیش لەحکومەت رایگەیاند کە هێشتا لەسەرەتایدایە، "بەڵام وەکو ئیشکردن و جێبەجێکردن کاری لەسەر دەکرێت و لەداهاتوودا دەردەکەوێت".



## د.سالار باسیرە، مامۆستای زانکۆ:

# لەوانەیە پارتی دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکێتیدا بکات

**ئازیز مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

د.سالار باسیرە، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، شیکردنەوەکانی خۆی لەبارەی دۆخی نێوخۆیی یەکێتی دەخاتەڕوو و پەرلەمانی ئایندە و نەخشەی سیاسی و پەرلەمانی دوای کێبڕکێی فرەلیستی لە هەرێمی کوردستان دەخاتە بەرچاو. باسیرە لەبارەی دۆخی نێوخۆی یەکێتی دەڵێت "ئەگەر بارودۆخی یەکێتی بەو جۆرەی ئێستا درێژە بکێشێ، ئەگەری دروستبوونی دوو یەکێتی هەیە".

د.سالار باسیرە، مامۆستای زانکۆ لەو باوەڕەدایە ئەوکێشانەی نێو یەکێتی ئەوەندەی شەخسین ئەوەندە فیکری نین و دەڵێ "ئەوەی ئێستا لەناو یەکێتی دایە، ئیتجاهە شەخسییەکانە، نەک فکری و ئایدیۆلۆژی، ئەوەندەی باس لەکەسەکان دەکرێت باس لەفکر ناکرێت".

د.سالار پێیوایە یەکێتی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی، دوو رێگەی لەبەردەم دایە، ئەویش چارەسەر کردنی کێشەکانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کە رێ بە کارکردنێکی دیموکراسیانەی باڵەکانی بدات،رێگەی دووەمیش رۆیشتنە بەرەو هەرەسهێنان "لەوانەیە دوو یەکێتی دروست ببێت، بەڵام یەکێتی بەم شێوازەی ئێستای و بەم پینەو پەڕۆیە ناتوانێ هەتا سەر بڕوات".

لەماوەی رابردوودا هەر یەک لە مام جەلال، چوار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و کۆسرەت رەسول، هەر یەکەیان بە جیا پرۆژەیان پێشکەشکرد بە مەبەستی چاکسازی کردن لە حیزب و حکومەت. دواتریش مەکتەبی سیاسی 7 کۆمیتەی پێکهێنا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی مام جەلال، کە پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بوو.

د.سالار باسیرە پێیوایە ئەو کۆمیتە و لێژنانە ناتوانن برینی حیزب سارێژ بکەن "چاکسازی لەناو حیزبێکدا دەکرێت کە خۆی باش بێت، بەڵام کێشەکان وەها رەگیان داکوتاوە لەناو یەکێتی، کە ریفۆرم و چاکسازی دەرەقەتی نایێ، ناکرێت کۆمەڵێک بکەیتە بەرپرس و سەرۆکی لیژنە، کە خۆیان بەشێکن لە سیستەمە گەندەڵەکە". هەروەها دەڵێ چاککردنەوەی باری یەکێتی لەتوانای مام جەلالیشدا نییە.

چاودێرانی سیاسی بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە گرژییەکانی یەکێتی بە تەنیا کاریگەری لەسەر یەکێتی نابێ، رەنگە سەرلەبەری هاوکێشەی سیاسی هەرێمی کوردستانیش بگۆڕێت. سالار باسیرە پێیوایە دروستبوونی لیستی نەوشیروان مستەفا لە ئەنجامدا یەکێتی لاوازدەکات، هەرچەندە نەوشیروان مستەفا تائێستاش خۆی بەخاوەنی یەکێتی دەزانێ.

## دروستبوونی لیستەکان لەناوچەی یەکێتی لە ئەنجامەکانی یەکێتی کەمدەکاتەوە

د.سالار باسیرە دەڵێت " ئەگەر کۆمپانیای وشە بە لیستێک دابەزێ بۆ هەڵبژاردنەکان ئەوا بەشێکی یەکێتی دەنگ دەدەنە لیستەکەی کۆمپانیای وشە. ئەمەش نەک هەر کاریگەری دەبێت لەسەر یەکێتی بەڵکو بیئەنجامیش نابێت لەسەر هاوپەیمانییەتەکەی یەکێتی وپارتی". سالارباسیرە پێیوایە لەوحالەتەشدا، لەوانەیە پارتی بەلیستێکی جیاواز لەیەکێتی بەشداری هەڵبژاردن بکەن، بەڵام دواتر ئیتیلاف و هاوپەیمانی، بەپێی ئەنجامەکان دروستبکەن. بەڵام وەک باسیرە دەڵێ " بەڵام لەم حالەتەدا کورسییەکانی یەکێتی کەمتر دەبن و ئەمەش کاریگەری سیاسی دەبێت لەسەر یەکێتی و لەقورساییەکەی دەهێنێتە خوارەوە. بەهەمان شێوە هاتنی لیستەکانی دیکە بۆ ناو هەڵبژاردنەکان مەترسی بۆ سەر یەکێتی دروست دەکات، چونکە ئەم لیستانە لەناوچەکانی یەکێتین، لاوازی یەکێتی و ناڕەزایی خەڵک هۆکارن بۆ دروستبوونی ئەو لیستانە و لەوانەشە بۆ مەودای دوورتر بپەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیش".هەروەها ئەو هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی بە"ڕێککەوتنی سەرکردەکان" ناودەنێ، کە لەسەر دەسەڵات و دارایییە.

د.سالار باسیرە پێیوایە جگە لە لیستەکەی نەوشیروان مستەفا، لیستی چوار حیزبەکەش ئەگەر دروستببێ کاریگەری لەسەر گۆڕینی نەخشەی سیاسی دەبێت لە هەرێمی کوردستان "چونکە هەر چوار حیزبەکە ئێستا 19 کورسییان لە پەرلەمان هەیە"، ئینجا بەپێی پێشبینیەکانی یاری بەژمارەی کورسییەکانی ئەو لیستانە دەکات و دەڵێ " ئەگەر چوار حیزبەکە بە یەک لیست دابەزن، رەنگە 25 کورسی بەدەست بێنن، لەوانەیە لیستی کۆمپانیای وشەش 10 - 15کورسی بێنێت، بەم شێوازەش نەخشەی سیاسی هەرێم و پەرلەمان دەگۆڕێت. ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەمان دروست دەبێت". بەڵام باسیرە ئەوە بەدوور نازانێ، کە زەحمەتکێشان و سۆسیالیست بچنە ناو لیستی پارتی و یەکێتی، یاخود لەگەڵ یەکێتی یەکبگرن.

بەڵام لەحالەتی چارەسەرنەبوونی ئەو کێشانەی یەکێتی و بەشداریکردنی لیستەکانی نەوشیروان و ئەوانیدیکە، پارتی خۆی ناچاری دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی دیکە دەبینێ " لەوانەشە بەلاوازبوونی یەکێتی، پارتی بە شوێن هاوپیمانی دیکەدا بگەڕێت، هاوپەیمانێکی دیکەش نییە کە ئێستا جێگای یەکێتی بگرێتەوە. یەکێتییەکی لاواز بۆ پارتی باشترە لە ئیسلامییەکان. هەروەها پارتی پێی باشترە کاک کۆسرەت لەگەڵ باڵی تاڵەبانی بمێنێتەوەو نەبێتە هاوپەیمان لەگەل لیستی کۆمپانیای وشە، یان بەسوودی کۆمپانیای وشە نەگەڕێتەوە، چونکە تاڵەبانی بە میانڕەوتر دەبینێت بۆ بەرژوەندییەکانی".



**سالار باسیرە کێ یە؟**

لە ساڵی 1957 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە ساڵی 1976 چووەتە ئەڵمانیا. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبواری زانستی سیاسی و راگەیاندن لە زانکۆی ماربورگ تەواو کردووە. بڕوانامەی دوکتۆرای لەبواری زانستی سیاسی لە زانکۆی ڤوپەرتال وەرگرتووە. بابەتی بڕوانامەی دوکتۆراکەی بریتییە لە سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراق. لە 2004 ەوە گەڕاوەتەوە کوردستان و ئێستا مامۆستایە لە کۆلێجی یاساو زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی.

## سۆفییە شیعەکان بەمەترسی دەزانێ

# ئێران پشتیوانی لە دەروێشە کوردەکان دەکات

**گوڵناز ئەسفەندیاری**

فەرشید یەدوڵڵایی پارێزەر، تەنیا 18 ساڵان بوو کاتێک بینینی خەونێک وای لێکرد بەدوای راستییەکاندا بگەڕێت و ببێتە سۆفی. پاش 17 ساڵ لە خەونەکەی، یەدوڵڵایی ناتوانێ وەسفی بکات کە چی بینیوەو لەمبارەیەوە دەڵێ" ئەوە شتێک نییە جیهانی دەرەکی لێی تێبگات و پێناسە بکرێت".

یەدوڵڵایی دەڵێ" گەردیلە لە ئەتۆمەوە دروستکراوە، ئایا کەس دەتوانێ ئەتۆم نیشانبدات؟ ئایا دەکرێ کەسێک ئەتۆم بەچاو ببینێ؟ نەخێر، سۆفیگەریش بەهەمان شێوەیە، وەک شاعیری سۆفی حافزی شیرازی دەڵێ ئەگەر کەسێک بیتوانیبا گەنگەشە لەسەر بیروباوەڕی سۆفیگەری بکات، من دەمتوانی زۆری لەبارەوە بدوێم".

سۆفیگەری پرۆسەی پاککردنەوەیەکی دەروونییە، گەشتێکە بەرەو لای خوا. قورئان دەڵێ خوا لە دەماری مل زیاتر بۆ مرۆڤ نێزیکترە. سۆفییەکان پێیانوایە هەموو تاکێک دەتوانێت راستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ خوا دروست بکات، بەڵام ئەوان شێوازی جیاواز بەکاردێنن، لەوانەش میوزیک، هەڵپەڕکێ و هۆنراوە و لاواندنەوەی ناوەکانی خوا.

سەرەتای دورستبوونی سۆفیگەری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام و سۆفییەکان پێیانوایە کە محەممەد پێغەمبەر یەکەم رابەری سۆفییەکان بووە.

### ئایەتەکانی مەککە

داوونەریتی سۆفیگەرێتی زیاتر جەخت لەسەر پەندە دەروونییەکانی ئیسلام دەکەنەوە، کە بریتییە لەو ئایەتانەی بە ئایەتەکانی مەککە ناسراون.

لەیلا بەختیار کە یەکەم ئافرەتی ئەمەریکییە قورئان لە عەرەبییەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی رایگەیاند ناکۆکییەکی مێژوویی لەنێوان سۆفییەکان و وەهابییەکان هەبووە.

لەیلا زیاتر قسەکانی ڕووندەکاتەوە و دەڵێ داو ونەریتی سۆفی زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یەکەم مەرج خۆشویستنی خوایە، بەڵام سەلەفییەکان باس لە ترسی خوا دەکەن و هەردوو لا ئەوی دیکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە توندڕەون.

لەمبارەیەوە لەیلا گوتی" سوفیستەکان، بەشێوەیەک تەماشای سەلەفییەکان دەکەن کە لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامن، بەهۆی ئەوەی زیاتر جەخت لەسەر جێبەجێکردنی سزا و ئەشکەنجەدان دەکەنەوە، بەڵام سۆفیستەکان پێیانوایە کە هەتا دادوەری کۆمەڵایەتیت نەبێت، ئەوا ناتوانی سزاکانی نێو ئیسلام جێبەجێ بکەی . لە هەمانکاتدا سەلەفییەکان پێیانوایە سۆفیستەکان لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەتین، لەبەرئەوەی هەندێک کار دەکەن لەدەرەوەی سنووری ئیسلامەتییە، بۆ نموونە سۆفیستەکان لەرێگای لاوانەوە وەکو شێوەیەکی هەڵپەڕکێ لە خوا دەپاڕێنەوە . بەڵام داوونەریتی سۆفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەر و دەڵێن ئەو شێوە پاڕانەوەیە رێگە پێدراوە".

مستەفا ئازمایش کە پسپۆرە لە سۆفیگەری و لە فەرەنسا دەژی، دەڵێ هەر لە سەرەتاوە شێوازی سۆفیستەکان بۆ ئیسلامەتی جیاواز بوو لەچاو شێوازی مسوڵمانە پارێزکارەکان.

لەوبارەیەوە مستەفا گوتی" سۆفیستەکان دەڵێن کاری زۆرکارانە و ناچارکاری لە قورئاندا نییە، هیچ شتێک بەزۆر نییە، ئایین لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت و شتێک نییە بەزۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنیت، یاخود بە لێدان و سوپا و داگیرکاری، لەبەرئەم هۆیەش سۆفیستەکان، موشەریعەکانیان تووڕەکرد کە دەیانویست بەپێچەوانەی پرنسیپەکانی قورئانی پیرۆزەوە ئایین وەکو ئامێرێکی چەوساندنەوە بەکاربێنن".

لە ئەنجامی ئەمەش، ناکۆکییەک لەنێوان قوتابخانەی شەریعە و قوتابخانەی تەریقەت کە لقی سۆفیستەکانی ئیسلامە دروستبوو، لەو کاتیشەوە هەر ئاڵۆزتر بووە.

چاودێران پێیانوایە ئەو ناکۆکییەی ئێستای نێوان سۆفیە شیعەکانی نیعمەتوڵڵای گۆنابادی و بەرپرسانی حکومەتی ئێران لە دەرئەنجامی ئەو ناکۆکییە مێژووییەوە سەریهەڵداوە.

گرووپی نیعمەتوڵڵایی گەورەترین گرووپی سۆفی ئێرانین و بەپێی چەند راپۆرتێک نزیکەی 2 ملیۆن ئەندامیان لە ئێران هەیە، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک تاران و ئەسفەهان، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا، هێرشەکان بۆ سەر ئەندامانی ئەو گرووپە زیادی کرد و سێ لەوخانووانەی (تەکیە) کاری ئایینی خۆیان تێدا ئەنجامدەدا رووخێنران، کاربەدەستان سۆفییەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ئەو خانووانە موڵکی ئەوان نین و بەڵگەی خاوەندارێتی ئەو خانووانەیان نەبووە، بەڵام سۆفییەکان ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە.

دەروێشەکان دەڵێن بەهۆی ئەوەی بڕواکەیان رۆژ لە دوای رۆژ لەنێو خەڵکدا تەشەنەدەکات، ئەوان بوونەتە ئامانجی ئەو هێرشانە، کە وەکو مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران تەماشا دەکرێن .

چەند مەلایەکی پارێزکار پێیانوایە سۆفییەکان مەترسیدارن بۆ ئیسلام. ئایەتوڵڵا حوسێن نوری حەمیدانی کە مەلایەکی پایەبەرزە لە شاری قوم لە ساڵی 2006، رایگەیاند کە سۆفییەکان دەست لە سیاسەت وەردەدەن و، ئیسلامیان لاواز کردووە. هەروەها توندڕەوەکانیش سۆفییەکان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی بیانییەوە بەکاردێن بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێو کۆمەڵگەی ئێرانیدا.

لە ساڵی 2007 نامەیەک لەلایەن گرووپێکەوە بڵاوکرایەوە کە ناویان لەخۆیان نابوو (قوتابخانەی پێگەیاندنی مەلاکانی قوم)، لەو نامەیەدا هوشداریان دابووە حکوومەت لە "مەترسییەکانی" سۆفییەکان و داوایان کردبوو کە "توندتر" مامەڵیان لەگەڵ بکرێت و، لەو نامەیەدا نووسیبوویان "دەوڵەتی حیزبوڵڵایی ئێران" لەو بارەیەوە ئامادەیە یارمەتی و هاوکاری حکوومەت بکات.

بەپێی قسەی مستەفا کە نوێنەری سۆفییە گۆنابادییەکانە لە دەرەوەی ئێران، هەڵمەتی ناشرینکردن دژی سۆفییەکان لە ساڵی 2005 دەستی پێکرد، کاتێک چەند کتێبێک دژی سۆفییەکان چاپکران. ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە لەو کتێبانەدا هاتبوو کە پێویستە وەکو هاووڵاتی پلە دوو مامەڵە لەگەڵ سۆفییەکاندا بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوان بڕوایان بە پرەنسیپی "ویلایەتی فەقیە"نییە (پرەنسیپێکی رژێمی ئێرانە کە دەبێ گەورەترین زانای شیعە رێبەری سیاسی باڵای وڵات بێت).

مستەفا لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی" لەنێو کتێبەکاندا نووسرابوو کە نابێت رێگە بە سۆفییەکان بدرێت پۆستی حکومی وەربگرن، ئەگەریش پۆستی حکوومیان هەبێت، دەبێ ئاشکرا بکرێن و دوور بخرێنەوە. ئەم کتێبانەش چەند مانگێک پێش ئەوەی ئەحمەدی نەژاد بێتە سەر دەسەڵات چاپکران و دوای ئەوەی ئەویش بووە سەرۆک، نێوەڕۆکی ئەو کتێبانە بەرە بەرە جێبەجێکران".

### دەستنیشان کردن؟

پێدەچێت لایەنگرانی گرووپە سوننیە ئێرانییەکان وەکو دەروێشە قادرییەکان، ئەوەندە گوشاری حکوومەتیان لەسەر نەبێت و چاودێرانیش ئەمە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێننەوە.

جەلالی جەلالیزادە کە پەرلەمانتارێکی پێشووی کوردە، دەڵێ هەندێک لە شێخەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستانی ئێران پێوەندیان لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت هەیە. لەمبارەیەوە جەلالی گوتی" حکوومەت پاڵپشتیان دەکات و دژی بزووتنەوە رۆشنبیرییە ئاینییەکان بەکاریان دێنن. هەندێک جار دژی ئەوانەش بەکاریان دێنن، کە لە کوردستان ئایین بەشێوەیەکی نوێ لێکدەدەنەوە، کە ئێران پێیاندەڵێ وەهابی و دەروێشەکانیش دژی ئەوان رادەوەستنەوە".

مستەفا ئازماییش دەڵێ حکوومەت پێیوایە دەروێشەکان دەتوانن رێگە لە توندڕەوی بگرن لە کوردستان.

لەمبارەیەوە مستەفا گوتی" بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران، نابێت هیچ کردەوەیەکی توندڕەوانە دژی پەیڕەوانی ئەو تەریقەتە لە ناوچە سوننە نشینەکان ئەنجامبدرێت، لەبەرئەوەی لایەنگرانی ئەو تەریقەتە رێگە نادەن رێکخراوی قاعیدە لەو ناوچەیە بڵاوببێتەوە".

چالاکڤانێکی شاری سنە کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات رایگەیاند کە حکوومەت نایەوێت خۆی هەڵبقورتێنێتە نێو کاروباری پەیڕەوکارانی قادری لە ناوچە کوردییەکان لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئاڵۆزی زیاتر لەو ناوچەیە دروست ببێت کە هەر لەمێژەوە لەبارێکی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتیدایە.

سۆفییەکان شێوازی جیاواز بەکاردێنن بۆ پاککردنەوەی مێشکیان و کردنەوەی دڵیان بۆ خوا.

قادری شێوازی هاوارکردن و سەما بەکاردێنن بۆ ئەوەی حاڵ بگرن. بەڵام شێوازەکانی گۆنابادی لە ئێران بریتین لە نوێژکردن و دوعا کردن و خوێندنەوەی هۆنراوەکانی سۆفیە گەورەکانی ئێران وەکو حافز و رومی.

یەدوڵڵایی کە لەگەڵ سۆفییەکانی هەفتانە سێ جار ئەو کارانە دەکات دەڵێ، سۆفییەکان سوورن لەسەر ئەوەی بەردەوام بن لەسەر رێگاکەیان، سەرەڕای ئەو گوشارە زۆرەی لەسەریانە.

لەمبارەیەوە یەدوڵڵایی گوتی" بڕواکانی سۆفیگەری بەشێکە لە کولتوری ئێران. بەداخەوە هەندێک کەس، لەبەر بیرکردنەوە دواکەوتووەکەیان بوونەتە دوژمنی سۆفیگەری و ئەوان دەیانەوێت هەموو کەس یەک بیروباوەڕی هەبێت، ئەمەش دژی مافەرەواکانی مرۆڤە ".

ئەو دەڵێ سۆفیگەری بەرپەرچی توندڕەویی ئایینی دەداتەوە، لەبەرئەوەی فێری لێبووردەییت دەکات.



**حکومەتی ئێران شێخەکانی تەریقەتی قادری لە کوردستانی ئێران بەکاردێنێ**

**جەلالی جەلالیلزادە پەرلەمانتاری پێشووی ئێران**

لە رادیۆی Free Europe/Radio Liberty وە.

# هونەر

## کاروان لە کوردستان نەورۆز ناکات



رووداو-هەولێر

◆ هونەرمەند کاروان کامیل لەلێدوانێکدا بە(رووداو)ی راگەیاند کە مەبەستی لە سەردانی ئەمدواییەی بۆ تورکیا " ئەنجامدانی گرێبەست بوو لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تورکی بۆ بەرهەمهێنای بەرهەمە نوێیەکەم کە لەمانگی 5ی 2009 دەست بەبەرهەمهێنانی دەکەم".کاروان کامیل ئاماژەشی بەوەدا کە بۆ ئاهەنگی نەورۆز دەچێتە ئەڵمانیاو هۆڵەنداو لەوێ چەند کۆنسێرتێک ساز دەکات.



## لەهونەری دونیاییەوە بۆ هونەری قیامەت



# نیزام شوکر: بەردەوامم لەسەر هونەر بەڵام سەنگەرم گۆڕیوە

**رووداو — هەولێر**

ئەو گۆرانیبێژەی ئێستا وەک کەسێکی ئیماندار دەردەکەوێت و زیاتر سروودی ئاینی و کاری مەولود خوێندنەوە دەکات، لەسەرەتای ساڵی هەشتاکاندا وەک یەکێک لەگۆرانیبێژەکانی کورد بە گۆرانییەکانی (هەی نەرمە نەرمە، ئەسمەر یارم جوانە، ئەرێ هۆ لەیلێ، ماڵی بابم بێ وەفا) هاتە ناسین، بەڵام ئێستا بڕوای بەو ستایلە گۆرانیانە نەماوە و بە "ناشەرعی" دادەنێ و، ئەم رایەشی لە دوای چوونی بۆ حەج لەلا دروستبوو.

نیزام شوکر کە برادەر و هاوکارەکانی زیاتر بە "حاجی" بانگی دەکەن، دووجار سەردانی ماڵی خوای کردووە و بەردەوام بەجلی کوردی و جامانەوە دەبینرێت. ئەو نایەوێت بەڕاشکاوی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەندی بە گۆڕینی رێچکە هونەرییەکەیەوە هەیەو، دەڵێت "ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ئیمانی خۆمەوە هەبوو، بەبێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی، لەمەولودان بەشداریم دەکرد خەڵک هانیاندەدام کە دەنگم خۆشە و بەردەوام بم". حاجی نیزام ئەوەش ناشارێتەوە کە ماڵی خەزووری کاریگەری لەسەر هەبووە و بەتایبەتی کە خێزانەکەی کیژە مەلایە، دەڵێت "من ئیلتیزامی دینیم هەبوو، نوێژکەر بووم و رۆژووم دەگرت،بەڵام حەج منی پاککردەوە".

نیزام شوکر، لەساڵی 1963 لەگەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لەدایکبووە، لەساڵی 1975 لە قۆناخی خوێندن لەچالاکی قوتابخانەکان دەستی بە گۆرانی و سروود گوتن کردووە.

یەکەم بەرهەمی تەلەڤزیۆنی بەبۆنەی 6ی کانون لە کەناڵی بەغدا لەساڵی 1982 تۆمارکردووە، لەهەمان ساڵیشدا لەتەلەڤزیۆنی کەرکووک بە رەش و سپی گۆرانیەکی تۆمارکردووە بەناوی (ئەرێ هۆ لەیلی) لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر بە یارمەتی مامۆستا وریا ئەحمەد.

نیزام شوکر 3 جار چووەتە دەرەوە بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگگێڕان، لەوانە نەمسا و تورکیا، 2 جاریش چووەتە ماڵی خودا. وەک خۆی باسیدەکات لەبەر بوونی بۆشایی لەبواری سروودی ئاینی و مەولود خوێندندا ئەو رێچکەیەی گرتووەو، دەڵێت "من خزمەتی میللەتی خۆم کردووە خۆ تاوانم نەکردووە، خەڵکانێک لەچیا بە چەک بەرگریان لەونەتەوەیە کردووە ئێمەش بە شیعری چاک و بە سروودی چاک خەڵکمان بێدار دەکردەوە لەسەر کێشەی کورد". بەوشێوەیەش دەڵێ هیچ پەشیمان نییە لەو گۆرانیانەی کاتی خۆی گوتوویەتی" شتی چاکمان گووتییە، خزمەتی میللەتی خۆمان کردووە وەک واجبێکی سەرشانمان، ئەوەی شتە باشەکانم گوتووە لێی پەشیمان نیم، بێگومان شتی خراپیشم نەگوتووە".

کە پرسیاری شتی باش و خراپ لە هونەردا لەنیزام شوکر دەکەیت دەڵێت حەز ناکەم باسی بکەم. ئەو ئێستا بە تێڕوانینێکی ئاینییەوە باس لەو باشە و خراپەیە دەکات لەهونەردا، بە خۆپارێزییەوە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، بەرامبەر بەو گۆرانیبێژانەی کە بەسەر بەژن و باڵا و چاو و برۆی ئافرەتاندا هەڵدەڵێن"من ئەوەم پێ پەسند نەبووە و گوێشیان بۆ ناگرم". ئایا نیزام شوکر گۆرانی لەو شێوەیەی هەیە، دەڵێت "وا بەزەقی نەخێر، بەڵام ئەوکاتی کە دەمگووت پێم ئاسایی بوو، بەڵام دوای گەڕانەوەم لەماڵی خودا نەخێر ئاسایی نییە".

ئەو مەولودخوێنە، حەسەن زیرەک بە قوتابخانەی هونەری کوردی دادەنێت، بەڵام دوای گەڕانەوەی لەماڵی خوا گوێ لەو جۆرە گۆرانیانە ناگرێت، دەڵێت "من شتە باشەکانیم پێ باشە، بەڵام ئێستا گوێ لەو گۆرانیانە ناگرم دوای حەج، تەنها هەندێکجار گوێ لەعەدنان کەریم و بەهجەت یەحیا دەگرم و ئەوانەی تەسەوف دەڵێن"، نیزام شوکر ئێستا زیاتری هەمووان گوێ لە گۆرانییەکانی (سامی یوسف) دەگرێت.

نیزام شوکر رەنگە تاکە کەس نەبێت کە بڕوای بەو کلیپانە نییە کە ئێستا لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان پەخش دەکرێن، بەڵام دەڵێت "ئێمە ئەو کاتە بۆ کێشەی کورد گۆرانیمان دەگوت، رۆژێک بیرمان لەوە نەدەکردەوە ئافرەتێکی کورد بێنین رووتی بکەینەوەو کلیپی لەگەڵ بکەین".

دوای یەکەم چوونە حەجی لەساڵی 2003 دەست بە گوتنی سروودی ئاینی و مەولود خوێندنەوە دەکات، ساڵانەش کاسێتێکی تایبەت بەگۆرانی و سروودی ئایینی بڵاودەکاتەوەو، تا ئێستا 5 کاسێتی بەرهەمهێناوە "لەبەرهەمهێنانی ئەو کاسێتانە خەڵک هاوکاریم دەکات، تا ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری یەک دیناری بۆ من خەرج نەکردووە، داوامکردووە، بەڵام بۆیان نەکردووم"، لەکاتێکدا خۆیشی فەرمانبەرە لە وەزارەتی رۆشنبیری.

حاجی نیزام ماوەی 2 ساڵە بە هاوبەشی نووسینگەیەکی فرۆشتنی سیدی و کاسێت و پەرتوکی ئایینی داناوە، هەر کەسێکیش نیازی مەولودکردنی هەبێ سەردانی نووسینگەکەی دەکەن، دەڵێت "ئێمە زۆر مامەڵە ناکەین، نرخی مەولودەکان جیاوازە: مەلود هەیە بە 300 هەزار دینار دەچین، مەلود هەیە بە 200 دۆلار، هەیە نەبوونە 150 هەزار دینار دەدات کێشەمان پارە نییە".هەروەها گوتیشی "زۆرجار دەڵێن نیزام شوکر بە 500 — 600دۆلار مەلود دەخوێنێتەوە، ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە".

نیزام شوکر، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بەردەوامە لەسەر هونەر، بەڵام "سەنگەرم گۆڕیوە"،وەک خۆیشی دەڵێ بەو رێچکە گۆڕینەی جەماوەری زیاتر بووە. ئەو ئێستا خۆی وەک کەسایەتییەکی ئایینی لە هەولێر دەناسێنێت، هەرچەندە زیاتر لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو دەردەکەوێت، بۆیە زۆرجاردەگوترێ ئەندامی حیزبە ئیسلامییەکانە، بەڵام حاجی نیزام ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ "هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ هیچ حیزبێک نییە، خەڵک تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێت"، هەروەها گوتیشی "من ئێستا دوور کەوتوومەتەوە لەهونەری دونیایی، هونەری من سروودی ئاینییە، هونەری قیامەتییە".

## ئافرەتی کورد رووت ناکەینەوە بۆ کلیپ





# شەڤبێری هونەرە یان کەیفە

## رێڤەبەرێ شەڤبێریا ژیان: دێ ل ڤان نێزیکان حاتم عێراقی و تاتلیسەس و سەماکەرا ئینین



**ناسر نهێلی**
**رووداو-دهۆک**

پشتی ل شەڤا 2009/2/25 شەڤبێریا ئوتێلا ژیان هاتییە ڤەکرن، دەنگوێ ڤەکرنا وێ ل دهۆکێ گەلەک بەلاڤ بوو، دناڤ خەلکیدا بەلاڤبوو کو لەشفرۆش ژێ ئینانە، (رووداو) چەند دیمەن و راستییەکێن شەڤبێریێ دیارکرینە.

وێ شەڤا مە رازەمەندی ل کارگێڕیا شەڤبێریێ وەرگرتی ئەم چۆینە دناڤا هۆلا شەڤبێریا هوتێلا ژیان دا، سترانبێژەکا عەرەب د گەل تیپەکا موسیقێ ستران دگۆتن و سەمادکر. خەڵک، کو هندەک ژ وانە کوڕە بەرپرس و سەرۆک عەشیر بوون، ل دۆر وێ جەمیابوون و، پارە ب سەرێ وێ دا دباراندن، کارکەرەکێ شەڤبێریێ ژی ئەو پارە کۆم دکرن.

(ل.ن) ئێک ژ بەشدارێن شەڤبێریێ بۆ (رووداو) دبێژی " ڤەکرنا ڤێ شەڤبێریێ رێکا مە یا کورت کری، چونکە بەری نووکە هەر دوو هەیڤا جارەکێ ئەز دچۆمە سوریا یان ترکیا بۆ وان شەڤبێریا، من پتر ژ هزار دۆلاران ب رێکێ و خارنێ و ئوتێلا خەرج دکر".

رێڤەبەرێ شەڤبێریا هوتێلا ژیان دیارکر کو ئەو چەندین جاران چوویە سوریێ و ترکیا و پشکداری دشەڤبێرێن وان وەلاتان داکریە و دبێژیت" ل کوردستانێ شەڤبێرێن بڤی رەنگی نەبوون، وان شەڤبێرێن ئەز دچومێ گەلەک کورد من لێ ددیتن، لەورا پشتی من مۆلەت ل وەزارەتا گەشتوگوزارێ وەرگرتی، ئەڤ پرۆژە من لڤێرە ڤەکر".

شەڤبێری ل هەموو هوتێلێن پلە نایابێن جیهانێ هتا ل وەڵاتەکێ ئیسلامیێ وەکو ئیرانێش، کو موسیقا سوونەتی لێ تێتە پێشکێشکرن هەنە.

ژبەر داب و نەریتێن کوردەواری، رێڤەبەرێ شەڤبێریێ نەدڤیا ناڤێ وی بێتە دیارکرن و بۆ (رووداو) دبێژیت" تانۆکە مە گرێبەست دگەل شەش سترانبێژان مۆرکرینە، کو ئێک ژوانا کوردە و یێن دی عەرەبێن عیراقی نە : سەماکەر و سترانبێژا عیراقی دالیا، فاروق خەتیب، وەلید هاجەری، ئیڤان و میهڤان ئامێدی".

رێڤەبەرێ شەڤبێریا ژیان، داخویاکرن کو مەراما وان، ژ ڤەکرنا ڤێ شەڤبێریێ دروستکرنا کەشەکێ هونەرییە بۆ مێڤانێن، داکو ئێدی ل جیاتی تورکیا و سوریا پارەیێ خوە ل کوردستانێ خەرج بکەن" نوکە نێزیکی 15 کارکەر ژ ئێزدی و مەسیحیا و کوردان لشەڤبێریا مە کاردکەن، ژبلی مووچەیێ وان یێ هەیڤانە، شەڤانە هەرئێک ژوانا پتر ژ 100 دۆلاران بەخشیش وەردگریت".

حەمید کازم، گەنجەکێ تەمەن 32 سالییە، بەروڤاژی هزرا رێڤەبەرێ شەڤبێریێ هزردکەت و دبێژیت"راستە شەڤبێری لڤێرە ڤەکریە، بەلێ ژبەر کەسێن نیاس و خێزانا و کەسوکارێن خۆ، ئەز نەشێم بچمە شەڤبێریێ و دێ هەرچمە شەڤبێرێن سوریا و ترکیا".

ل دوور راستیا وێ چەندێ کانێ لەشفرۆش و سەماکەر ل شەڤبێریا وان هەنە، رێڤەبەرێ شەڤبێریێ دبێژیت "مە لەشفرۆش نەئینانینە و مە ل بەر نینە بینن ژی، بەلێ مە لبەرە سەماکەرا ددەمەکێ نێزیک دا بینین، دیسان مە لبەرە چەندین هونەرمەندێن بەرنیاس وەکو حاتم عیراقی، ئیبراهیم تاتلیسس بینینە شەڤبیرییێن خوە، هەروەها مە لبەرە گرێبەستێ دگەل هونەرمەند بلند ئیبراهیم، هەڤال ئیبراهیم ژی گرێدەین".

ئەو شەڤبێریە کو هەر شەڤ ل دەمژمێر 9 شەڤێ تا 12 شەڤێ یا ڤەکریە، بهایێ چۆنا ژوورڤە 50 دۆلارن و، شەڤانە پێنچ سترانبێژ بەشدار دبن. شەڤبێریا وان جهێ 60 کەسان هەیە هەروەکو ئەوی بەحسکری هەتا ئێڤاری هەموو مێز دهێنە گرتن و زێدەباری بهایێ هاتنە ژوورێ، هندەک ژوان کەسێن دهێنە دەفمە شەڤانە پتر ژ 200 دۆلاران خەرج دکەن.

هندەک دبێژن، شەڤبێری کارێ کەیفێ و بازرگانییە و چ پێوەندی ب هونەری ڤە نینن، هەروەکی پشکداریا هونەرمەندان د شەهیانێن بووک ڤەگوهاستنێ دا، لێ هندەکی د وێ باوەرێ دانە ئەوێ ل دهیان و شەڤبێرکا تێتە پێشکێشکرن هونەرەو، پێویستیێن هونەرمەندا پڕ دکەت.

سترانبێژ میهڤان سالح ئامێدی، کو گرێبەست دگەل شەڤبێریێ مۆرکریە و ڤەکرنا شەڤبێریەکا ب ڤی رەنگی ل دهۆکێ ب "بێنگاڤەکا باش" دزانیت و دبێژیت"بەری نووکە ئەز دچومە دەواتا، بەلێ نووکە کارێ من گەلەک ئاسانتر و خوشتر لێ هاتییە، چونکە ئەز گەلەک ماندی نابم، ژلایێ ئابووری ژی ڤە گەلەک باشترە و دێ شێم پتر بەرهەما دروستکەم و ئەڤ پارە دێ بۆ پێشکەفتنا کارێ من یێ هونەری ژی گەلەک باش بیت".



میهڤانی دداخویانیەکێدا بۆ (رووداو) ئەوژی دیارکر کو "چۆنا هونەرمەندان بۆ شەڤبێریان نەکارەکێ کێمە بو هونەرمەندی، چونکە گەلەک هونەرمەندێن بەرنیاسێن جیهانێ ل دەسپێکا خوە چووینە شەڤبێریان بۆ باشکرنا بارێ خۆ یێ دارایی".

# ئەو ژنە ئەکتەرە کوردە بەنێوبانگانەی کورد نایانناسێت

**رووداو- رۆژهەڵاتی کوردستان**

تائێستا چەندین ژنی کورد لە سینەمای ئێران دا کاریان کردووە ونێوبانگێکی زۆریان هەیە، بەڵام تائێستا زۆربەی خەڵکی نازانن ئەوان کوردن . پێنج لەو ژنە ئەکتەرانە بریتین لە: سورەیا بەهەشتی، مەهناز ئەفزەلی، فەخری خورۆش، مریەم بوبانی، مەهوش ئەفشار پەنا.

### فەخری خورۆش

فەخری ئەسودی کە ناسراوە بە (فەخری خورۆش) لەساڵی 1929 لەشاری کرماشان لەدایکبووە و، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیەو خاوەن کاری زۆرە لەسینەماو شانۆ دا. ناوبراو لەسەردەمی شاهەنشاهی ئێران بەشداری چەندین فیلمی سینەمایی کردووەو، یەکێک لە ئەکتەرە دیارەکانی سەردەمەکەی بوو. ئەو یەکەم ئەکتەری ژن بوو رۆڵی سەرەکی فیلمەکانی بەباشی گێڕاوە و بەشداری زۆرترین فیلمی سینەمایی کردووە لەسەردەمی شای ئێراندا. خورۆش تائێستا بەشداری لە 38 فیلمی سینەمایی کردووە کە 12 فیلمی لەسەردەمی شاو 26 فیلمیشی لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیدا بەرهەمهاتوون. فەخری خورۆش، ئێستا خەریکی رۆڵ گێڕانە لەچەند فیلمێکی سینەمایی کە لەنێوڕاستی ساڵی 2009 بڵاودەکرێنەوە.

بە نێوبانگترین ئەو فیلمانەی فەخری بەشداری تێدا کردوون، بریتین لە (تاراج — 1984)، (دادا — 1982)، (سوتەدلان — 1977) و (بهلول — 1957).

هەندێ لە سینەماکارانی، سەردەمی کۆماری ئیسلامی پێیانوایە بەهۆی ئەوەی لەسەردەمی شادا، فەخری خورۆش لەچەند فیلمێکدا رۆڵێکی وروژێنەری گێڕاوە، نەدەبوایە کۆماری ئیسلامی رێگەی پێبدات بەشداری فیلمە سینەماییەکان بکات، بەڵام ئەو لەلایەن وەزارەتی ئیرشاد و فەرهەنگی ئیسلامی ئێران رێگەی پێدراوەو تائێستاش بەردەوامە.

### مەهناز ئەفزەلی

مەهناز ئەفزەلی لەساڵی 1963 لەشاری قەسری شیرینی ئوستانی کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، هاوسەرەکەیشی حەسەن پور شیرازی، ئەکتەرە. مەهناز دوو ساڵ بەشداری خولی ئەکتەرایەتی لە یەکێک لە فێرگەکانی ئەکتەری لەتاران کردووە. یەکەمین بەشداری مەهناز لە شانۆگەریەکی ئاماتۆر بوو لە ساڵی 1978، دواتریش بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1986 بەشداری فیلمێکی سینەمایی کرد بەنێوی (راپۆرتی کوژرانێک) کە دەرهێنەرەکەی محەممەد عەلی سەجادی بوو.

مەهناز تائێستا بەشداری 17 فیلمی سینەمایی کردووە کە دیارترینیان (عشق شیشەی)، (محاکمە)ن، کە لەساڵی 2008 دروستکراون و زۆرترین بینەریان هەبووە. هەروەها مەهناز بەدەنگ و بەنمایشکردنی مشکەکان بەدەست، بەشداری زنجیرە درامای بەنێوبانگی ئێرانی بەنێوی قوتابخانەی مشکەکان (مدرسە موشها) کردووە کە بۆ منداڵان دروستکراوە.

### مریەم بوونانی

مریەم بوونانی لەساڵی 1953 لەشاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، بە هۆی زیرەکیەوە لە تەمەنی 17 ساڵیەوە بۆ یەکەمجار لە گرووپی شانۆی شاری ماهشەهر وەک ئەندام وەرگیرا، دواتر لە ساڵی 1996 خوێندنی ئەکتەری تەواو کرد و لە ساڵی 1997 بەشداری فیلمی سینەمایی (فصل پنجم) کرد . ئەو بە بەشداریکردن لە فیلمەکانی (زندان زنان) و (فرش باد) نێوبانگی دەرکرد و تائێستا بەشداری لە 14 فیلمی سینەمایی کردووە کە زۆربەیان لە ساڵی 2003وە دروستکراون.

### مەهوش ئەفشار پەنا

مەهوش ئەفشارپەنا، لەساڵی 1949 لەشاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووەو لەساڵی 1973 ماستەری لە ئەکتەرایەتی و دەرهێنانی شانۆیی لە زانستگەری هونەرە دراماتییەکانی تاران وەرگرتووە. یەکەم فیلم کە بەشداری تێدا کردووە فیلمی (لنگرگاه)ی دەرهێنەر کیومرس پوور ئەحمەد بوو کە لە ساڵی 1978 دروستکرا . مەهوش تائێستا بەشداری 15 فیلمی سینەمایی کردووەو، لە ساڵی 1978 لە فیستیڤاڵی فیلمی فەجر، بەباشترین ئەکتەری ژن بە رۆڵ گێڕان لەفیلمی (گل سرخ)دا هەڵبژێردراو خەڵاتکرا. هەورەها لەساڵانی 1980و 1994 خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژنی لە فیلمەکانی (مخترع 2001) و (مشق شب) پێبەخشرا.

### سورەییا بەهەشتی

سورەییا بەهەشتی لەساڵی 1943 لەشاری کرماشان لەدایکبووەو دوای ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی چوونەتە تاران و لەوێ نیشتەجێبوونە، لەقۆناخی ناوەندی درێژەی بەخوێندن داوەو هەر لەو تەمەنەش دەستی بە ئەکتەری کردووە. سورەییا یەکەمجار بە بەشداریکردن لە فیلمی (خوشگل خوشگلا) هاتە نێو بواری سینەما، کە دەرهێنەرو ئەکتەری بەنێوبانگی ئێرانی محەممەد عەلی فەردین لەساڵی 1965 دروستیکرد.

سورەییا تائێستا بەشداری لە44 فیلمی سینەمایی کردووە کە لەساڵانی 1965 تا 1972 بەرهەمهێنراون. بە نێوبانگترین فیلم کە سورەیا بەشداری تێدا کردووە، فیلمی (حسن کچل)بوو، کە رۆڵی سەرەکی ئەکتەری ژنی فیلمەکەی گێڕاوە. کە تائێستاش بەیەکێک لە فیلمە سەرکەوتووەکانی سەردەمی شا دەژمێردرێت.



## تاراوگە

### یادی هەڵەبجە لە زانستگەی کارلتن



ڕووداو-ئۆتاوا

◆ کۆمەڵەی لاوانی کورد لە کەنەدا ڕۆژانی 16-2009/3/18 لە زانستگەی کارلتن لە شاری ئۆتاوای پێتەختی کەنەدا یادی بیست ویەک ساڵەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە دەکاتەوە. لەو دوو ڕۆژەدا جگە لە پێشکەشکردنی چەند سیمینارێک، پێشانگەیەکی وێنەکانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەش پیشان دەدرێت.

# " تەنیا لەکاتی هەڵبژاردندا ئێمەیان بەبیر دێتەوە"

**ڕزگار کۆچەر**
**ڕووداو-بەیروت**

"نا هەقم مەگرن کـــە نازانم بەزمانی کوردی قســـە بکەم" ئەوە حاڵی بەها کوردی و زۆربەی کوردانی دانیشـــتووی لوبنانە کە ناتوانن بە زمانی دایکیان بئاخفن. ئەو گەنجە کوردە، کە شوفێری بازرگانێکی لوبنانییە، لەســـاڵی 1981 لە ناوچەی ئەلبستە لە

بەیروت



ژمارەیەک لە کوردانی لوبنان لە کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان (فۆتۆ: ڕووداو)

لەدایکبووە. بەها دەڵێت "ئێمە ســـەرەتا خۆمان بـــە کوردێکی لوبنانی دەزانیـــن، ئینجاش خۆمان بەکوردێکی کوردستانی گەورە دەزانین".

کـــورد لە لوبنان پتر لەناوچەکانی ئەلبســـتە، خان بولات، وادی ئەبـــو جەمیل، عەکار، جەبەل و تەرابلس دەژین. سەرەڕای چەندین هەوڵ، بەڵام کوردانی لوبنیان تا هاتنە سەرکاری ڕەفیق حەریری لەناســـنامەی لوبنانی بێبەش بوون، لە سەردەمی حەریریـــدا نزیکەی 50 هەزار کـــورد ڕەگەزنامەی لوبنانیان وەرگرت. ئامارە نافەرمییەکان ئاماژە بە بوونـــی پتر لە 140 هەزار کورد دەدەن لە لوبنان. بەڵام تا ئێســـتا کورد لە لوبنان قورسایی سیاسی نییە و هیچ پۆستێکی حکومیشیان نییە.

کوردانی لوبنان، ئێستا کەوتوونەتە هەوڵدانێک، ئەگەرچـــی زۆر گـــەورەش نەبێـــت، بـــۆ بوونی نوێنەرێکیان لـــە پەرلەمانی لوبنان، کە بەشـــی کورد لەسەر سوننەیە، بەڵام بەدرێژایی سیستەمی تەوافوقـــی تایفی لوبنان، یەک لیســـتی ســـوننە کوردێکی تێدا نەبووە.

بە ڕای بەها نەبوونی ڕۆڵی کورد لەهاوکێشەی سیاسی لوبناندا بۆ پەرتەوازەیی کورد دەگەڕێتەوە لەو وڵاتەو دەڵێت "بەهۆی پەرتەوازەییمان نەمانتوانیوە لەپەرلەمانی لوبنان نوێنەرمان هەبێت، تەنانەت لە ئەنجوومەنی ناوچە بچووکەکانیش نوێنەرمان نییە"، هۆکارەکەشـــی ئەوەیە کە "ڕۆژێک لەگەڵ حەسەن نەســـروڵڵاین، دواتر پشـــت بە قســـەکانی وەلید جەنبولات دەبەستین، زۆری پێناچێت هەڵوێستمان دەگۆڕێ و پاڵپشـــتی مەسیحییەکان دەکەین". ئەو گەنجە بەپێکەنینـــەوە باس لەکۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییە لوبنانییەکان دەکات و دەڵێ "بڕۆ سەیری بارەگاکانیان بکە، دوو کەسی تێدا نییە".

بەهائەدیـــن حەســـەن، ســـەرۆکی کۆمەڵەی خێرخوازی کوردی لوبنان، ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی زۆری دەنگدەرانی کورد، هێزە سیاسییەکانی لوبنان تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکانی لوبناندا کوردیان بەبیر دێتەوە "هێزە سیاسییەکانی لوبنان، 3 ساڵ و 11 مانگ بە کوردمان حیساب دەکەن، بەڵام مانگێک پێش هەڵبژاردن دەڵێن ئێوە هاووڵاتی لوبنانین".

ناوبراو زیاتر لەمە گوتیشی "ئەوان لە ناخۆشیدا سەرەخۆشیمان لێناکەن، لە خۆشیشدا پیرۆزباییمان لێناکەن، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن هاتە پێش خۆمان لێ نزیک دەکەنەوە".

بوشـــرا محۆ، کە لەئارایشـــگایەکی شـــەقامی فەردان کار دەکات، هەرچەندە بەشداری دوو خولی فێربوونی زمانی کوردی کردووە، بەڵام تا ئێســـتا بە تـــەواوی نازانێت بە کوردی قســـە بکات، ئەو کچە کوردە قسەکانی بەهای پشتڕاستکردەوە کە کوردانی لوبنان پەرتەوازە بوونە "ئێمە تەنیا نەورۆز کۆماندەکاتەوە".

ئـــەو کچە کـــوردە کە بەر لەدەســـتگیرکردنی عەبدوڵـــڵا ئۆجەلان، لایەنگـــری پارتی کرێکارانی کوردســـتان بووە دەڵێت "زۆربەی کوردانی لوبنان لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان بوون، بەڵام دوای ئەوەی ئۆجەلان دەســـتگیر کرا، وازیان لەو حیزبە هێنا". بوشرا پێی باشبوو کوردانی لوبنان تەنیا پشتگیری وەلید جونبولات بکەن "چونکە لای هەموو لوبنانییەک ئاشکرایە کە وەلید جونبلات لە هەموو لوبنانیەکان پتر باوەڕی بە دروســـتبوونی کوردســـتانی گەورە هەیە و هەمیشـــەش داکۆکی لەمافی کوردانی لوبنان دەکات".

---

بۆ ڕێگەگرتن لە ناردنەوەیان بۆ کوردستان

# پەناخوازە کوردەکانی بەریتانیا هانا بۆ دادگایەکی ئەوروپا دەبەن

**ڕووداو-بەریتانیا**

پەناخوازێکـــی کـــورد لـــە بەریتانیا بەشێوەیەکی کاتی، لە ڕەوانەکردنەوە بۆ هەرێمـــی کوردســـتان ڕزگاری بوو، دوای ئەوەی هانای بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا بـــرد و ئەوانیش بەشـــێوەیەکی کاتـــی ڕێگەیـــان پێـــدا لـــە بەریتانیـــا بمێنێتەوە، هەتا کەیســـەکەی چاوی پێدادەخشێنرێتەوە.

کاروان محەممەد، 31 ســـاڵ، کە مـــاوەی نۆ ســـاڵە لـــە بەریتانیایە، بڕیـــاری ڕەوانەکردنـــەوەی بە فڕۆکە بۆ هەرێمـــی کوردســـتان درا، بەڵام بەهۆی بەرزکردنەوەی کەیسەکەی بۆ ئەو دادگا ئەوروپییە، کاربەدەستانی بەریتانی بڕیاریاندا هەتا ئاشکراکردنی بڕیـــاری دادگا، ڕێگـــە بـــە کاروان بدەن بگەڕێتەوە لای خۆشەویســـتە ئینگلیزەکەی و منداڵەکەی.



کەیتی و منداڵەکەی



کاروان محەممەد

کەیتـــی کێلّـــۆ، 31 ســـاڵ، کە خۆشەویستی کاروانە بە ڕۆژنامەی (پۆلی مـــاوت)ی بەریتانی ڕاگەیانـــد کە لە دوای ئەوەی هەواڵـــی ڕەوانەکردنەوەی کاروانی زانیوە خـــەو نەچووەتـــە چاوانی ودەڵێ کاروان بەنیـــاز بوو بیخوازێـــت و لەگەڵ کوڕە پێنج ساڵەکەی کەناوی (نەیسن)ە بەخۆشـــی بژین" ئەو ژیانی بۆ خۆی لێرە لەگەڵ من و نەیسن دروستکردووە، نەیسن بـــە (باوکە) بانگی دەکات و بەردەوام لێم دەپرسێت: کوا باوکم".

جاک ســـمیت، وەزیری ناوخۆی بەریتانیا سەبارەت بەو مەسەلەیە کۆببنەوە.

لـــە لایەکی دیکە، دوو پەناخوازی دیکە بەنـــاوی هێمن عەباس و جەزا ئەحمەد کە بڕیارە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا ڕەوانەی شـــاری هەولێر بکرێنەوە، بەنیازن هەمان کاری کاروان بکەن و کەیســـەکەی خۆیان بدەنە دادگای ئەوروپا.

ڕزگار عەلی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە شاری پۆڵیماوت، دەڵێ ئەوان هەوڵێکی

کاروان ســـێیەم کـــوردە لـــە مـــاوەی هەفتەیەکدا لەو شارە دەستگیر کرابێت بۆ ناردنەوە. ئەو دەستگیرکردنانەش، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری خستووەتە دڵی هەموو کوردانی ئەو شارەوەو، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی ئەو شارەش، ڕایگەیاند کە دەیانەوێت لەگەڵ بەرپرسانی نووسینگەی پەنابەران و

زۆریان داوە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕەوانەکردنەوەی ئەو پەناخوازانە. ناوبراو مەترسی خۆیشی ئاشکرا کرد لەوەی ڕەنگە ئەو پەناخوازانە ڕەوانەی هەولێر نەکرێنەوە، بەڵکو ڕەوانەی شاری بەسرەی باشووری عێراق بکرێنەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای بەریتانیادایە.

لەمبارەیـــەوە ڕزگار گوتی" حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پەناخوازانە وەرناگرێتـــەوە کە بـــەزۆر ڕەوانە دەکرێنەوە"، بەڵام کاربەدەستانی نووســـینگەی پەنابەرانی بەریتانی ئەوەیان ڕەتکردەوە.

لە لایەکی دیکەوە، خەســـرەو مســـتەفا کە ئەندامە لە کۆمەڵەی کوردی ئەو شارە دەڵێ پارێزەرانی ئـــەو پەناخوازانـــە هەوڵیانـــداوە پێوەندی بـــەو دادگا ئەوروپییەوە بکەن بۆ ئـــەوەی هەروەکو کاروان محەممـــەد، ڕێگە لە بەرپرســـانی بەریتانی بگـــرن بۆ ناردنەوەی ئەو پەناخوازانە.

لەوبارەیـــەوە وتەبێژی نووســـینگەی پەنابەرانی بەریتانی گوتی" ئێمە چاومان بە هەموو کەیسێکدا خشاندووە و ئامانجمان تەنها وڵات ونەتەوەیەکی دیاریکراو نییە کە خەڵکەکەی بگەڕێنینەوە، هەموویان وەکو یەک تەماشا دەکەین". ئەو وتەبێژە گوتیشی هەر کەســـێک بڕیاری ڕەوانەکردنەوەی بۆ دەرچوو، پێش کاتـــی گەڕانەوەی، ئاگادار دەکرێتەوە.











## LG بەرهەمێکی نوێی هەواسازی (Mlti v) کە تایبەتە بە پرۆژە گەورەکان لەڕێی تاکەبریکاری خۆیەوە لەعێراق (کۆمپانیای دار الریان) دەخاتە بازاڕەوە

کۆمپانیای (ئێل جی ئەلیکترۆنیکس)ی کۆری لەڕێی تاکە بریکاری خۆی لەعێراق، کۆمپانیای (دار الریان)ی بازرگانی، لەئاهەنگێکی گەورەدا کە لەهوتێل شیراتۆنی هەولێر لە 2009/3/4سازکراو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیارانی پرۆژەکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت و دامەزراوەکان و کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی و نووسینگەکانی ئەندازیاری و پسپۆڕانی بواری هەواسازی ئامادەی بوون، بەرهەمێکی نوێی ئامێرەکانی هەواسازیی خستە بازاڕەوە. لەلایەنی کۆرییەوە (مستەر جۆ) بەڕێوەبەری گشتیی ساغکردنەوەی ئامێرەکانی هەواسازی لەهەردوو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و(مستەر جۆنی) بەڕێوەبەری گشتیی بەشی ساغکردنەوە لەنووسینگەی هەرێمایەتی عەممان و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای (دار الریان) ئەکادیمییانی نووسینگەی کۆمپانیای LG لەدوبەی ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون.

ئەم بەرهەمە نوێیە یەکێکە لەگەورەترین سیستەمەکانی هەواسازی لەجیهاندا کە تواناو تایبەتمەندییەکی زۆری هەیەو دەتوانێ بەشێوەیەکی کارا ڕۆڵ لەبەرزکردنەوەی ئەدای پرۆژە زەبەلاحەکاندا بگێڕێ کەئێستا لەعێراق ئەنجام دەدرێن. لەم سیستەمەدا سوود لەگازێك وەرگیراوە کە هاوڕێی ئۆزۆنە کە ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی ئێستا لایەنە پەیوەندارەکان کردوویانەتە مەرج، سەرباری ئەوەی کە ئەم سیستەمە پێویستی بەبڕێکی کەمی کارەبا دەبێت و سەرجەم ئامادەبووان ستایشی ئەو تەکنیکە بەرزەیان کرد کە لەو خولە زانستییەدا پێشان دراو هەر لەوێدا ئاشنای زۆر وردەکاریی دیکە کران دەربارەی سیستەمەکە کە کۆمپانیای دار الریان لەپێشانگایەکدا پێشانی ئامادەبووانی دا. ئامادەبووان ئاشنای ئەو پرۆگرامە تایبەتە کران کە ئەو سیستەمە نوێیە کاری پێدەکات و پاشان کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی سازکرا کە ڕۆژنامەوانان دەربارەی ئەو تەکنیکە نوێیە پێشکەوتووە پرسیاریان کرد. لەکۆتایی کۆنگرەکەدا خەڵاتی بەنرخ بەسەر هەموو ئامادەبووان دابەشکرا وەك پاداشتی ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونە زۆرەو ئەو زانیارییە بەنرخانەی لەکۆنگرەکەدا پێشکەشیان کرد، هەموو ئەمانەش بەهۆی کاری لێبڕاوانەی کۆمپانیای دار الریان هات کە تاکە دابەشکاری ئامێرەکانی هەواسازیی جۆری LGیە لەعێراق و ئێستا بووەتە گرنگترین کۆمپانیای ئەو بوارە لەعێراقدا بەهۆی فرۆشتنی زۆری ئەو ئامێرانەو بڵاوکردنەوەی زۆر باشی سەنتەرەکانی فرۆشتن و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری لەسەرانسەری جیهان.

LG
DER
www.lg-iraq.com

# کاروباری ژنان



## لێزان بە سۆپا سووتا

ڕووداو - هەولێر

◆ ڕۆژی 2009/2/25 لە گەڕەکی ئاری (سورچیان)ی هەولێر کچێک بەناوی لێزان ساڵح مستەفا، تەمەن 13ساڵ، 85 %ی لەشی سووتا. بە گوێرەی ئەو ئیفادەیەی لەلای پۆلیس داویەتی، لێزان دەڵێت "لەو کاتەی نەوتم کردووەتە ناو سۆپا، سۆپاکەم پێدا تەقیەوەتەوە، هاوارم کرد و منیان کوژاندەوە". سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لێزان سکاڵای لە کەس نییە و تا ئێستا کەس دەستگیر نەکراوە.

### بۆ ئەوەی منداڵەکەی لەبار نەبات

# دڵگەش خۆی سووتاند

**ڕووداو–هەولێر**

کاتێک دکتۆرەکان مژدە دەدەنە دڵگەش، کە سکی پڕە، دڵگەش لە خۆشیان شاگەشکە دەبێ و خێرا هەواڵەکە بە مێردەکەی ڕادەگەیێنێ، بەڵام لەجیاتی مژدانە، مێردەکەی پێیدەڵێت "دەبێت سکەکەت لەبار ببەی"، دڵگەشیش بەرگەی قسەی مێردەکەی نەگرت و خۆی سووتاند.

بەرەبەیانی 2009/3/3، لەگەڕەکی گلکەندی هەولێر، دڵگەش عومەر سلێمان،تەمەن 20ساڵ، قوتابی پۆلی 9ی بنەڕەتی، لەسەر ئەوەی مێردەکەی پێیگوتبوو دەبێ سکەکەت لەبار ببەی خۆی سووتاند. بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی کە 100%بوو، دوای 12 کاژێر گیانی لەدەستدا، مێردەکەشی خرایە زیندانی چاکسازی نەوجەوانی هەولێرەوە.

دڵگەش 65 ڕۆژ بوو مێردی بە (بەڵێن)ی 18ساڵ کردبوو. کاتێک گومان دەکات سکی هەیە، دەچێتە لای دکتۆرو سۆنەر دەکات، دوای دەرچوونی ئەنجامی سۆنەرەکە دکتۆر مژدە دەداتە دڵگەش کە سکپڕە، دڵگەش لەخۆشیان نازانێت چی بکات، دەگەڕێتەوە ماڵ و مژدە دەداتە مێردەکەی، بەڵام مێردەکەی لە جیاتی مژدانە زۆر بەو هەواڵە دڵتەنگ دەبێ و پێیدەڵێت "ئێمە هێشتا بچووکین منداڵمان بۆ چییە".

مەها عومەر، دایکی مێردی دڵگەش، کە زۆر دڵگران بوو بە گیان لەدەستدانی بووکە تازەکەی گوتی "بەڵێن حەزی نەدەکرد جارێ منداڵیان ببێ، بۆیە داوای لە دڵگەش کردبوو، کە سکەکەی لەبار بچووێنی، چونکە هەردووکیان بچووکن، تەنانەت دایکی دڵگەش پێیگوتبوون من منداڵەکەتان بۆ بەخێو دەکەم، بەڵام بەڵێن هەر دەیگووت جارێ بچووکین، هێشتا دانەمەزراوین".

مەها کە لەگەڵ سوتانی دڵگەش دەستەکانی سووتابوون، لەفافی لەدەستەکانی ئاڵاندبوو، باسی لە شەوی پێش ڕووداوەکە کرد کە دایک و باوکی دڵگەشیش لە ماڵیان بوون و ئەو شەوەیان زۆر بە خۆشی بەڕێکردووە"دواتر نووستین و، لەگەڵ زیڕەی دڵگەش بەخەبەر هاتم".

گەڵای خوشکی مێردی دڵگەش، هەمان قسەی دایکی دووپاتکردەوە کە ئەو شەوەیان زۆر بەخۆشی بەڕێکردووە" هەر گاڵتەمان دەکرد، تا هەموومان نووستین، بەڵام دڵگەش نەخەوتبوو". لەو کاتەدا دڵگەش دەرفەت وەردەگرێ و خۆی دەسووتێنێ.

گەڵا گوتی "دڵگەش کە خۆی سووتاندبوو ڕایکردبووە مەتبەخ، خزمەتکارێکی فلیپینیمان هەیە لە مەتبەخ دەخەوێت، بەهۆی ئاگری دڵگەش دەستێکی سووتاوەو ئێستا لەنەخۆشخانەی ئێمرجنسییە و پێویستی بە نەشتەرگەرییە". گەڵا کە لەگەڵ دەنگی دڵگەش بە ئاگا هاتبوو، گوتیشی "کە هەستامەوە نەمزانی ئەجندەیە، خۆفە، هەر ئاگر بەرزدەبووەوە، دایکم و ئەوانیتریش هەستان".

عومەر سلێمان باوکی دڵگەش، ڕەتیکردەوە کە ماڵی مێردی دڵگەش ئاگایان لە سووتانی کچەکەی نەبووبێ "ئەوکاتەی دڵگەش سووتاوە ئەوان بەخەبەر بوون"، گوتیشی "ئەو شەوە زانیم دڵگەش و بەڵێن کێشەیان هەیە، بەڵام گوتم بەو شەوە هیچ ناکرێ بەیانی کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکەم، کەچی بەداخەوە بەیانی سووتا".

باوکی دڵگەش، ئاماژەی بەوەشدا، هەرچەندە دڵگەش بە ویستی خۆی مێردی بە بەڵێن کردووە، بەڵام بەڵێن زۆر لەگەڵی خراپ بووەو چەند جارێکیش لێیداوە، تەنانەت جارێک دڵگەش بەتەلەفۆن ئەوەی بە باوکی ڕاگەیاندووە "چووم گوتم لەسەر چی شەڕتانە، دڵگەش گوتی بەڵێن تەلەفۆن بۆ کچێک دەکات لە پێش من پێیدەڵێت ژنەکەم بە قوربانت بێت". باوکی دڵگەش کە ئەوە دەبیستێ یەکەمجار دەیەوێت کچەکەی بباتەوە " ویستم بیبەمەوە بەڵام ئەوان خۆیان بە قوربان کردم، منیش وازم لێهێنان".

باوکی دڵگەش دەڵێ لەسەر ئەو سکەی هەڕەشەی مەترسیداریان لێکردبوو، لەوبارەوە گوتی "کێشەی سەرەکی دڵگەش ئەو منداڵەی سکی بووە، پێیانگوتبوو ئەگەر منداڵت ببێت بە پێلەقە بەسەرت دەکەوین". باوکی دڵگەش دەپرسێت "ئەوان بۆ دەتوانن خزمەتگوزاری فلیپینی بگرن، بەڵام ناتوانن منداڵێک بەخێو بکەن". گوتیشی "نەک بەڵێن بە تەنیا، تەنانەت دایک و خوشکی بەڵێنیش ڕێگربوون لە بوونی منداڵەکەی، لەپێش دکتۆر گوتبوویان دەبێت لەباری بچوێنی، دکتۆرەکە هاتە پرسەکەی و گوتی شاهێدی دەدەم، بۆ ئەو قسەیە".

گەڵا ئەو قسانەی ڕەتکردەوە، کە بەڵێن بۆ دڵگەش خراپ بووبێت و لێیدابێت و گوتی "دڵگەش لە نەخۆشخانە پێیگوتم دڵم توونبدبوو، لە بەڵێن توڕەبووم، بۆیە خۆم سووتاند، زۆریش پەشیمانم، هەتا مردیش هەر دەیگوت بەڵێنم دەوێ".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" دڵگەش لە ئیفادەکەیدا گوتویەتی دوو گیان بوومە، مێردەکەم زۆری لێکردم لەباری بچوێنم، بۆیە خۆم سوتاند سکاڵام لە دژی مێردەکەم هەیە، بۆیە بەڵێن بە پێی مادەی 240دەستگیرکراوە".



باوکی دڵگەش دەڵێت، مێرد و خێزانی مێردەکەی هەڕەشەی ئەوەیان لێکردبوو ئەگەر منداڵی ببێت بە پێلەقە بەسەری دەکەون

# پرێمز ژنان ناسووتێنێ



ڕەوا عەبدوڵڵا
rawaebdalla@yahoo.com

**ڕووداو – هەولێر**

هەر یەک لە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان و وەستایەکی پرێمز لێدوانی ژنانی سووتاو و کەسوکاری ئەو ژنە سووتێندراوانە ڕەتدەکەنەوە کە پرێمز ژنان بسووتێنێ و، پسپۆڕێکی نەشتەرگەری گشتیش دەڵێت "تەنیا ئەو ژنانەی 10 - 20%ی جەستەیان دەسووتێت گوماندەکرێ بە پرێمز سووتا بن، لەوە زیاتر سووتابن هۆکاری سووتانەکە پرێمز نییە".

کاتێک ژنێک دەسووتێت، کەسوکارەکەی یەکسەر گوناهەکە دەخەنە ئەستۆی پرێمز یان تەباخ، لەلێکۆڵینەوەی پۆلیس یان لێدوان بۆ ڕۆژنامەنووسان، پرێمز وەک تاوانباری سەرەکی دەناسێنن. ڕەنگە پرێمزی داماو هەر لەنێو ماڵەکەشدا نەبێ، تا ئێستاش پۆلیس چەندین جار ئەو ڕاستییەی ئاشکرا کردووە، کە پرێمز لە ماڵە ژن لێ سووتاوەکە هەر نەبووە.

دڵشاد حەمە غەریب، 38 ساڵ، کە لە تەمەنی 12 ساڵییەوە لەسەر دەستی باوک و براکانی فێری پیشەی دروستکردنی پرێمز بووەو ئێستاش لەنێو قەیسەری شاری هەولێر دوکانی پرێمزی هەیە، بەهەموو شێوەیەک ڕەتیکردەوە کە پرێمز بتەقێتەوە "بەهەموو لایەکی ڕادەگەیێنم کە قەت پرێمز ناتەقێتەوەو قەتیش باوەڕ نەکەن پرێمز ئەو هەموو ژنە بسووتێنێت، ئەوانەی وا دەڵێن تەنیا بۆ شاردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان و دەربازبوون لە یاسا تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی پرێمز".

دڵشاد، کە مێژووی دروستکردنی پرێمزی لەشاری هەولێر بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گەڕاندەوە، گوتیشی "ئەوانەی دەڵێن پرێمز دەتەقێتەوە با نموونەی یەک پرێمزی تەقیوم نیشانبدەن". هەروەها دڵشاد نەشیشاردەوە لەوانەیە هەندێجار لەئەنجامی خراپ بەکارهێنانی پرێمز سووتان ڕوودەدات بەتایبەتی لەکاتی کوژانەوە"بۆ نموونە کە نەوتەکە دەردەچێت ئەگەر گڕی بدەین لەوانەیە کڵپە بکات و ببێتە هۆی سووتانی ئەو کەسەی لە پرێمزەکەوە نزیکە".

دەزگاکانی پۆلیس هەمیشە گومانیان لەو کەسە سووتاوانە یان کەسوکارییان هەیە کە دەڵێن بەهۆی پرێمزەوە سووتاوە. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەولێر دەڵێت هەمیشە بە گومانین لە لێدوانی کەسی سووتاوەکە بۆ لێکۆڵەرە دادییەکان کە دەڵێن بەهۆی پرێمزەوە سووتاون "چونکە زۆرجار ڕێژەی سووتانەکە زۆر زیاترە لەوەی بە پرێمز سووتابێت". ناوبراو گوتیشی "بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی پۆلیس کردوویەتی 50%ی ئەوانەی دەسووتێن، دەڵێن بەهۆی پرێمزەوە سووتاوین".



### تا ئێستا لەپشکنینی شوێنی یەک ڕووداو نەمانبینیوە پرێمز تەقیبێتە وە

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان، کە بە وردی بەدواداچوون بۆ سووتانی ژنان دەکات، زۆرجار بۆی دەردەکەوێت ئەو قسە ڕاست نییە کە ژنەکە بەهۆی پرێمزەوە سووتاوە، وەک نەقیب ژیلەمۆ گوتی "هەندێکجار دەڵێن ژنەکە بەهۆی پرێمزەوە سووتاوە، کە چووینەتە شوێنی ڕووداوەکە بینیومانە پرێمزی هەر لێ نییە".

گرفتی پۆلیس لەوەدایە، وەک نەقیب ژیلەمۆ دەڵێت "کاتێک ڕاپۆرت لەبارەی ڕووداوی سووتانەکە ئامادە دەکەین ژنەکە یان کەسوکارەکەی پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە بە پرێمز سووتاوە، ئێمەش ناتوانین وتەکانیان بگۆڕین". بەمجۆرەش لەنێو ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر ژنان کراون لە کوردستان، یان ئەو ژنانەی لەلایەن پیاوانەوە ناچاری خۆسووتاندن کراون، پرێمز بووەتە هۆی شاردنەوەی چەندین تاوانی کوشتنی ژنان و دەربازبوونی تاوانباران لە سزای یاسایی.

نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی لەشاری هەولێر یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی زۆرترین ڕووداوەکانی سوتانی تێدا چارەسەر دەکرێ. د.ڕەوەند مشیرحەوێزی، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی، لە نەخۆشخانەکە لەبارەی سووتان بەهۆی پرێمزەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەگەر ڕێژەی سوتانی نەخۆش 10 - 20% بێت، ئەوە ڕەنگە کەسەکە بەپرێمز سووتابێ، بەڵام زۆرجار ڕێژەی سوتاو لە 90 - 100% دایە تۆمەتەکەی دەخەنە ئەستۆی پرێمز، ئەوەش ڕاست نییە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕێژەی 70%ی ئەو ئیفادانەی لەکاتی ڕووداوەکانی سووتان بۆ پۆلیس دەدرێن تۆمەتی سووتانەکەی دەخەنە پاڵ تەقینەوەی پرێمز "بەڵام لێژنەی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکە، شوێنی ڕووداوەکە دەپشکنێ، زۆربەی جاریش بۆمان دەردەکەوێ ئەو ئیفادانە ڕاست نین".

بەڕێوەبەری پۆلیس گوتیشی "تا ئێستا لەپشکنینی شوێنی یەک ڕووداو نەمانبینیوە ڕۆژێک پرێمز تەقیبێتە وە، بەڵام خەڵک فێربووە هەر ژنێک یان کچێک دەسووتێت دەڵێن بە تەقینەوەی پرێمز سووتاوە".



### ئەوانەی دەڵێن پرێمز دەتەقێتەوە با نموونەی یەک پرێمزی تەقیوم نیشانبدەن

**دڵشاد حەمە غەریب، کە 26 ساڵە وەستای پرێمزە**

### ژنان زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن

# 90%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشی خەمۆکیان هەیە





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو–هەولێر**

دووساڵ پێش ئێستا سەباح جەوهەر، 35 ساڵ، باوکی 5منداڵ، بەهۆی کێشەیەکی خێزانی و لەبەر هەژاری وەک خۆی دەڵێت "نان نەبوو بیخوات"، تووشی خەمۆکی دێت و باری دەروونی تێکچوو.

سەباح، کە ماوەی 3 مانگ نەخۆشی خەمۆکی هەبووەو ئێستا گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی دەڵێت "لەناکاو دڵم تووند دەبوو، وامدەزانی دونیا بەسەرمدا ڕووخاوە، خواردن و خەوم نەمابوو، چەندین دکتۆرم کرد، هەریەکەو قسەیەکی دەکرد، چوومە لای شێخیش، هەندێک دەیانگووت شێت بووە".

خەمۆکی، نەخۆشییەکی دەروونییە، لە ئەنجامی خەمێکی بەردەوام تووشی مرۆڤ دەبێت. هۆکارەکەشی زیاتر کێشەی خێزانی، بێکاری، هەژاری و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتییە. بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن پسپۆڕێکی دەروونزانییەوە دەست (ڕووداو) کەوتووە 10%ی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جۆرەکان نەخۆشی خەمۆکیان هەیە. خەمۆکی لە دوای نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە بە سێیەم هۆکاری پەککەوتنی مرۆڤ دادەنرێ.

د.سامان هەڵەبجەیی پسپۆڕی دەروونی،ئاماژەی بەنیشانەکانی خەمۆکی داو گوتی کەسی خەمۆکی، دووچاری دڵتوندییەکی زۆر دەبێت و چێژ لە هیچ شتێک وەرناگرێت، نیشانەکانی دیکەشی بایۆلۆژین "کەم خەوی یان زۆرخەوتن، تێکچوونی ئارەزوو بۆ خواردن، ئەگەر کاریش نەکات بەردەوام هەست بەماندوویەتی دەکات، نەمانی زەوقی سێکسی، لە ژنانیش سوڕی مانگانەیان تێکدەچێت".

د.محەممەد شوانی مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە هۆکاری سەرەکی خەمۆکی ئەو پێشکەوتنە خێراو سەرسوڕهێنەرەیە کە ڕوودەدەن، داو ونەریتیش لەگەڵ ئەو گەشەسەندنە خێرایە نەگونجاو و ناتەبایە " لە ئەنجامی ئەو هەموو کۆت و بەندەی کۆمەڵگە دایناوە، لە بەردەم حەزەکانی تاکدا هێندەیتر خەڵک تووشی خەمۆکی دێت".

دکتۆر سامان ئەنوەر پسپۆڕی دەروونی، لە وۆرکشۆپێکدا لە هەولێر لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکان ڕایگەیاند" 10%ی خەڵکی کوردستان خەمۆکییان هەیەو لە 3 نەخۆشی جیهان دا یەکێکیان نەخۆشی دەروونی هەیە".

لە زۆربەی جارەکاندا خەمۆکی بەهۆی زیاتر لە هۆکارێک تووشی مرۆڤ دێت، لە کوردستان جگە لە بێکاری، زۆر لە گەنجان لە ژیاندا هەرەسدێنن بە تایبەتی لە خۆشەویستی، ئەمەش وایکردووە ئەو خەمە پەنگ خواردووەی ناخیان زۆرجار بەرەو خۆکوژییان ببات، تەنانەت زۆرجار بەتەمەنەکانیش بەرگەی خەمەکانیان ناگرن و خۆیان دەکوژن. د.محەممەد دەڵێ خەمۆکی مرۆڤ بەرەو نائۆمێدی و ڕەشبینی دەبات "ئەوانەش دەبنە هۆی خۆکوژی".

دوو مانگ لەمەوبەر کاتێک بۆ هەژار شاکرو خۆشەویستەکەی دەرکەوت ناگەنە یەکتر هەردووکیان خۆیان دەرمان خوارد کردو کچەکە گیانی لەدەستدا. ڕۆژی 2009/1/20 لە ناحیەی کەسنەزانی هەولێر، سیامەند عەبدوڵڵا، 40ساڵ، باوکی 7منداڵ، لەبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانی، لەناو ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تەندروستی دەرکەوتووە، 70 - 90%ی ئەوانەی خۆیان دەکوژن نەخۆشی خەمۆکییان هەبووە، د.سامان ئەو ڕێژەیە بە زۆر دادەنێت، بۆیە بە پێویستی دەزانێت، ئەوانەی خەمۆکی و دڵتووندییان هەیە، کەسوکاریان بە جیدی لە حاڵەتەکەیان بڕوانن"چونکە بەیەکەم هۆکاری خۆکوشتن دادەنرێت".

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی د.سامان لە ناو بنکە تەندروستییەکانی هەولێر ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە 20 - 25%ی خەڵکی هەولێر خەمۆکی و دڵەڕاوکێیان هەیە، بەڵام بە ناوی نەخۆشییەکانی دیکەوە دەچنە نەخۆشخانەکان " 10%یان خەمۆکییە، دەڵێن سەرمان دێشێت بێ هێزم، خەوم نییە، کەسیان نازانن خەمۆکییەتی".

ئەوانەی نەخۆشی خەمۆکییان هەیە لە کوردستان، بە دەگمەن سەردانی پزیشکی دەروونی دەکەن. د.سامان، نەچوونی نەخۆش بۆلای پزیشکە دەروونییەکان بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە : کەمی دکتۆری دەروونی، کەمی هۆشیاری خەڵک لەسەر بابەتە دەروونییەکان.

د.سامان گوتیشی "ئەوانەی تووشی خەمۆکی دێن هەرگیز بیریان بۆ نەخۆشی دەروونی ناچێت، وادەزانن خەتای جنۆکەو سیحرو جادووە، بۆیە زۆربەیان سەردانی شێخ و مەلا دەکەن".

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خەمۆکی بێکارییە، بەتایبەتی لەناو توێژی گەنجاندا. بەبڕوای د.محەممەد بێکاری لە دوو ڕووەوە زیان بە تاکەکەس دەگەیێنێت، جگە لەوەی خەڵک ناتوانێت بژێوی ژیانی پەیدا بکات، کاتی زۆرتر دەبێت تا بیر لە ئارەزووەکانی بکاتەوە " بێکاری مرۆڤ تووشی سەرقاڵیی و کێشە دەروونییەکان دەکات، بیر لەو کەسانە دەکاتەوە کە لەخۆشگوزەرانیدا دەژین، بیرکردنەوە لە کێشەکان بەرەو خەمۆکیان دەبات".

ڕزگار عەبدولجەبار، 25ساڵ، دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین، وەک خۆی دەڵێت بەردەوام خەمی هەیە، پێیوابوو ئێستا زۆربەی خەڵکی کوردستان زەحمەتییەکانی ژیان وای لێکردوون خەم وخەفتیان زۆربێت، بە تایبەتی لە ناو گەنجاندا "هەزار ئاواتمان هەیە پێمان نایێتە دی، ڕەنگە تووشی نەخۆشیمان بکات".

مرۆڤ لە هەموو تەمەنێکدا تووشی خەمۆکی دێت، بەڵام وەک د.سامان دەڵێت، ژنان لە کوردستان دوو هێندەی پیاوان تووشی خەمۆکی دەبن، بەپێی لێکۆڵینەوەیەک هەر ژنێک 3 منداڵی خوار تەمەن 11ساڵی هەبێت تووشی خەمۆکی دێت.

د.سامان ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ژنانەی سێ منداڵی خوار تەمەن 11ساڵیان هەیە لە کوردستان زۆرن، بەڵام خەمۆکی ژنان هۆکاری دیکەشی هەیە "ئافرەتان زیاتر لە ماڵەوە دەبن، یان کەسێکی وایان نییە خەمەکانی لەلا باس بکەن، جگە لەوانەش هۆڕمۆنەکانی ئافرەت یاریدەدەرە بۆ ئەوەی زیاتر تووشی خەمۆکی بێت".

کۆمەڵناسانیش هۆکاری خەمۆکی ژنان بۆ زیاتر داخرانی کۆمەڵگەی کوردی بەرووی ژناندا دەگەڕێننەوە، وەک د.محەممەد دەڵێت "ژنان هەڵسوکەوتیان بەدەست خۆیان نییە، ئەوەش زیاتر تووشی خەمۆکی کردوون".

خەمۆکی زۆرجار وا لە نەخۆش دەکات، کێشە بۆ خۆی دروست بکات یان گرفتەکان لە خۆیان گەورەتر بکات، تەنانەت د.محەممەد کە خەمۆکی بۆ هۆکاری خودی و بابەتی جیادەکاتەوە دەڵێت لە خودییەکەدا تاکەکان خۆیان کێشە دروستدەکەن کە ڕەنگە ئەو کێشەیە هەر ڕاست نەبێت و وەهمی بێت، لە بابەتییەکەشدا "وەک مردنی کەسێکی نزیکی".

بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی د.سامان بە پێویستی دەزانێ نەخۆش سەردانی پزیشکی دەروونی بکات و بۆ ڕێگری لەو نەخۆشییەش پێویستە خەڵک هۆشیاری لەسەر نەخۆشییە دەروونییەکان پەیدا بکەن "بەر لەوەی پێویستی بە دەرمان بێت سەردانی کۆمەڵناس و دەروونناس بکات، وەرزش ئاسوودەیی دەروونی دەبەخشێت، خەوتن لەکاتێکی ئاسایی و هەستان لە کاتێکی گونجاودا، نەخۆشی دەروونی کەمدەکاتەوە".

بەهەمان شێوە د.محەممەد بە پێویستی دەزانێت، کۆمەڵگە لەبەرانبەر گۆڕانەکان کراوە بێت و، توندوتیژی خێزانی کەمبکرێتەوەو، هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی بێکاری بدرێت، هاوکاری گەنجان بکرێت بۆ هاوسەرگیری، ڕووبەری سەوزیش لە شارەکان زیادبکرێت".

# کۆمەڵایەتی



## بەناز لەژیانی خۆی بێزاربوو

ڕووداو- هەولێر

◆ ڕۆژی 2009/2/16 لە گەڕەکی برایەتی هەولێر ژنێک بەناوی (بەناز شێرزاد بەهرام)، خۆی سووتاند، دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر سووتانەکەی گیانی لەدەستدا، بەوهۆیەوە مێردەکەی دەستگیرکرا. سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژبە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مێردی بەناز ژنێکی بەسەر هێناوە، بەڵام کێشەیان نەبووە "تا ئێستا کەس نازانێت بەناز بۆچی خۆی سووتاندووە، لە ئیفادەکەیدا تەنیا گوتوویەتی لەژیانی خۆی بێزار بووە".

# یەکەم ڕۆژی دوای زەماوەند باوکی خۆی لەنێو پێخەفی ژنەکەیدا بەرووتی گرت

## "پێش ئەوەی ئامۆزاکەم بمگوازێتەوە، لەگەڵ مامم سێکسمان کردووە"



**ڕووداو-دهۆک**

(ا) ئەو ڕۆژەی لەگەڵ (ژ)ی کچەمامی زەماوەندیان گێڕا، تەنیا بیری لای ژیانێکی بەختەوەر بوو کە لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات و ئیدی هەموو کاتی خۆی بۆ بەردەوامیدان بەو بەختەوەرییە تەرخان دەکات، هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات ئەو خەونە کەمتر لە 24 کاژێر دەخایێنێ و لەگەڵ بەرەبەیانی دووەمین ڕۆژی ژیانی خێزانیدا، بەکارەسات و شۆکێکی گەورە کۆتایی دێت.

(ا) و (ژ) پاش ئەوەی ئێوارەی ڕۆژی 2007/6/4 زەماوەند دەگێڕن و یەکەمین شەوی بووک و زاوایی بەخۆشی و بێ هیچ کێشەیەک تێدەپەڕێنن، سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر بۆ (ا) دەبێتە ئەو دێوەزمەیەی ڕەنگە تامردن بەرۆکی بەرنەدات.

(ا) ئەو بەیانییە کە باوکی پێیدەڵێ بڕۆ خواردنی بەیانی بکڕە، دەچێتە بازاڕەکەی نزیک ماڵی خۆیان، بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لە / / 2008 پشت ڕاستکراوەتەوەو وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هێشتا (ا) چەند شەقاوێک لەدەرگای ماڵەوەیان دوور نەکەوتبووەوە کە یەکێک لەدوای ئەو خۆی خزاندبووە ژێر پێخەفی بووکێ، گەورەیی کارەساتەکەش لەوەدایە کە ئەو کەسە باوکی (ا) خۆیبوو.

(ا) ئەگەر دیمەنەکەی بەچاوی خۆی نەدیتبایە ڕەنگە بەقسەو سوێندخواردنی سەد شاهێدیش باوەڕی نەکردبایە، هەربۆیە بێ سێ و دوو لەبنکەی پۆلیس دەبێتە شاهێد لەسەر ئەو تاوانەی باوکی.

(خ.ر.ە) باوکی (ا) لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەفسەری لێکۆڵەر بەخۆیەوە ماندوو ناکات، بەتایبەتیش کە دەبینێ (ژ)ی برازای و بووکی تازەی دەمودەست دان بەتاوانەکە دادەنێ و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو و مامی چەندین جار پێش ئەوەی لە کوڕی مامی مارەبکرێ، ئەو کرداری جووتبوون و سێکسکردنەیان ئەنجامداوە.

(خ.ر.ە)یش، هەمان ئەو زانیاریانەی برازایەکەی لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دووپات دەکاتەوەو دان بەوەش دادەنێت کە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ برازاکەی زیاتر لە دوو مانگ پێش گواستنەوەی بۆ (ا)ی کوڕی بەردەوام بووە.

(خ.ر.ە) لەلێکۆڵینەوەدا ئاشکرای دەکات کە یەکەمین جار لەدرەنگانێکی شەوی 2007/4/2دا چووەتە لای برازاکەی و لەوە بەدواوە چەند جارێکی دیکە ئەم کارەی دووبارە کردووەتەوە. تا دواجار لە 2007/6/4 (ا)ی کوڕی بە ڕووتی لەنێو پێخەفی ژنەکەیدا بینیویەتی. (خ) لەڕۆژی 2007/6/19 هەمان ئەو قسانە لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی دهۆک دووبارە دەکاتەوە، بۆیە دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای تاوانەکانی دهۆک دەکرێ و دادگای ناوبراویش لە ڕۆژی 2007/8/30 بەتاوانی سێ جار جووتبوون لەگەڵ (ژ)ی برازای و خێزانی کوڕی، بەپێی ماددەی 393/ 1-2 ب لەیاسای سزاکانی عێراق سێ جار (خ.ر.ە) بەسێدارەدان حوکمدەدات و، بەپێی ماددەی 248ی یاسای سزاکانیش دۆسیەیەکی سەربەخۆ بۆ (ژ) دەکاتەوە. هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوە و دانپێدانانەکان سێکسکردنەکە هەرسێجار لە پشتەوە بووە.





هەروەک لە بڕیارنامەکەی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دا هاتووە، تەنیا لە جاری سێیەمدا، واتە ئەو بەیانییەی کە لە جێگەی کوڕەکەیدا چووەتە لای برازایەکەی، (خ.ر.ە) لە پشتەوە سێکسی لەگەڵ کردووە و تۆوی تێکردووە.

پارێزەری (خ.ر.ە) کە بەو حوکمە ڕازی نییە، لە 2007/9/27 تانە لەو بڕیارەی دادگای تاوانەکانی دهۆک دەگرێ و داوای پێداچوونەوە دەکات، دۆسیەکە بەوشێوەیە چاوەڕێی بڕیاری دەستەی گشتیی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەکات، تا لە 2008/8/10 دەستەی پێکهاتوو لە ژمارەیەک دادوەر، وێڕای دووپاتکردنەوەی ڕاستی و دروستیی تاوانەکە. بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار، لەوانەش هاریکاریی تەواوی تاوانبار لەکاتی بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەو هەروەها پاشگەزبوونەوەی (ا) و (ژ) لە سکاڵاکانیان و دەستبەرداربوونی (ژ) لە مافەکانی خۆی کە دادگا دەڵێت بۆ ڕزگارکردنی تاوانبارە لەپەتی سێدارە، دادگای پێداچوونەوە بڕیار دەدات هەرسێ سزای لە سێدارەدان بکاتە "سێ سزای زیندانی هەتاهەتایی یەک لەدوای یەک".

تاوانی دروستکردنی پەیوەندیی ناشەرعی نێوان مام و برازا لەماوەی کەمتر لەدوو ساڵی ڕابردوودا بۆ دووەمین جارە لەهەرێمی کوردستان ئاشکرا دەبێت، ڕۆژی 2009/2/16یش لەشاری کەرکووک مام و برازایەکی عەرەبی خەڵکی ڕومادی بەناوەکانی (مەحموود خەڵەف تەمەن 38 ساڵ و هەناع خەڵەف تەمەن 21 ساڵ) لەکاتی هەڵمەتی گەڕان بەدوای تیرۆریستاندا کەوتنە دەست هێزەکانی پۆلیس، دواتر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە ئەو مام و برازایە ماوەی پێنج ساڵە بەشێوەیەکی نهێنی ژن و مێردی یەکترن و هەر لەبەر ئەو هۆیەش شاری ڕومادییان بەجێهێشتووەو لەکەرکووک نیشتەجێ بوون.

# "6 زیندانی گرتووخانەی ناوەندی هەولێر تووشی نەخۆشی شیزۆفرینیا بوون"



ئەڵوەند عومەر

alwandomer@yahoo.co.nk

**ڕووداو - هەولێر**

شارەزایان و پسپۆرانی بواری دەروونی پێشبینی دەکەن کە خەڵکی عێراق لەمەودوا پتر پێویستی بەچارەسەری دەروونی هەبێ ئەویش بەهۆی ئەو شەڕە یەک لە دوا یەکانەی یەخەی عێراقییەکانی گرتووە.

کێشە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، دەروونی زۆربەی دانیشتووانی کوردستان و عێراقی تەواو هیلاک کردووە، تا دێت ڕێژەی خۆ کوشتن زیاتر دەبێ و، هەفتانە هەواڵی خۆ کوشتن لە میدیاکاندا بڵاو دەبێتەوە.

کێشە زیاتر قوڵدەبێتەوە کاتێک دەبینرێت ژمارەی پسپۆران و پزیشکانی بواری دەروونی بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووان زۆر کەمن، بەپێی ئامارێکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان کە دراوەتە (ڕووداو) تەنیا 76 پسپۆری بواری دەروونی لە کوردستاندا هەن (37 لە هەولێر، 17 لە دهۆک و 22 لە سلێمانی).

پسپۆران و شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەپێش پرۆسەی ئازادی عێراق لە 2003دا نزیکەی 60 پسپۆری بواری دەروونی لە عێراق هەبوون، بەڵام ئێستا نازانرێ ژمارەکە چەندە، هەروەها لە بەراوردێکدا لەنێوان ئوسترالیاو عێراقدا، دەرکەوتووە، عێراق کە ژمارەی دانیشتووانەکەی 30 ملیۆنە تەنیا 60 پسپۆری دەروونی هەیە، بەڵام ئوسترالیا کە 20 ملیۆن کەسە 2 هەزار پسپۆر و پزیشکی دەروونی هەیە.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەژاری و نەخۆشییە دەروونییەکان هەیە، کە ئەمەش زیاتر لەسەردەمی بەجیهانیبوون سەریهەڵداوە بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە دادی کۆمەڵایەتی تێدا نییە، خەڵکەکەی وەکو پێویست داهاتیان نییە.

دکتۆر عەلی فەرحان، کە بەڕێوەبەری گەورەترین نەخۆشخانەی دەروونییە لەعێراق ئاماژە بەوەدەدا کە عێراقییەکان بەقۆناخێکی توندی خەمۆکیدا دەڕۆن، بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا، کە شەڕ زۆربەی کوچە و کۆڵانەکانی عێراقی گرتبووەوە.

جەنگەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر دەروونی مرۆڤەکان هەیە بە تایبەتی لەسەر منداڵان و ئافرەتان. لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن ناوەندی تەندروستی سەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە 2002دا لەسەر منداڵانی ئەمریکا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە کە جەنگ و کارە خۆ کوژییەکان کەشێک دەخوڵقێنن کە یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی نەخۆشییە دەروونییەکان.

لە لێکۆڵینەوەکە دەرکەتووە دوای کارەساتەکەی 11ی سێپتەمبەر 38%ی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە و 33%ی ئەو منداڵانەی لەقوتابخانەن و 27%ی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 21-22 ساڵیدایە دووچاری نەخۆشی دەروونی بوونە.



هەروەها بەپێی سەرچاوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵ لەعێراق پێویستیان بەچارەسەری دەروونی هەیە لەئەنجامی ئەو جەنگانەی کە بەسەر عێراق دا هاتوون.

لەکوردستان ڕێژەی تووشبوون بەنەخۆشییە دەروونییەکان دیارو بەرچاوە بەتایبەتی نەخۆشی شیزۆفرینیا. پتریش ئەو نەخۆشییە دووچاری زیندانییەکان بووە، بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە نزیکەی 50 پیاو و 5 ژنی مەحکوم لەلایەن پزیشک و پسپۆری تایبەت بە نەخۆشی دەروونی چاودێری دەکرێن. هەروەها 2 زیندانیش کە نەخۆشی دەروونییان هەیە لەسەر تاوانی کوشتن حوکمدراون.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە ساڵی ڕابردوو 2144 کەس بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان سەردانی بەشی وەرگرتن و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکانیان کردووەو لەماوەی ئەو ساڵەدا 239 نەخۆش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەژێر چاودێری پزیشک و پسپۆرانی نەخۆشییە دەروونییەکاندا ماونەتەوە.

هەروەها بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەلایەن دکتۆر سامان هەڵەبجەیی ئەنجامدراوە دەرکەوتووە 20 - 25%ی دانیشتووانی هەولێر خەمۆکی و دڵەڕاوکێیان هەیە، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکانی دیکەوە سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان دەکەن.

زۆرجار کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی دەروونی پەنا دەبەنە بەر خۆ کوشتن یان کوشتنی کەسانی دیکە، زۆربەی ئەوانەی تاوانیش ئەنجامدەدەن، کەسوکاریان بەردەوام هەوڵدەدەن بیسەلمێنن بکوژ نەخۆشی دەروونی هەیە. بۆ ئەوەی دووچاری سزای یاسایی نەبێتەوە.

دکتۆر یاسین کەریم، بەڕێوەبەری پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "90%ی ئەوانەی پەنایان بردووەتە بەر خۆ کوشتن باری تەندروستییان تەواو نەبووە". ناوبراو گوتیشی "لەماوەی ساڵێکدا 49 کەس کە خۆیان کوشتووە تەرمەکانیان هێنراوەتە پەیمانگای دادپزیشکی کە 42 کەسیان بە فیشەک خۆیان کوشتووە، 7کەی دیکەش بە ئامێری جۆراو جۆر".

خالید محەممەد توێژەری چاکسازی کۆمەڵایەتی لە بەندیخانەی ناوەندی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە بەشێک لە زیندانییەکانی گرتووخانەکە نەخۆشی دەروونییان هەیە، هەندێکیشیان لە ئەنجامی ئەو تاوانەی کردوویانە دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتوون "هەر کەسێک کە دێتە بەندیخانە ئەگەر کەسێکی ئاساییش بێت تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێ".

بەپێی قسەی ئەو توێژەرە 6 لە زیندانیانی گرتووخانەکە، کە تاوانی گەورەیان ئەنجامداوە لەوانەش کوشتن، باری دەروونییان تەواو تێچکووەو دووچاری نەخۆشی شیزۆفرینیا هاتوون "90%ی ئەو کەسانە تووشی شیزۆفرینیا هاتوون".

هەرچەندە ئەوانەی خۆیان دەکوژن یان کەسێکی دیکە دەکوژن زۆرجار دەگوترێ ئەو کەسە باری دەروونی تەواو نەبووەو نەخۆشی دەروونی هەبووە، بەڵام د.ڕەوشت ڕەشید، پسپۆری دەروونی پێیوایە ئەوە دەستەواژەیەکی هەڵەیە بەرامبەر ئەو کەسانە بەکاردێت و گوتی "ئەوەی چەند کەسێک دەکوژێ ئەوە گرێی دەروونی هەیە، نەک نەخۆشی دەروونی، بۆیە ئێمە غەدر لەو کەسانە دەکەین کە نەخۆشی دەروونییان هەیە، ئەو بکوژانە بە دەروون نەخۆش لە قەڵەمدەدەین".

د.ڕەوشت گوتیشی "زۆر بەدەگمەن ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە خەڵک دەکوژن، تەنیا لە حاڵەتی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان نەبێ، چونکە لەوکاتانەداکە ڕووبەڕووی کەسێک دەوەستێت وا هەست دەکات ئەگەر ئەو کەسە نەکوژێت، ئەو دەیکوژێت".

# "دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکەم بۆیە کوشتم"

**سۆران بەهائەدین**
**ڕووداو-خەبات**

ڕەمەزان، لەسەر تەرمی (پ)ی خوارزای لە گۆڕستان دەگریا، ژنەکەیشی لەناو هاواری ژناندا لەخۆی دەدا، خەڵک بێ ئاگا لەوەی کە شەوی پێشتر ئەوان (پ)یان کوشتووەو لە چۆڵەوانییەکی نزیک ماڵیان فڕێیان داوە.

شەوی 12لەسەر 2009/2/13 لە شارۆچکەی خەبات، گەنجێک بەناوی (پ.ح)، 29ساڵ، لەلایەن خاڵێکی بەناوی ڕەمەزان هەینی، 58ساڵ، بەهاوکاری خێزانەکەی کوژرا، دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە 12 کاژێر پۆلیس تاوانەکەی ئاشکرا کردو، ڕەمەزان و خێزانەکەی دەستگیرکرد.

## پۆلیس چۆن تاوانەکەی ئاشکرا کرد؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی پۆلیسی قەزای خەبات دەست (ڕووداو) کەوتووە، دوای ئەوەی پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە، دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووەو سەیری فایلی ڕابردووی (پ)ی کردووە، دەرکەوتووە (پ)پێشتر کێشەی لەگەڵ خاڵی هەبووە.

سەرچاوەکەی پۆلیسی خەبات گوتی "لەو کاتەی خەڵک خەریکی ناشتنی تەرمی (پ) بوون، پۆلیس چووە ماڵی ڕەمەزان بینی خوێن لە ماڵەکە ڕژاوەو جلوبەرگی خوێناوی لەناو ماڵەکەدا هەیە، هەروەها عەرەبانەیەکی خوێناویش لەنێو ماڵەکەدا کەوتبوو دیار بوو بەعارەبانەی دەست تەرمەکەیان فڕێدابوو" سەرچاوەکەی پۆلیس ئەوەشیگووت "کاتێک پۆلیس دەستگیری کردن، ڕەمەزان لەسەر گۆڕ بۆ (پ) دەگریا و خێزانەکەشی، کە عەرەبە و خەڵکی موسڵە لەنێو ژنان لە خۆیدەدا".

## (پ) لەسەر چی کوژرا

هەر چەندە ڕەمەزان لە ئیفادەی پۆلیس دەڵێت (پ) ویستوویەتی دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر خێزانەکەی بۆیە کوشتوویەتی، بەڵام کەسوکاری ئەو تۆمەتە ڕەتدەکەنەوە. سەرچاوەکەی پۆلیس بۆ (ڕووداو) گوتی "بەگوێرەی ئیفادەی ڕەمەزان، (پ) بە سەرخۆشی کاژێر 10:30 شەو لەدەرگای داوەو پێیگوتووە بانگی ژنەکەت بکە کارم پێیەتی، ئەویش بانگی ژنەکەی کردووە، (پ)یش لەبەردەم خاڵی داوای کاری سێکسی لە خاڵۆژنی کردووە، ڕەمەزانیش پێیگوتووە با حەیامان نەچێت وەرە ژوورەوە، دواتر ڕەمەزان بە پارچە ئاسنێک (پ) دەکوژێت و هەر بەو شەوە بە عەرەبانە بەدووری یەک کلیۆمەتر لە ماڵەکەی فڕێی دەدات".

بوستان هەینی، دایکی (پ)، لەنێو پرسەی ژناندا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، ئەو ژنە ڕەشپۆشە کە ناو بەناو دەگریا گوتی "کاژێر 10:15 شەو تەلەفۆنیان بۆ (پ) کرد، ڕۆیشت نەگەڕایەوە، هەتا بەیانی چاوەڕێمان کرد، بەیانی منداڵەکان خەبەریان هێنا گوتیان (پ) کوژراوە"، گریان ڕێگەی نەدا بوستان چیتر قسە بکات.

ئەو شەوەی (پ) لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە، دەچێتە ماڵی ڕەمەزانی خاڵی، محەممەد حوسێن، برای (پ) دەڵێت (پ) نێوانی لەگەڵ خاڵی زۆر خۆشبوو، خاڵی بە فێڵ بانگی کردووە. محەممەد دوای سێ ڕۆژ لە ڕووداوەکە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد ئاماژەی بەوەدا کە پرسە بۆ براکەی دانانێن تا تۆڵەی نەستێننەوە.

محەممەد هیچ گومانی لە ڕەمەزان نەبووە، چونکە ڕەمەزان وەک کەسێکی نزیکیان زۆر خەمبار بووە بە ڕووداوەکە و تەنانەت زۆریش گریاوە بۆ (پ) "خاڵم ناوی چەند کەسێکی پێدەگوتم، دەیگووت ئەوانە (پ)یان کوشتووە".

محەممەد چۆنیەتی کوشتنی براکەی بەجۆرێکی جیا لەوەی ڕەمەزان بۆ پۆلیسی باسکردووە، دەگێڕێتەوەو دەڵێت "ژنی ڕەمەزان (پ)ی خافڵاندبوو، ڕەمەزانیش بەئاسنێک لەسەری دابوو، (پ) ماوەی 40 خولەک ژیابوو، بەشێوەیەکی دڕندانە (پ)یان کوشتووە، براکەم پیاوێک نەبوو بە ڕەمەزان بکوژرێت، بەچەند کەسێک کوژراوە".

بەپێی قسەی پۆلیس ڕەمەزان لەکاتی ئیفادەدا، بەردەوام جەختی کردووەتەوە کە (پ) ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر خێزانەکەی "هەرگیز لەکارەکەم پەشیمان نیم، یەکێک لەناو ماڵی خۆت دەستدرێژیت بکاتە سەر چی دەکەیت؟"، بەڵام محەممەد ئاماژەی بەوەدا کێشەی ڕەمەزان و (پ) لەسەر ژنی ڕەمەزان بووە "ژنەکەی باش نەبوو، (پ)یش چەندجارێک بە خاڵی گوتبوو، بەڵام ڕەمەزان گوێی پێنەدەدا، چونکە ئەو منداڵی بەغدا بوو، تا ئێستا چەندینجار دەستگیر کراوە".

هەروەها محەممەد سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لەو تۆمەتەی ڕەمەزان خستوویەتییە پاڵ (پ) "باشە براکەم چۆن دەتوانێت لەبەردەم خاڵم قسەی وا بکات، ئەگەر مەبەستی بووایە بەڕۆژ دەچووە لای ژنەکەی ئەو لەماڵ نەبوو".

وشیاریش کە برای (پ)ە، لەو باوەڕەدایە براکەی لە هیچ و خۆڕایی کوژراوە "ئەگەر لەسەر ناموس بووایە ڕەمەزان ژنەکەیشی دەکوشت ئەو کات ئێمەش قسەمان نەبوو، بۆچی زووتر لای ئێمە وای نەدەگوت".

بەڵام حوسێن هەینی کە برای ڕەمەزانە، بەدووری زانی (پ) لەخۆڕایی کوژرابێ و گوتی "(پ) بەردەوام دەیویست بەزۆر پارە لە ڕەمەزان وەربگرێت، چەندینجار چوومەتە نێوانیان، لە (پ) دەپاڕامەوە، واز لە خاڵت بێنە، چیت لەو پیاوە هەژارە دەوێت، دەیگووت باشە، لەدوای من دووبارە یەخەی دەگرتەوە".



# دادگای لاهای فەرمانی دەسگیرکردنی عومەر بەشیر دەدات و ئەویش هەڵدەپەڕێ



**ڕووداو- هۆڵەندا**

ڕۆژی 2009/3/4 فەرمانگەی دەستپێکی یەکەمی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان Inernational Criminal Court، کە ساڵی 2002 دامەزراوە و سەر بە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانە لە شاری لاهای هۆڵەندا، فەرمانی گرتنی عومەر حەسەن ئەحمەد بەشیری دا، بەهۆی ئەنجامدانی "تاوانی شەڕ" و "تاوان دژی مرۆڤایەتی".بەپێی ئەو بڕیارنامەیە، کە دادگاکە وێنەیەکی لێداوەتە (ڕووداو)، دادوەر ئەنیتا ئوشاسکا، لەگەڵ رای زۆربەی دادوەرانی دەستەکەدا نەبوو، کە پێیانوایە حکومەتی سوودان مەبەستی نەبووە گرووپە ئە تنیکییە کانی (فۆر، مەسالیت و زەغاوە) جینۆساید بکات، بۆیەش بڕیارەکە تۆمەتی جینۆسایکردن ناداتە پاڵ عومەر بەشیر.

بەپێی ئەو بڕیارنامەیە، بڕیاری گرتنی لەسەر ئەوتاوانانە دراوە کە لە ماوەی نێوان نیسانی 2003تاوەکو تەممووزی هەمان ساڵ لەو هەڵمەتەی دژی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان :سوپای ڕزگاری سودان، بزووتنەوەی داد و یەکسانی، گرووپە چەکدارەکانی دیکەی حکومەتی سودان لە دارفۆر ئەنجامیدا. بۆیەش ئەو دادگایە کە یەکەم جارە بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆک دەوڵەتێکی لەسەرکار دەدات، لە بڕیارەکانی بە پێی بنەماکانی ڕۆما حەوت تۆمەتی داوەتە پاڵ : تاوان دژی مرۆڤایەتی، گواستنەوەی زۆرەملێیانە،ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیکاری سێکسی، تاڵانکردن،هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنی.

دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر داوایەکی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژیی هەرێمی دارفۆر لە سوودان، لە 2008/7/14دا داواکاریی گشتیی دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەکان لویس مۆرینۆ ئۆکامبۆ، یاداشتێکی دایە دادگا و تێیدا داوای کرد سەرۆکی سوودان رابکێشرێتە بەردەم دادگا.

ئەو تۆمەتانەی داواکاری گشتیی دایە پاڵ عومەر ئەلبەشیر: ڕاستەوخۆ کوشتنی 35 هەزار کەس بە شاڵاوێکی بەرنامەڕێژ لە لایەن هێزی حکومەتی سوودان و میلیشیای جەنجەویدەوە کە حکومەت پشتیوانیی دەکات، هەروەها 2،5 ملیۆن کەسیش لە خێوەتگەکاندا بەرەو ڕووی دەستدرێژیی سێکسی، برسێتی و تۆقاندن کردنەوە. لەنێوبردنی بەشێکی زۆر لە هەر سێ گرووپی (فۆر، مەسالیت و زەغاوە) بە هۆی جیاوازیی ئەتنیکییەوە. بە فەرمان و پشتیوانیی بەشیر میلیشیای عەرەبی جەنجەوید بۆ ماوەی 5 ساڵ گوندەکانی خەڵکە ناعەرەبەکانی لە دارفۆر وێران دەکرد و ڕاوەدووی ئەوانەشی دەنا کە بەرەو بیابان هەڵدەهاتن، ئەوانەی دەشگیران دەخرانە ئۆردوگای زۆرەملێوە تا هەلومەرجی فەوتاندنیان ئاسان بێت. بە بەبەڵگە ساخ بووەتەوە کە بەشیر هەموو دەزگاکانی دەوڵەت (سوپا، هەواڵگری، دەزگاکانی دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و دادوەری)ی وا جۆش دابوو، کە ئەوانەی لە نێو ئۆردوگاکاندا دەژین بە جۆرێ بەرنامەڕێژییان بۆ بکرێت کە بمرن. هێرشەکانی سەر دارفۆر ڕەگەزپەرستانە بوون، چونکە هیچ کاتێک گوندێکی عەرەبی ئەو هەرێمەی نەگرتووەتەوە. منداڵەکان جەنجەوید ناوێکە لەو منداڵانە دەنرێ کە بە هۆی دەستدرێژیی چەکدارانی جەنجەویدەوە بۆ سەر کچەکانی دارفۆر لە دایک دەبن، ئەو کچانە و منداڵەکانیشیان بەهۆی ڕق لێبوونەوەی خەڵکەکە لە میلیشاکەی جەنجەوید.



حکومەتی سوودان ناڕەزایی توندی خۆی بەرامبەر بە بڕیاری دادگای لاهای دەربڕی و، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی سوودانیش، سەلاح غوش گوتی"هەر کەسێک بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیاردا بکات دژی سەرۆک سەرۆک بەشیر دەستی لە بنەوە دەبڕینەوە".

دادوەری دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانیش ڕایگەیاند" ئێمە 30 شاهێدمان لەلایە کە باس دەکەن چۆن بەشیر هەموو شتێکی بە دەستی خۆی هەڵسووڕاندووە".

داواکاری گشتیی دادگاکە لەوکاتەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایسپاردوون بڕیاری ژمارە 1593ی ساڵی 2005 جێبەجێبکەن، لە هەوڵی لێکۆڵینەوەدایە لەو تاوانانەی حکومەتی سوودان دژ بە گەلی دارفۆر لە ڕۆژئاوای سوودان دا ئەنجامیداون. داواکاری گشتی، ئۆکامبۆ دەڵێ خانمێکی شاهێدعەیان پێیگوتووە"سەربازێک ویستی بمکوژێ، هاوەڵەکەی پێیگوت، بۆچی گوللەیەک خەسار دەکەی، خۆی لەو بیابانەدا دەمرێ". نەتەوە یەکگرتووەکان حکومەتی سوودان بە کوشتنی 300 کەس لە خەڵکی دارفۆر و دەربەدەر کردنی 2،2 ملیۆن کەسی دی تۆمەتبارکردووە، حکومەتی سوودانیش دەڵێ هەر تەنیا 10 هەزار کەس کوژراون، بڕیاریشی داوە بەرەنگاری ئەو بڕیارە ببێتەوە و هەوڵدەدات لە ئاستی عەرەبی و ئەفریقیدا بکەوێتە جووڵە.

چین،کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشە و دۆستی سوودانە نیگەرانیی خۆی دەربڕی. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین گوتی " چین داوا لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان دەکات لەم کاتەدا لەو کێشەیە نەکۆڵێتەوە".

وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش، هیلاری کلینتن ڕایگەیاند" ئەگەر سەرۆکی سوودان پێیوایە بە ناهەق تۆمەتی جەنگی دراوەتە پاڵ، ئەوا دەتوانێ لە دادگا داکۆکی لە خۆی بکات".

دوای چەند سەعاتێک لە دەرچوونی بڕیارەکە، عومەر حەسەن بەشیر بە ئۆتومبێلێکی سەر واڵا بە شەقامەکانی پایتەختدا سووڕایەوە و لایەنگرانی دروشمی"بە خوێن و بە گیان خۆمانت بە قوربان دەکەین"ئەویش بەبەرزکردنەوەی گۆپالەکەی سەمای دەکرد و هەڵدەپەڕی، لەولاشەوە هەزاران کەسی برسی لە خێوەتگەکاندا چاوەڕوانی ڕووداوەکانن، بەتایبەتیش کە گەیشتنی ڕێکخراوە کۆ مە کبە خشە بیانییەکان بۆ لای ئەوان زەحمەتتر دەبێ.

**عومەر حەسەن ئەلبەشیر کێیە؟**

- ساڵی 1944 لە گوندی حۆس بانقا، لە باکووری سوودان لەدایکبووە.
- ساڵی 1967 کۆلیژی جەنگی تەواو کردووە. ماستەری لەزانستی سەربازیدا هەیە.
- لە ساڵی 1973دا لە گەڵ سوپای میسر بەشداری شەڕی دژی ئیسرائیلی کردووە.
- لە 1987ەوە تا 1989 فەرماندەی لیوای 8ی پیادە بووە.
- لە 1989ەوە تا 1993 سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتیمانی بووە.
- بە کودەتایەکی سەربازی،بەپشتیوانی ڕەوتی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی حەسەن تورابی،بووە سەرۆکی سوودان، دواتر نێوانی هەردوو لا تێکچوو، لە ئاکامدا ئەلبەشیر پەرلەمانی ئابڵووقە دا و دواتر هەڵیوەشاندەوە.
- لە 1956وە کە سوودان سەربەخۆیی بەدەستهێناوە،ماوەی سەرۆکایەتی بەشیر بەهۆی پەیوەندی بەتینی لەهەموو سەرۆکەکان درێژتربووە.



دادگای لاهای

(فۆتۆ: ڕووداو)

بەگوێرەی پسپۆران ژنانی ڕووسیا وەک بۆمبێکی تەوقیتکراون!

# ڕووسیا دەکەوێتە دەست ئایدز

ڕووداو- مۆسکۆ

ئایدز، خواردنەوە کحولییەکان و مادەبێهۆشکەرەکان بوونەتە بەڵایەکی گەورەی بەسەر ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی ڕووسیاوە. بەتایبەتی ئایدز کە نەخۆشییەکی کوشندەیە و بەخێرایی بڵاودەبێتەوەو لە ئێستاوە هەڕەشە لە دوارۆژی ڕووسیا دەکات.

بەپێی ڕاپۆرت و ئامارە فەرمییەکان، ڕووسیا لەبەر نەخۆشی ئایدز کەوتووەتە ژێر هەڕەشەیەکی گەورە. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ژمارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی HİV'3 لە ڕووسیا گەیشتووەتە 3 ملیۆن کەس.

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ڕووسیا، لە کۆی 400 هەزار نەخۆشی ئایدز 80%یان گەنجی 15-30 ساڵین . هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مادە بێهۆشکەرەکان. لەبەر ئەوەی گەنجەکان دەرزی کۆنی مادە بێهۆشکەرەکان بەکاردێنن، ئەو نەخۆشییە زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە. لەشارە گەورەکانی وەک مۆسکۆ و پترسبۆرگیش ئەو نەخۆشییە وەک هۆکاری دووەم بە ڕێگەی سێکسکردنەوە بڵاودەبێتەوە. لەساڵی 2001 دا ڕێژەی ئەو کەسانەی بەڕێگەی سێکسکردنەوە تووشی ئایدز بوون 6%بوون، بەڵام لەساڵی 2005دا ئەو ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ 45%. هەر لەوپێوەندییەشدا ئاشکرابوو کە 15 منداڵ بە ڤایرۆسی ئایدزەوە لەدایکبوون.

سەرۆکی ناوەندی لێکۆلینەوەکانی ئایدز، ڤادیم پاکرۆڤسکی Vadîm Pakrovskî دەڵێ، بەپێی ئامارەکانی ساڵی ڕابردوو دەرکەوتووە کە لە هەر 100 گەنجی 18-23 ساڵی یەک کەس تووشی ئایدز بووەو، ئەو ڤایرۆسەی بەهۆی سێکسەوە هەڵگرتووە .پاکرۆڤسکی دەڵێ "بەتایبەتی لە مۆسکۆ، سێکسی بێ کۆنترۆڵ واتە خۆکوشتن".

سەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی گەلگێنانی ئۆنیشینکۆ Gel Gennai Onienko دەڵێ ئایدز لە ئاوراسیادابەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو ژنان دا بڵاودەبێتەوە.

ڕووسیا کە ساڵانە 700 هەزار کەس لە دانیشتوانەکەی کەم دەبێتەوە، بەهۆی زۆری مردن و منداڵ دروستنەکردنی ژنانی ڕووسەوە، ئایدز هەڕەشەیەکی زۆری لێدەکات. بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕووسیا بایەخێکی زۆر بەکۆنترڵکردنی دەدەن .

بەپێی ئاژانسی RIA ژمارەی ئەو کەسانەی



سڤیتلانا ئیزامبابیێڤا شاجوانی ئایدز

کە تاکۆتایی ساڵی 2008 تووشی نەخۆشی ئایدز بوونە 450 هەزار کەسە لە ڕووسیا، کە 80% لە تەمەنی خوار 30 ساڵیەوەن . هەروەها لەنێو ژنانی سکپڕدا ژمارەی تووشبووانی ئایدز زۆر زیاد بووە، کە ژمارەی هەرە زیاتریان لە مۆسکۆ و پیترسبۆرگن.

ناڕوونی ژمارەی تووشبووانی ئایدز بەردەوامە. لەساڵی 2007 دا UNAİDS دەزگای بەرەنگاربوونەوەی ئایدز کە دەزگایەکی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئاشکرای کرد کە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە ڕووسیا تووشی ئایدز بوون، بەڵام سەرۆکی ناوەندی لێکۆلینەوەکانی ئایدز ڤادیم پاکرۆڤسکی گوتی " بەپێی ئاماری ئێمە ژمارەی تووشبووانی ئایدز 403هەزار کەسە لە کۆی 130 ملیۆن دانیشتووی ڕووسیا".

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ئامارەکان ڕۆژانە 80کەس بەهۆی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکانەوە لە ڕووسیا دەمرن. کە ساڵانە دەکاتە 30هەزار کەس، کە هەموویان کەسانی گەنج و خاوەن توانای کارکردنن. هەروەها بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی ڕووسیا زیاتر لە 2 ملیۆن کەس مادە بێهۆشکەرەکان بەکاردێنن، کە ئێستا 537هەزار کەسیان لە نەخۆشخانەکان لە ژێر چارەسەریدان. هەروەها ڕێژەی ئالودەبووانی ئەلکحولیش یەکجار زۆرە.

بەپێی دەزگای تەندروستیی جیهانی WHO ڕووسیا لە سەرووی ئەو وڵاتانەوە دێت، کە ئایدز لەنێو کەسانی تریاککێشانیدا زۆرە. بەشێوەیەک 75%ی تریاککێشانی ڕووسیا تووشی ئایدز بوون. ئەو ڕێژەیە لە ئەمریکا 22%یە و لە چینیش 19%یە.

WHO ئاشکرای کرد کە دەوڵەتی ڕووسیا بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی نییە بۆ دەرمانکردنی تریاککیشان، ئەو هەڕەشەیەش وەک بۆمبێکی تەوقیتکراوە لەسەر دوارۆژی ڕووسیا. ڕاپۆرتی WHO دەڵێ ڕووسیا بۆ چارەسەری هەڵگرانی ڤایرۆسی HİV'3 خاوەن بەرنامە نییە و هەوڵدانەکانی ڕووسیا لەو بوارەدا سەرکەوتوو نین.

ئایدز لە ڕووسیا هێندە بڵاوە، پێشبرکێی شاجوانی ئایدزیشی لێ سازدەکرێت. ئەو پێشبرکێیە کە ساڵی ڕابردوو دەستپێکردو ساڵانە دەکرێت، لەساڵی ڕابردوودا سڤیتلانا ئیزامبابیێڤا Svetlana Izambayeva هاتە هەڵبژاردن. سڤیتلانا کە لەساڵی 2002 دا بەبێ خۆپاراستن سێکسی لەگەڵ کەسێک کردووە، تووشی ئایدز بووە .



لە کۆنگۆ

# دەستدرێژیکردنە سەر ژنان بەردەوامە

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

توندوتیژی جنسی لەدژی ژنان بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخراو لە وڵاتی کۆنگۆ پەیڕەو دەکرێت. لەو 5 ساڵەی دواییدا، دەیان هەزار ژن لەو وڵاتە لەلایەن یەکە تایبەتییەکان و سەربازەکان دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر. ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرامبەر ئەو کارەساتە مرۆڤایەتییە بێدەنگن.

لە کۆنگۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژنان بووەتە دیاردەیەکی ڕۆژانە. دەستدرێژیکەران جگە لە دەستدرێژی، ژنەکان زۆر دڕندانە ئەشکەنجە دەدەن.

نەخۆشخانەیەک لە باکووری باکوڤا بۆ قوربانیانی دەستدرێژییە سێکسیەکان کراوەتەوە. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەنیس موکەنگەرە لەسەر ئەو هۆڤێتییە دەڵێ " دەستدرێژی وەکو چەکێک لە شەڕ بەکار دێ. ژنان لەبەر چاوی خێزانەکانیان دەستدرێژیان دەکرێتە سەر، پیاوەکان ناچار دەکرێن تا سەیریان بکەن. دوای ئەوەی دەستدرێژی دەکەنە سەر قوربانیەکانیان، بەچەقۆ و لولەی تفەنگەکانیان بەردەبنە ئەندامە زاێندەییەکانی ئەو ژنانە".

ئەو نەخۆشخانەیە لەوەتای لە سودکیوی پایەتەخت دامەزراوە، یەک ڕۆژ چۆڵ نەبووە. لەو هەرێمە کە 10 ساڵە لانکەی ڕاپەڕینە و دەکەوێتە سەر سنووری ڕواندا، وەک ناوەندی دەستدرێژیکردنە سەر ژنان دەناسرێ.

لەساڵی 2000 دکتۆر دەنیس موکێنگەر بووە شاهیدی ڕووداوی زۆر ناخۆش . چەندین ژن و کچ کە ئەندامە زاێندییە جنسییەکانیان بڕدرابوون، سەریان لە نەخۆشخانەکەی ئەو دەدا. دکتۆر دەنیس دەڵێ، هێرشکەرەکان ژنان ناکوژن، بەڵام بە ڕێگەی ئەشکەنجەدان ئەوان لەڕووی دەروونییەوە دەکوژن. لە نەخۆشخانەی دکتۆر دەنیس هەموو ساڵێک 3500 ژن کە ئەندامە زاێندەییەکانیان بە سەختی بریندارکراون چارەسەر دەکرێن. تا ئێستا نەخۆشی هەرە بچووک تەمەنی 3 ساڵ بووە و هەرە بەتەمەنەکەشیان تەمەنی 75 ساڵ بووە.

### هەندێ لە تاوانباران سەرباز و پۆلیسن

لە چەند مانگی ساڵی 2007 دا لەو هەرێمە 4500 ڕووداوی دەستدرێژیکردن تۆمارکراون . ڕیپۆرتەری تایبەتی سەبارەت بەتاوانەکانی دژی ژنان لە نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆفیسۆر یاکین ئەرتورک دەڵێ" بەرپرسی سەرەکی ئەو تاوانانە، گرووپە چەکدارەکانی دەرەوەی چوارچێوەی حکومەتن، کە هەندێک لەو گرووپانە بەشداریان لە کۆکوژییەکانی ڕواندا کردووە، ئەوان لە دارستانەکاندا دەژین . تاڵان و دەستدرێژی ئەنجام دەدەن، ژنان و کچان دەرفێنن و وەکو کۆیلە کاریان پێدەکەن". بەڵام ئەرتورک ئەوەش ئاشکرا دەکات کە 20%ی دەستدرێژیکەران پۆلیس و سەربازن و ئەوان لەلایەن فەرماندەکانیانەوە بەرگریان لێدەکرێت.

هەندێکجار لەکۆبوونەوەکانی لیژنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکرێ. لەساڵی 2005دا ژمارەی ئەو دەستدرێژییە سێکسسانەی تۆمارکران گەیشتە 14200 ڕووداوی دەستدرێژی، بەڵام تەنیا 1%ی ئەو تاوانانەی دەستدرێژی چوونەتە بەردەم دادگا. ئەو چەکدارانەی ڕۆڵێکی گرنگ لەنێو حکومەت دا دەگێڕن، لەبەرامبەر یاساش بێ منەتن.

لەلایەکی دیکە، لە کیسانگانی پایەختی هەرێمی باکووریش، لەساڵی 2009 بەدواوە لەهەر مانگێک نزیکەی 40 منداڵ ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە. بەهۆی فشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پۆلیسی کۆنگۆ هێزێکی تایبەتی بۆ پاراستنی منداڵان دروستکردووە.

### تاوانی جەنگ

دەستدرێژی تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەک، تۆپ، تانک، شمشێر، قەلغان و چەک بەکار هاتووە. دەستدرێژی بۆ ڕووشاندنی شەرەف و تێکدانی مۆراڵ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگی بەکاردێت . لەلایەکی دیکەوە یاری بە شەرەفی ژنان دەکرێت، کە ئەوەش کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تەندروستی کۆمەڵگا دەبێت.

لە ڤێتنام، بۆسنە، چیچان، کوردستان لەسەردەمی شەڕی عێراق و ئێران، دەیان هەزار ژن ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەوە. لە شەڕەکانی ئەفریقیادا، دەستدرێژیکردن چەکێکی سەرەکییە.

دەستدرێژی پێش ئێستا وەک "تاوانکاری شەڕ" پێناسە نەکرابوو. لەکاتی دادگایکردنەکانی نورنبێرگ چاوپۆشی لەتاوانی دەستدرێژکارییەکانی نازییەکان کرابوو. تەنیا لە ژاپۆن دادگای تاوانەکانی شەڕ، لەکاتی دادگاییکردنی هەندێ بەرپرسدا ئیفادەی وەک " لەبەردەم تاوانی دەستدرێژیکردن نەبووەتە ئاستەنگ" بەکارهێنا. بەڵام لەو دادگاییانەش دا دەستدرێژیکردن وەک تاوانێکی پلە دوو، پێناسە دەکرا.

دوای ئەوەی لە شەڕی بۆسنە دەستدرێژیکردنە سەر ژنان بە شێوەیەکی دڕندانە ئەنجامدرا، ئیدی دادگای نێودەوڵەتی کەوتەخۆ. ئەو دادوەرەی دادگا کە لە تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دەکۆڵێتەوە، بەو لێکۆڵینەوانەی دەستی کەوتوون تووشی شۆک بووە، ئەو دەڵێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تا ئێستا چاوی خۆی لە بەرامبەر ئەو تاوانە دژە مرۆڤایەتییە نووقاندووە. دوای ئەوەی تاوانەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی لە بۆسنە کران، ئەو تاوانە کەوتە نێو ڕۆژەڤی دادگاوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەستدرێژی سیستەماتیک لە پەیمانی ڕۆمادا ببێتە یەکێک لەو تاوانە سەرەکیانەی کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان، دادگایی کردن دەیگرێتەوە.



سالانە 3500 ژن کە ئەندامە زایندەییەکانیان بە سەختی بریندارکراون لە نەخۆشخانەی موکێنگەر چارەسەردەکرێن

## ئەو گەنجە سکۆتلەندییەی 40 وڵات گەڕاوە:

# کچانی کورد جوانن بەڵام کچانی ئێرانی جوانترین کچی جیهانن



کچێکی کوردی باکووری کوردستانم خۆشدەوێت و بەنیازم لەداهاتوودا بیکەمە هاوسەری خۆم (فۆتۆ:ڕووداو)

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**ڕووداو-هەولێر**

مایکل گەن، ئەو ڕۆژنامەنووسە سکۆتلەندییە کە هەتا ئێستا 40 وڵاتی جیهان گەڕاوە و خۆی حەز دەکات بە "نووسەرێکی گەڕۆک" بناسرێت، ئێستا لەکوردستانە بۆ ئەوەی چەند شوێنێکی مێژوویی و ئاینی ببینێت.

پێدەچوو مایکڵ بەپەرۆش بێت بۆ بینینی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و ڕاستەوخۆ پرسیاری لێکردم و گوتی "حەز دەکەم شوێنێکم لەکوردستان پێ بڵێی کە پێنچ ڕۆژ هەر بەپێ بڕۆم و ئۆتومبێلی لێ نەبینم".

مایکل تەمەنی 30 ساڵانە، بەڵام بە ڕواڵەت لە 20 ساڵی دەچێ، دەڵێ "تا ئێستا 40 وڵاتی دونیا گەڕاوم و لەو وڵاتانەی بینیومە، زۆر حەزم لە ئێرانە، ماوەی چوار مانگ لەوێ ژیاوم". بەقسەی مایکڵ ئەو تەنیا چوار مانگی لەئێران بردووەتە سەر، بەڵام کاتێک لەگەڵ هاوکارێکم بە فارسی قسەی دەکرد، بە فارسییەکی زۆر ڕەوان قسەی دەکرد، کەکەم کەس باوەڕی دەکرد ئەوە زانین و فۆنەتیکی چوار مانگ بێت. مایکڵ زانینی زمانە فارسییەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "کاتێک لە هوتێلێک لە ڕۆمانیا دەژیام، کچە هاوڕێیەکی پۆڵەندیم هەبوو کە زمانی فارسی دەزانی، لەڕێگای ئەوەوە زمانی فارسی فێر بووم".

مایکڵ گەن، ئێستا پەیامنێری گۆڤارێکی مانگانەی بەریتانییە بەناوی (تابلۆید) و، خاوەنی ئیمتیازی ئەو گۆڤارە هەروەکو خۆی گوتی چەند کڵێسەیەکی کاسۆلیکی بەریتانین "بەڵام مەرج نییە بابەتی گۆڤارەکە هەمووی ئاینی بێت"، بابەتەکانی مایکڵ زیاتر لەبارەی گەشتوگوزار و زانیاری لەسەر وڵاتانە و ئەمجارەش بەنیازە ڕاپۆرتێک دەربارەی ژیانی مەسیحییەکان لە کوردستان و عێراق ئامادەبکات.

مایکڵ گەن، کە بەپێچەوانەی زۆربەی ڕۆژئاواییەکان کەمێک شەرمنە، زۆری حەزی لە گەڕانە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەمبارەیەوە گوتی " بە پێ تورکیا و ئێران و عێراقم کردووە، بەنیازیشم بچمە سووریا و ئوردن". ئەو کە تەنیا کامیرا و جانتایەکی زۆر بچووکی پێیە، چەند جارێک لەلایەن پاسەوانی سەر سنوور دەستگیر کراوە، "بەڵام پاش ئەوەی بۆیان ئاشکرا بووە کە ڕۆژنامەنووسم، ئازادیان کردووم".

مایکڵ، بەنیازە لەدوای گەشتەکەی هەرێمی کوردستان، سەردانی سووریا بکات و لەوێ زمانی عەرەبی بخوێنێت، ئەمەش بەمەبەستی "سوود وەرگرتن لەو زمانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەو وڵاتە".

مایکل دەڵێ ئەو لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی بەریتانی کاری کردووە، لەوانە ڕۆژنامەی (سکۆتسمان)ی سکۆتلەندی، (دەیلی تێلەگراف)ی بەریتانی و گۆڤاری (ستەیتمان)ی بەریتانی.

گەن لەگەڵ ئەوەی شێوەی ژیانی ئێرانی پێ خۆشە، بەخۆشترین وڵاتیشی دادەنێ، ئەوەشی درکاند کە "لەو وڵاتانەی بینیوومە و لە ڕووی جوانییەوە کچی ئێرانی لەپلەی یەکەم دێن و کچەکانی کۆریای باشووریش لە پلەی دووەم"، بەڵام لە کۆتاییدا خۆیدا بەدەستەوەدا و گوتی "ئێستا هاوڕێی کچم نییە، بەڵام کچێکی کوردی باکووری کوردستانم خۆشدەوێت و بەنیازم لەداهاتوودا بیکەمە هاوسەری خۆم".

کاتێکیش لە گفتوگۆکەمان بووینەوە، هەروەکو پیشەی هەمیشەیی، مایکڵ داوای لێکردم کە چۆن بگاتە لای قەڵای هەولێر "دەمەوێت بەپێ بڕۆمە نێو بازاڕی هەولێر و سەردانی قەڵا بکەم".

# کۆسۆفی زاخۆ داگیرکر

## " ناڤێ کورێ من کۆسوفی یە"



ئەسمەر موهەنەد عومەر

**نەجمەددین نێروەیی**
**ڕووداو – زاخۆ**

ئەڤە دەمەکە چەند زنجیرەکێن تورکی لسەر هندەک کەنالێن عەرەبی دەردکەڤن و، بووینە جهێ بەرێخودانا خەلکەکێ زۆر ل کوردستانێ، چاڤ لێکرنا وان هندەک جۆرێن ترومبێل و جلوبەرگان ب ڕەواج ئێخستینە، نە تەنێ ئەو بەلکو هندەک کوڕ و کچێن زاخۆ وەکی وان دهێن و دچن . دەمێ ئەڤ زنجیرە دەردکەڤن کولان و شەقام بێ دەنگ دبن، زۆر جارا لسەر ڤان زنجیرا چەندین ئاریشە دناڤبەرا خێزانانداا پەیدا دبن. حەتا گەهشتیە هندێ کو خەلک ب موبایلێن خۆ پەیوەندیێ ب ڤان ئەکتەرا بکەن و دگەل باخڤن، یانکۆ ژ بلی فێربوونا ڕەوشت و تیتالێن بیانیا مالێ خو ژێ لسەر ددەن.

ڕۆژین محەممەد، ئافرەتەکا 27 سالییە، د بێژی ئەز شەڤێدی دگەل کۆسۆڤۆی ئاخڤتم "ئەو ژی پشتی من چەند جارا تەلەفون بۆ کری حەتا جارەکێ جابا من دای و دگەل من ئاخڤت بەلێ پا کوردی نە دزانی و ل من نە دگەهشت کا ئەز چ دبێژمێ و من ژی گووتێ خودێ ئەم گەلەک حەز ژتە دکەین و زنجیرا تە زۆر یا خوشە، لێ نەبوو دوو دەقیقە بوو، ئەز گەلەک نە ئاخڤتم چونکو کارتا من خلاس بوو و تەلەفون قەت بوو و لێ تشتێ وی گوتیە من ئەڤە بوو : ئەز باشم، شکرا".

ناجی ڕەزاق، تەمەن 24 سال، ئەڤە دەه ڕۆژە کورەک پەیدابوویە و ژ بەرکو هەڤژینا وی زۆر حەز ژ کوسۆڤۆی دکەت دبێژی "من ناڤێ کورێ خۆ یێ کرییە کوسۆڤۆ". سەمیان ئەحمەدی ژی ناڤێ کوڕێ خۆ کریە موهەنەد کو پالەوانێ زنجیرا (نور)بوو. سەمیان دبێژی " من ناڤێ کورێ خۆ یێ کرییە موهەنەد، چونکە چاڤێت وی د شینن و ڕەنگێ وی ددەت".

ژ بلی موهەنەد و کوسۆفی جلێن ڕەش بازێرێ زاخۆ داگرتینە و هەمی یێ کەفتییە د بن جلێن ڕەش دا، هەر ژ قەمیسی و پەنتەرونی تا دگەهیتە پێلاڤێ، ئەڤە ژی ژ بەر ئەکتەرێ تورکی ئەسمەر، کو ل زنجیرا تورکی یا دوبلاژکری (وتمچی الایام)دا دەردکەڤیت.

جهێ سەرنج ڕاکێشانێ و پرسێیە ئایا ئەگەر ئەڤ ئەکتەرێن هە کورد بانە و ل کوردستانێ ژیابان دا خەلک چاڤ لێ کەن و ناڤێن وان داننە سەر زاروکێن خۆ؟ قەت باوەڕ نەکە. چونکی هیچ زنجیرە درامایەکا کوردی ئەڤ کاریگەرییە نەبووە، ژبلی زنجیرا (گەردەلول) کو ل سلێمانی و کەرکووک و هەولێرێ کاریگەرییەک چێکر و مۆدیلێ 2009ی لاندگرۆزر کرە وەنەوشە،لێ ل دهۆکێ کاریگەرییەک وسا نەبوو.

خودانێ پێشانگەهەکا ترومبێلا بناڤێ لەزگین تۆفیق، گۆت بەری ئەڤ زنجیرە دەرکەڤن، خەلکی هندە پیتە ب ترومبێلا کو دبێژنێ کۆسۆفی نەددا " لێ پشتی ئەڤ زنجیرە دەرکەفتی خەلکەک زۆر دهێت بۆ کرینا ڤان جورە ترومبێلا و بهایێ هەر ترومبێلەکێ نێزیکی 3000 – 4000دۆلار لێ زێدە بوویە".

خەلات عەبدی،خودانێ دوکانەکا جلوبەرگانە، دبێژیت ئەڤ جلێن ڕەش و چاکیتێن ڕەش و درێژ نها باش تێنە فرۆتن ژ بەر دەرکەفتنا ڤان زنجیرا و خەلک چاڤ لێکرنێ دکەتن.



# کچان لەباوکیانەوە فێری خواردنەوە دەبن

**لەنیا مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

کاتێک دایک و باوکی سروشت لە یەکتر جیابوونەوەو، باوکی ژنێکی دیکەی هێنا، سروشت تەواو بێزار دەبوو کاتێک باوەژنی لەشوێنی دایکی دەبینی، بۆیە پەنای بردە بەر مەی خواردنەوە، کاتێکیش ئەو نهێنییەی لەلای باوکی ئاشکرا کرد، باوکی هیچ ڕێگری لێنەکرد. بۆیە ئێستا خواردنەوە لای ئەو کچە بووەتە شتێکی زۆر ئاسایی.

خواردنەوە لەنێو کچانی سلێمانیدا پەرەی سەندووەو هەندێک لەوانە بە بەرچاوی باوک و براکانیانەوە سەرگەرم دەکەن و هەندێکیشیان بە قاچاخ بادەنۆشی دەکەن، هەریەک لەو کچانەش، هۆکاری جیا جیا لەپشت مەی خواردنەوەکەیەوە دادەنێ.

هەندێک لەو کچانە کەسوکاریان ڕێگەخۆشکەر بوونە بۆ خواردنەوەیان. (د.س) کچێکی تەمەن 25 ساڵەو، یەکێکە لەو کچانەی بەردەوام دەخواتەوە "لەتاقیکردنەوەیەک دەرنەچوو بووم، زۆرم خەفەتم خوارد، بۆیە باوکم هەندێک مەی بۆ کردمە ناو بیبسییەوە گوتی کچم بیخۆرەوە". ئیتر لەو کاتەوە ڕوویکردە خواردنەوە.

ئەو کە خوێندکاری زانکۆیە هەر کاتێک حەز بکات بخواتەوە، بەفرگرەکەی ماڵەوەیان دەکاتەوەو قوتوویەکی بیرە هەڵدەپچڕێ و بەسەری دادەکات.

ئەگەر کچان بۆ خۆشی و کەیف بخۆنەوە، ئەوا هەژاری و نەهامەتی شەهلای تەمەن 38 ساڵیان فێری خواردنەوە کردووە. شەهلا چیرۆکی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم و سێ پیاوی دەوڵەمەند چووینە دەرەوە، پیاوەکان دەیان خواردەوەو داوایان لە ئێمەش دەکرد لەگەڵیان بخۆینەوە، کە خواردمەوە، جەوێکی زۆر خۆشی پێدام و لەو کاتەوە فێری خواردنەوە بووم".

لەماڵی شەونمی تەمەن 25 ساڵ، زۆرجار بیرە بەهاوینان بۆ تێنوێتی شکاندن دەخورێتەوە. باوکی شەونم کە دووکانی مەیفرۆشتنی هەیە، تەواوی خێزانەکەی فێری خواردنەوە بووە، وەک شەونم گوتی "بەپێی مەجال دەخۆینەوەو تەنانەت دایکیشم دەخواتەوە". شەونم وەک کچەکانی دیکە پێویستی بەوە نییە بچێتە بازاڕ بۆ مەی کڕین "باوکم ئێواران لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتەوە".

مەی خواردنەوە بەپێی ئایین حەرامە، بۆیەش مەی خواردنەوەی پیاوان لەنێو کۆمەڵگەی کوردی دا شتێکی نەخوازراوەو، مەی خواردنەوەی کچان و ژنانیش هەر زۆر جێی نارەزاییە، زۆربەی جار مەیخۆران بەگشتی بەر نەفرەتی کۆمەڵگە دەکەون.

ناسکە محەممەد، 23ساڵ، خوێندکاری ئامادەییە، کە زۆر رقی لە مەی خواردنەوەیە، نیگەرانە لە زیادبوونی ڕێژەی کچە مەیخۆرەکان و دەڵێ "مەیخواردنەوە لەناو کچان بووەتە لاساییکردنەوە".

مەلا ئەحمەد قامیشی، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی شەفیق بەگ لەسلێمانی لەبارەی دید وتێڕوانینی شەریعەتی ئیسلام بۆ خواردنەوە دەڵێ، لەئیسلامدا خواردنەوە ناونراوە"دایکی گوناهەکان". ئەو دەڵێ " مەی خواردنەوە بۆ ژن و پیاو یەک سزای هەیە و جیاوازی نییە، بەڵام کارەساتی خواردنەوەی ژن لەوەدایە کە کاریگەری زیاتری دەبێت لەبڵاوکردنەوەی خراپەو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی خواردنەوەی کچان و ژنان بۆ هۆکاری جیاجیا دەگێڕنەوەو هاوکات جەخت لەسەر ئەوەش دەکەنەوە، کە هێشتا کۆمەڵگەی کوردی ناتوانێ خواردنەوەی کچان قبوڵ بکات. بژار شەهاب، توێژەری کۆمەڵایەتی گوتی "کرانەوەمان بەرووی دونیاداو خێزان و هاوڕێی خراپ، هۆکاری کاریگەرن بۆ پەرەسەندنی خواردنەوە لەناو کچان". بژار شەهاب گوتیشی "کچان بەنهێنی دەخۆنەوەو تەنانەت ئەگەر خێزانەکەشیان ڕێگەیان پێبدەن، ناتوانن لەدەرەوە ئاشکرای بکەن کە دەخۆنەوە، چونکە کۆمەڵگاکە قبوڵی ناکات".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە لەو باوەڕەدا نییە ژنان لەژێر کاریگەری کێشەکانیان پەنا ببەنە بەر خواردنەوە "چونکە ژنی کورد بەرگەی زۆرترین نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەی گرتووە و بیری لەوەش نەکردووەتەوە کە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەینەتیانە پەنا بۆخواردنەوە ببات". بژار هۆکارەکە زیاتر بۆ لاساییکردنەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت "کاتێک لە شاشەی تیڤییەکانەوە دەبینن لەرۆژئاوا، ژن و پیاو پێکەوە دەخۆنەوە، ئەوانیش لاساییان دەکەنەوە".



# گەنجانی سلێمانی یۆگا دەکەن



**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

13 ساڵ لەمەوبەر، هاوبیر کامەران، 27 ساڵ، لە ڕێگەی کتێبێکەوە یۆگای ناسی و بڕیاریدا خۆی بگەیێنێتە یۆگییەکانی ئێران، یۆنان، سوید، هۆڵەندا و ئەڵمانیا، تا بە تەواوی ئاشنای یۆگا ببێ. ئەو ئێستا لە سلێمانی "کۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی" هەیە، کە تاکە کۆمەڵەیە ڕاهێنانی یۆگا بەخەڵکی دەکات لەسلێمانی. ژمارەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە لە70کچ و کوڕ تێپەڕیوە.

یۆگا بەلای کۆمەڵگەی کوردییەوە نامۆیە، بەڵام مێژووی دروستبوونی بۆ سەتان ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. شری شیام سوندار گۆسوامی لەساڵی 1891 لەباکووری بەنگالی هیندستان، پەیمانگەی یۆگای گۆسوامی دامەزراند. ئێستا هاوبیر کامەران دەیەوێت گەنجانی سلێمانی لە ڕاهێنانەکانی یۆگا نزیک بکاتەوە "لەسەرەتاوە کەمێک سڵەمینەوە هەبوو لەبەرامبەر یۆگاو بەگومانەوە لێیان دەڕوانی، بەڵام ئێستا گەنجان دەیانەوێ لە ڕێگەی یۆگاوە جەستەیەکی تەندروست و دەروونێکی ئارامیان دەست بکەوێت".

(کۆمەڵەی هونەری یۆگا) لە 1999/8/1 لە سلێمانی دامەزراوەو، لە یەکەمین کۆنفرانسیدا لە 2008/6/1 ناوەکەی کرایە کۆمەڵەی یۆگای گۆسوامی. ئێستا ئەو مامۆستا یۆگییانەی هاوبیر پێیگەیاندوون، سەرقاڵی بەڕێوەبردنی خولی ژمارە 35ن. هاوبیر کامەران بەو جۆرە پێناسەی یۆگا دەکات



سێ گەنج لە کاتی یۆگاکردندا

"یۆگا نە ئاینەو نە فەلسەفەیە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناخی خۆت و ئارامکردنەوەی دەروون و بوونی جەستەیەکی تەندروست".

ناهیدە عومەر، 50 ساڵ، تا چوار ساڵ بەر لە ئێستا بەدەست ئازاری بڕبڕەی پشتییەوە دەیناڵاند، بەڵام "یۆگا لەو ئازارە ڕزگاری کردم". پزیشکێک ڕێنمایی ناهیدە دەکات یۆگا بکات "دەستم بە یۆگا کرد، ئێستا لەشم وەک لاستیکی لێهاتووەو هەست بەهیچ نەخۆشییەک ناکەم". ناهیدە هیچ کاتێک ئامادە نییە واز لە یۆگا بێنێت، چونکە یۆگا ئارامی و ئاسوودەییەکی زۆری پێ دەبەخشێ، هەروەها بە باشی دەزانێ کورد یۆگا بکات "چونکە ئێستا لە کوردستان نەخۆشی دەروونی زۆر بووە".



یۆگا، وشەیەکی سانسکریتییەو بەمانای یەکبوون و ئاوێزان بوون دێت. ئەو گەنجانەی لە سلێمانی ڕاهێنانی یۆگا دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە یۆگا ژیانی ئەوانی گۆڕیوەو بوونەتە مرۆڤێکی تەواو جیاواز. خەندە محەممەد، 23 ساڵ، لەژێر کاریگەری کچە هاوڕێیەکی کە یۆگای کردووە. دەڵێ " هاوڕێیەکەم جگە لەوەی کە ئێستا تەندروستییەکی زۆرباشی هەیە، هەمیشە شادمان و بەهێزیش دێتە بەرچاو".

موحسین ئەحمەد، 27 ساڵ، کە ماوەی 10 ساڵە یۆگا دەکات، توانیویەتی لەڕێگەی یۆگا کۆنترۆڵی لەسەر ژیانی خۆی هەبێ "لەوەتەی یۆگا دەکەم، زۆر بەکەمی پزیشکم بینیوە".

زۆرکەس وەک وەرزشێکی ئاسایی سەیری یۆگا دەکەن، بەڵام هاوبیر کامەران ڕەتیکردەوە کە یۆگا بە تەنیا وەرزش بێت و کارێکی ئەوەندەش ئاسان بێت"پێگەیاندنی مامۆستایەکی یۆگا، وەک چاندن و بەرهەمهێنانی نەمامێکی گوێز وایە و کاتی زۆر دەوێ، چونکە یۆگا تەنها وەرزش نییەو ڕێگایەکی فەلسەفی وعیرفانی قوڵیشە". هاوبیر کامەران کە تا ئێستا ڕاهێنانی بە 1000 کەس کردووە دەڵێ "لەبەر ئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا خەڵک وەک پێویست یۆگا ناناسێت، زیاتر کوڕان دێنە ڕاهێنانی یۆگا، بەتایبەتیش قوتابیانی زانکۆ، پتریشیان ئەوانەن کە قوتابی دەرەوەی شارن و لەبەشە ناوخۆییەکانن".

یۆگی هاوبیر هەرچەندە ئاماژە بەوەدەکات کە هەندێ بەرپرسی حیزبی و حکومیش یۆگا دەکەن، بەڵام دەڵێت ئەوان تەنیا لەلایەنی تەندروستییەوە سوود لە یۆگا دەبینن "بەرپرسەکان بەهۆی سەرقاڵییانەوە ناتوانن بەهەموو لایەنەکانی یۆگاوە پەیوەست بن و تەنها بۆ تەندروستی جەستەیان دێن. ئەوانەی یۆگا دەکەن، دەبێت لەڕووی ئاکاری و ڕۆحیشەوە یۆگا بکەن".

مامۆستایانی ئاینی ئەو گومانە ڕەتدەکەنەوە کە یۆگا لادان بێت لە ئاین. مامۆستا عوزێر حافز، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی حەسەنی عەلاف لەسلێمانی، لەبارەی یۆگا دەڵێت "ئیسلام زۆر تەئکید لەسەر وەرزش و زاڵبون بەسەر غەریزەکاندا دەکاتەوەو یۆگاش دەیەوێ مرۆڤ هەمان شت بکات".

هاوبیر کامەران دەڵێ لەبەر ئەوەی یۆگا ئایین نییە " مەسیحییەک و مسوڵمانێک پێکەوە دەتوانن یۆگی بن". ئەوان بەدەر لەڕاهێنانەکانی یۆگا، تائێستا لەشاری سلێمانی نزیکەی 1000نەمامیان لەنێو باخچەکانی شاردا ڕواندووەو جلوبەرگ و پێڵاویشیان بۆ نزیکەی1000منداڵی هەژارکڕیوە "بودجەمان یەک ملیۆن و نیوەو، پارەیەکی ڕەمزی لەبەشدارانی خولەکان وەردەگرین".

د.محەممەد ئەحمەد، 28ساڵ، ماوەی چوار ساڵە لەڕاهێنانەکانی یۆگا بەردەوامەو دەڵێ، یۆگا زۆر ئاسانە، بەڵام لەسەرەتاوە کەمێک ئیرادەی دەوێت. ئەو پزیشکە گەنجە پێیوایە کە یۆگا تەرکیز و ئارامیت پێدەبەخشێت و وات لێدەکات شتەکان بەجوانی ببینیت "ئێستا من ئەوەندە ئارامم، خەفەت بۆ ئەوانەی دەرەوە دەخۆم کە نایێن یۆگا بکەن و دەروونیان ئارام بکەنەوە". د.محەممەد دەڵێ "یۆگا هیچ شتێکی لێ نەسەندوومەتەوە جگە لەرق و نائارامی و جەستەیەکی نەخۆش".

بەلای پزیشکانەوە یۆگا چارەسەرێکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لەنەخۆشییەکان و هێماش بۆ ئەوە دەکەن کە هەندێکجار نەخۆش هاندەدەن یۆگا بکات. دکتۆرە نیگا حوسێن ڕەحیم، کە پسپۆڕی پزیشکی گشتییە، گوتی "لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کە یۆگا زۆر بەسودە بۆ تەندروستی جەستەیی و دەروونی و ئەقڵی مرۆڤ، یۆگا ئارامت دەکاتەوەو پاڵەپەستۆی دەروونیت لەسەر کەمدەکاتەوە". ئەو نەیشاردەوە کە بۆ خۆشی یۆگا دەکات "من وەکو پزیشکێک هەم خۆم یۆگا دەکەم و هەم ڕێنمایی خەڵکیش دەکەم بەئەنجامدانی یۆگا".

## شەماڵ دەنگی ناگاتە پارتی

# من یەکەم ئارپیجیم لە ئەمنە سوورەکەدا

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو – سلێمانی**

شەماڵ قەرەداخی پێشمەرگەیەکی دێرینی پارتییەو بەشداری 170 چالاکی پارتیزانی کردووەو لەراپەرینەکەشدا، ئارپیجییەکی کاریگەری لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی داوەو تائێستا حەوت جار برینداربووە. شەماڵ دەڵێ " لە هەولێر لەکاتی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بریندارەکان، فازل میرانی پێیگوتم، کاک شەماڵ سەری ئێمەت بەرزکردووە، کەچی ئێستا وەڵامی نووسراوم نادەنەوە و ناتوانم بچمە لای کاک فازل میرانی ".

ئەحمەد حەمە کەریم کاکەبرا، تەمەن 54ساڵ، کە بە شەماڵ ناسراوە، خەڵکی گوندی (نەوتی)ی دەڤەری قەرەداخە، شەماڵ دەڵێت ئەو کە لەساڵی 1981 بووەتە پێشمەرگەو لەشۆڕش دانەبڕاوەو ئێستا لەلقی چواری پارتی درێژە بە خەباتی خۆی دەدات، لەلایەن پارتییەوە پشتگوێ خراوەو گوتی "هەندێک لەوانەی کە ئێستا لەو لقە بەرپرسیارێتیان هەیەو بەرپرسی منن، نیو ئەوەندەی من رەنجیان نەداوە ".

ئەو پێشمەرگە دێرینەی پارتی دوای ئەوەی دەیان جار داوای بینینی بەرپرسەکانی پارتی و مەسعود ساڵەیی و فازل میرانی کردووە، بەڵام هەوڵەکانی بێئاکام بوون، دەیەوێت دەنگی بگاتە پارتی "هەموو بەرپرسەکان خۆیان باش دەزانن من کێم و چیم بۆ پارتی کردووە، بەڵام کەس وەڵامم ناداتەوە". ئەو دەڵێ " لەکاتی چالاکییەکانی پارتیزانیدا، هەمووجۆرە کارێکی سەختیان پێ دەسپاردم و ئێستاش ئەرکی ژیاندنی نۆ سەر خێزانم بەسەرەوەیە، کە مووچەکەم بەشیان ناکات".


شەماڵ

لەساڵی 1987 لەناوچەی قەرەداخ و لەیەکێک لەشەرە قورسەکاندا بەرامبەر سوپای رژێمی سەدام، شەماڵ زۆر بەسەختی بریندار دەبێت و دواتر لەلایەن هاورێکانییەوە گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن "وایانزانی بوو من کوژراوم، بەڵام نەمرد بووم". شەماڵ زۆر شانازیش بەوە دەکات کە بەشداری لەشەڕی خواکورک و ئازادکردنی کەرکووک دا کردووە.

ئەوەی کە ئێستا شەماڵ قەرەداخی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە بەرپرسە باڵاکانی پارتی نایانەوێ هیچ کام لەو پێشمەرگە دێرینانە ببینن و لەنزیکەوە لەگەڵیان دابنیشن "مەسعود ساڵەیی چەند جار بەڵێنی پێداوم و بەڵێنەکانی نەبردووەتە سەر، لەکاتێکدا خۆی باش دەزانێ چیم کردووە".

شەماڵ باس لەوەش دەکات کە لەکاتی راپەرینی بەهاری 1991 یەکەم ئارپیچی لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی داوەو هەر لەوێش بریندار بووە. شەماڵ دەڵێ "داواکارم بتوانم فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ببینم".

# لیستی نەوشیروان فەرهاد پیربال قبوڵ ناکات

لەژمارە 45ی رۆژنامەی (روودا)دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دکتۆر فەرهاد کراوە، لەبەر نا ماقوڵی قسەکانی لەسەر لیستەکەی کاک نەوشیروان حەزمکرد وەڵامی بدەمەوە.

فەرهاد پیربال لەسەرەتاوە دەڵێ "لیستی نەوشیروان لیستی پیرانە"، پێم سەیرە فەرهاد پیربال ئەو قسەیە دەکات، چونکە کاک نەوشیروان تاوەکو ئێستا بڕیاری لیستی نەداوەو پاڵێوراوانی ئاشکرا نەکردوون، نازانم فەرهاد پیربال چۆن دەزانێ، ئەو لیستە لیستی پیرانە. هەروەها جەنابی دکتۆر دەڵێت "من خۆم ناهێنمە ریزی ئەو جۆرە لیستانە)، منیش پێیدەڵێم، لیستی کاک نەوشیروانیش کەسی وەک تۆ قبوڵ ناکەن، چونکە تۆ لەسەر هەموو پەتێ یاری دەکەی.

د. فەرهاد لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ "من دەچمە پاڵ لیستی قوتابی و گەنجان) منیش دەڵێم ئەو لیستە پیرۆزی د.فەرهاد بێ، ئەو لیستەی تۆ پەسەندی دەکەی هەموو هۆش و بیر و پرۆژەی لە شوێنی دیکە دایە، کە ئەو شوێنە خاڵی بووەوە ئەوانیش خاڵی دەبنەوە.

جەنابی دکتۆر لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت "لیستەکەی نەوشیروان تەنیا 3 کورسی پەرلەمان بە دەست دێنێ"، بۆیە منیش پێیدەڵێم خۆ ئەو لیستە لیستەکەی تۆ نییە هیچ دەنگێک بەدەست نەهێنێ، ئەوەتا لە راپرسییەکدا کەچەند رێکخراوێکی مەدەنی ئەنجامیانداوەو 750 هەزار فۆرمیان دابەشکردووە، دەرکەوتووە کە لیستەکەی نەوشیروان لە هەولێر 4 کورسی، گەرمیان 8 کورسی، سلێمانی 6 کورسی و پێنجوین 2 کورسی بەدەست دەهێنێ.

حەز دەکەم ئەوە بۆ دکتۆر فەرهاد روون بکەمەوە کە کاک نەوشیروان خاوەن پێگەی خۆیەتی و دەتوانێ تەرازووی هێز نەک لەناو یەکێتی لەکوردستانیش بگۆڕێ، ئەگەر نەوشیروان کەسێکی خۆویست بووایە ئێستا ئەویش دەبووە سەرمایەدار.

لە کۆتاییدا بە فەرهاد پیربال دەڵێم باشترە تەنیا لە بوارەکەی خۆی قسە بکات.

**سۆلار لەک**
**2009/2/28**
**کەرکوک**


د.فەرهاد پیربال دەچێتە ناو لیستی گەنجانی هەڵەبجە
ناچمە ناو لیستی نەوشیروان چونکە لیستی پیرو نەوەی کۆنە
نزیک بێت یا دوور زۆر مەچوونە ماڵی خەزوور

## رای شەقام

# 8ی مارس بەس قسەیە



**روودا–هەولێر**

**دکتۆرە فەتحییە کاکەیی، مامۆستای زانکۆیە و لە رێکخراوی یارمەتی ئافرەتان کار دەکات، پێیوایە بۆ چارەسەری رەوشی ژنان دەبێت گۆڕان لە سیستەمی پەروەردەو یاساکان بکرێت.**

**روودا: بۆ رۆژی 8ی مارس چ قسەیەکت هەیە؟**

**فەتحییە:** ئەوەی دەگوترێت لە بارەی مافی ئافرەتەوە هەر قسەیە، تا ئێستا ژن مافی خۆی وەرنەگرتووە، توندوتیژیش بەرامبەری بەردەوامە.

**روودا: ئاهەنگ و فیستیڤاڵ لە 8ی مارس، هیچ لە ژیانی ژن دەگۆڕێت؟**

**فەتحیە:** باشن، بەڵام دەبوایە لە هەموو فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان ئەو یادە بکرابایەوە.

**روودا: ئەوە هیچ لە توندوتیژی کەمدەکاتەوە؟**

**فەتحیە:** دەبێت رێژەی ئافرەت لەحکومەت زۆربکرێت، بۆ ئەوەی رەوشی ژن باش ببێت.

**روودا: بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر ژنان چ بکرێت باشە؟**

**فەتحیە:** دەبێت گۆڕان لە پەروەردە و یاسادا بکرێت، چونکە سزاکان زۆر سووکن بەرامبەر بەو پیاوانەی لەگەڵ ژنان خراپن.

# ئەوەی خەڵک چاوەڕوانی نەبوو روویدا



**روودا–هەولێر**

**شنە وریا، موعیدە لە کۆلیژی پزیشکی، پێیوایە راپەڕین بێ بەرهەم نەبووەو خەڵکی رۆشنبیر کردووە.**

**روودا: راپەڕین چ گۆڕانێکی لە رەوشی کوردستان کردووە؟**

**شنە:** کاریگەری زۆری هەبوو، خەڵک لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعس رزگاربوو، بەڵام هەندێک شت خەڵک چاوەڕوانی نەدەکرد رووبدات، روویدا بۆ نمونە ئێستا گەندەڵی زۆرە.

**روودا: ئەگەر خەڵک پێش راپەڕین بیزانیایە دەسەڵاتی کوردی گەندەڵ دەبێت راپەڕینی دەکرد؟**

**شنە:** بەڵێ هەر دەیکرد، لەبەر ئەوەی رەوشی ئەوکات زۆر ناخۆش بوو، خەڵک تەواو بێزاربیبوو، لایەنە باشەکانی راپەڕین زۆرترە.

**روودا: راپەڕین چی لە ژیانی ئافرەتانی کوردستان گۆڕی؟**

**شنە:** ژن زۆرتر تێکەڵ بەخەڵک بوون، پێشتر ژن هەر نەیدەخوێند، ئێستا رۆشنبیرتر بوونە، ئەگەر راپەڕین نەبووایە ئێستا ئەوەندە ژنە نەدەبووە فەرمانبەر.

## لەقەڵادزێ

# کەسوکاری شەهیدان چاوەڕوانی تاپۆکردنی زەوییەکانیانن

**فەرمان چۆمانی**
**روودا–قەڵادزێ**

ساڵێک پترە 71 پارچە زەوی بۆ کەسوکاری شەهیدان لە سنووری شارەوانی قەڵادزێ دەرچوون و تائێستا مامەڵەی تاپۆکردنیان بۆ نەکراوە، ئەوەش کەسوکاری شەهیدانی نیگەران کردووە.

ئاوات سەید ئەحمەد، کە کوڕە شەهیدە بە (روودا)ی راگەیاند "ماوەی ساڵێکە لەسەر راسپاردەی شەهیدانی راپەرین 71 پارچە زەوی بۆ شەهیدان دەرچووە و تا ئێستا مامەڵەی تۆمارکردنیان بۆ نەکراوە و چەند جارێکیش سەردانی بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانیمان کردووە، بەڵام تا ئێستا نەکراوەو هۆکارەکەی نازانین". ئەو کوڕە شەهیدە داوا دەکات حکومەت لەو دڵەڕاوکێیەیان رزگار بکات "یان زەوییەکانمان بۆ تاپۆ بکەن، یان ژمارەی پارچە زەوییەکانمان لێوەربگرنەوە".

رەوەند فەقێ عەبدوڵلا، لێپرسراوی نیشتەجێبوون لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی، لەبارەی کێشەی ئەو 71 پارچە زەوییە گوتی "تاپۆنەکردنی ئەو زەوییانە بەشێکیان پەیوەندی بە کەسوکاری شەهیدانەوە هەیە، چونکە ئەوان کەمتر بەدەم داواکاری ئێمە دێن، ماوەیەکە لیستمان ناردووە بۆ ئەوەی رەگەزنامە و ناسنامەکانیان بنێرن، بەڵام ئەوان درەنگ داواکارییەکەیان جێبەجێکردووە". رەوەند هۆکارێکی دیکەشی بۆ رۆتینی وەزارەتی شارەوانی گەڕاندەوەو گوتی "ئێمە ئێستا چاوەڕوانی وەزارەتی شارەوانین بۆ ئەوەی فەرمانی تۆمارکردنی ئە و زەوییانە دەربکات".

بەڵام ئەندازیار دلاوەر قوباد سەرۆکی شارەوانی قەڵادزێ گوتی "ئێمە بەپێی فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران ئە و پارچە زەویانەمان داوە بە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی و ئەوانیش تیر و پشکیان بۆ کەسوکاری شەهیدان کردووە و ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە و ژمارەی زەویەکانمان داوە بە کەسوکاری شەهیدان، بەڵام تائێستا نووسراوی ئەوان بۆ ئێمە نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی مامەڵەی تۆمارکردنیان بۆ بکەین".

# حاجی نەزیف یەکەم برنج فرۆشی هەولێر

**روودا–هەولێر**

**لەنێو ماڵەکەی خۆیدا دانیشتووەو هەمان ئەو جلەی لەبەردایە کە لە منداڵییەوە خوی پێوە گرتووە، کە بە"زیوون" ناو دەبرێت، حاجی نەزیف بەدەم هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەوە ئاخ بۆ ژیانی رابردووی پیرە هەولێرێ هەڵدەکێشێ و دەڵێت "جاران خەڵک دڵی ساف بوو، فرت و فێڵ نەبوو، یەک پۆلیس حوکمی شاری هەولێری دەکرد".**

**حاجی نەزیف عوسمان ئەربیلی، کە بەحاجی نەزیف برنجفرۆش ناسراوە، لەساڵی 1927 لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر لەدایکبووە. وەک خۆی دەڵێت نزیکەی 50 ساڵ دووکاندار بووەو یەکێک بووە لە بازرگانە دیارەکانی برنجی کوردەواری. حاجی نەزیف لەکاتی وەرزی پێگەیشتنی برنج خۆی و هەباشەکەی وەرێدەکەوت بۆ گوندەکانی کوردستان بەتایبەتیش ناوچەی زراعەتی لە دەشتی هەولێر.**

**حاجی نەزیف دەڵێت کاتی خۆی خەڵکی هەولێر زۆر هەژار بوو، هەموو کەسێک توانای کڕینی برنجی نەبوو" ئەگەر ماڵێک برنجیان لێنابووایە، منداڵەکانیان لەخۆشیان خەویان لێنەدەکەوت و دەیانگوت سبەینێ برنجمان هەیە".**

**حاجی نەزیف لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (روودا)دا باسی رابردووی هەولێر و ژیانی ئەوکاتی هەولێرییەکان دەکات.**

### "نورەدین باش چاوەش حکومەت بوو"

ئەوەی زۆر بەلای حاجی نەزیفەوە گرنگە، مەسەلەی ئەمن و ئاسایشی شاری هەولێر بووە، ئەو دەڵێت جگە لە قەڵات چەند گەڕەکێکی وەک تەعجیل، عەرەب و خانەقا هەبوون، بەڵام باری ئەمنی زۆر پارێزراو بوو، تاوان زۆر کەمبوو، ئەگەر جار بەجار دزییەک روویدابا، دزییەکانیش زیاتر دزینی جاجم و مەڕو ماڵات بوو.

هەروەها باس لەدەسەڵاتی ئەوێ رۆژێ پۆلیس دەکات و دەڵێت " لە هەولێر تەنیا دوو پۆلیس هەبوون یەکێکیان نورەدین باشچاوەش بوو، کە ئەمنییەتی هەموو شاری هەولێری دەپاراست، ئەوی دیکەشیان عەوڵا باشچاوەش بوو، کە عایدی گوندەکانی دەشتی هەولێر بوو".

حاجی نەزیف زیاتر لەبارەی نوردەین باشچاوەش دەدوێت و دەڵێت "کابرایەکی زۆر بەسام بوو، کاخەزی بۆ هەر کەسێک بهێنابا کەس نەیتوانی رەتیبکاتەوە و دەیبردە قشلە، تەنانەت ئەگەر کەسەکە مەلیکیش بووایە، هەموو جارێ کە دەهاتە قەڵاتێ، خەڵک تورەگەی ئەسپەکەیان بۆ پڕ لە کا و جۆ دەکرد، هەندێکجارانیش مریشکێکیشیان لۆ سەر دەبڕی و دەیاندایێ".

### تەنیا دوو کەس دەیانگوت ئێمە تورکمانین

بەپێی گێڕانەوەکەی حاجی نەزیف شاری هەولێر لە نیوەڕاستی سەدەی رابردوودا زیاتر لەیەک خێزان دەچوو، هیچ کەسێک هەستی نەکردووە، کە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و جوولەکە لەو شارەدا بەجیاواز ژیاون.

حاجی نەزیف دەڵێت "لەهەولێرێ عونسورییەت نەبوو، کەس نەیدەگوت فلان تورکمانە یان فلان کوردە یان جولەکەیە، ئەوکات تەنیا دوو کەس هەبوون دەیانگووت ئێمە تورکمانین، ئەویش کەریمە گۆچ هەبوو، خەنجەرێکی لەبەر پشت دەنا دەیگووت من تورکمانم، مام سەعیدیش هەبوو ئەویش دەیگووت ئێمە تورکمانین".

بەپێی قسەی حاجی نەزیف، زۆربەی رۆشنبیران و خوێندەوارانی ئەو سەردەم شیوعی بوون، لەوانەش یەکێک لەبراکانی حاجی نەزیف کە بە مەلا عروس بانگیان دەکرد. ئەو لەبارەی برایەکەی گوتی "براکەم لەلای مەلا ساڵح کۆزەپانکەیی دەیخوێند، زۆر زیرەک بوو، بووە شیوعی، لەسەردەمی مەلیکدا هەولێرییەک زمانی لێدا و بەگرتنی دا، نزیکەی یەک ساڵ گیرا، دواتر ئازادیان کرد".

ئەو یەکێک لە بەسەرهاتەکانی براکەی دەگێڕێتەوەو دەڵێت "کە براکەمیان بەردا، موراقیبەکیان لەسەر دانابوو کابرا بەردەوام دوای دەکەوت، براکەشم زۆر دەگەڕا، تا رۆژەک کابرا هاتە لام، گوتی ئەی هاوار بەو برایەت بڵێ ئەوەندە نەگەڕێ هیلاکی کردم".



### منداڵ زۆر دەمردن

بەپێی گێڕانەوەکانی حاجی نەزیف ئەوکات خەڵک زۆر گوێیان بەپیسی و خاوێنی نەدەدا، زۆربەی خەڵک ئاژەڵ و پەلەوەری لەناو ماڵ بەخێو دەکرد. حاجی گوتی "خەڵکی ئەو کات زۆر گوێی بەپاک و خاوێنی نەدەدا، زۆرجار کە دەهاتینە سەر مەقەڵەی ئاگر خۆمان رادەوەشاند ئەسپێمان لێ هەڵدەوەرا، دەکەوتنە ناو ئاگر دەمانگوت ئەڵلا لەو بۆنە خۆشەی".

حاجی نەزیف باسی لەوە کرد ئەوکات منداڵ زۆر بە کەمی دەژیان " لە 10 منداڵ یەک منداڵ دەما". سەبارەت بەجۆری نەخۆشییەکانیش حاجی نەزیف دەڵێت "نەخۆشی سورێژە زۆر بوو، لە هەندێک شوێن بەتایبەتی گوندەکان، ئەگەر ئاوی خواردنەوەیان پاک نەبووایە، منداڵەکانیان سکیان ئەستوور دەبوو و نەخۆش دەبوون".

ئەوکات دکتۆر زۆر کەمبووە، تەنیا دوو کەس کاری پزیشکییان کردووە ئەوانیش ئیبۆ بەربەر (ئیبراهیم حەلاق) کە سەرتاش بووەو خەڵکیشی چارەسەر کردووە، هەروەها ئەحمەد تەبیب، کە باوکی هونەرمەندی کۆچکردوو فوئاد ئەحمەد بوو. حاجی نەزیف دەڵێت "زۆرجار کە کەسێک دزی دەکرد بریندار دەبوو، دەهاتن ئەحمەد تەبیبیان دەبرد، بۆ ئەوەی برینەکەی تەداوی بکات".

حاجی نەزیف باس لە بەکارهێنانی چەند شتێک دەکات کە کاتی خۆی بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی بەکار دەهات، کە جێگەی سەرسوڕمانن، حاجی دەڵێت دەباغخانەیەک هەبوو لەشێخەڵلا خەڵک دەچوون پاشماوەی دەباغخانەکەیان دەهێنا کە زۆر زۆر پیس بوو "سەگ بیخواردباوە پێی دەتۆپی، دەیانهێنا دەرخواردی نەخۆشییان دەدا". هەروەها بەسەر هاتێکی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت "جارێکیان گوێم ئازاری زۆر بوو، دایکم بە لۆکە هەندێک نەوتی تێکرد، ئێستاش نازانم گوێ ئێشان چییە".

### برنج فرۆشەکانی هەولێر کێ بوون

چەندین برنج فرۆش لە هەولێر هەبوون، بەڵام حاجی نەزیف ئەربیلی دیارترینیان بووە، چونکە ئەو خاوەنی تراکتۆرو ئامێری تایبەت بەخۆی بووەو سەردانی گوندەکانی کوردستان بەتایبەتی گوندەکانی ناوچەی زراعەتی کردووە، لەوێ برنجی لێ کڕیون. بەمەش حاجی نەزیف رێزێکی تایبەتی لەنێو زراریەکان هەبووە.

حاجی نەزیف ناوی چەند برنج فرۆشێکی ئەوکات دەهێنێ، لەوانەش ماڵی مەلا ئەمین، قادر لەبلەب، بەڵام دەڵێت "من دیارترین برنج فرۆشی شاری هەولێر بووم و دوکانم هەبوو، مەخزەنم هەبوو، کیلۆی برنجم بە روبعێک دەفرۆشت، تەنەکەم بە 2 دینارو 3 روبع دەدا".

حاجی نەزیف بەحوکمی پیشەکەی بەسەرهاتی خۆشی هەن، ئەو یەکێک لە بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ (روودا) گێڕایەوەو گوتی "جارێکیان بە تراکتۆر چوومە گوندێک، خەڵکی گوندەکە کە یەکەمجاریان بوو تراکتۆر ببینن، لەوێ گازم لێبڕا، گوتم دەچم گاز دەهێنم، ئاغای گوندەکەش گوتی عارەبانەکەی ببە گازی پێ بهێنە با تراکتۆرەکە لێرە ئیشی خۆی بکات".

### سەید عەبد تەلەفزیۆنی هەولێر بوو

ئەگەر ئێستا خەڵک کاتەکانی شەوانیان بە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و سەتەلایت بەسەر بەرن، ئەوکات بە گوێگرتن لە قەوان و دانیشتن لە چایخانەکان خەڵک کاتی خۆی بەسەر دەبرد. حاجی نەزیف دەڵێت "کاتی خۆی تەلەڤزیۆن و ئەو شتانە نەبوون تەنیا قەوان هەبوو، ئەویش لەچایخانەکان، دوو چایخانە هەبوون چایخانەی مەچکۆ و عەبۆ، شەوان خەڵک لەو چایخانانە کۆ دەبوونەوە، گوێیان لە سەید عەبد دەگرت، ئەویش حیکایەتی عەنتەری دەگێڕایەوە، بە 4 شەو حیکایەتەکەی تەواو دەکرد، حیکایەتەکەی زۆر خۆش دەگێڕایەوە، خەڵکەکە بە ناچاری دەهاتەوە چایخانەکە".

ئەوەی بەلای دانیشتووانی ئەوکاتەوە زۆر سەیر بوو بێ پەیدا بوونی رادیۆ بووە، حاجی نەزیف دەڵێت " لە قەڵات بەس مەلا فەتاح رادیۆی هەبوو، خەڵک پێی سەیر بوو، دواتر براکەم رادیۆیەکی کڕی و خەڵک دەهاتنە ماڵی ئێمە گوێیان لێ رادەگرت".

### سوپەرمارکێتەکەی حاجی نەزیف

حاجی نەزیف ئێستاش ئاخ بۆ رابردووی خۆی هەڵدەکێشێت، ئەو هەرچەندە لەساڵی 1999ەوە دوکانی نەماوە، بەڵام وەک پیشەی جارانی بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستێ و دەچێتە دووکانی کوڕەکەی، حاجی نەزیف وەک خۆی گێڕایەوە دوکانەکەی هیچی کەمتر نەبووە لەسوپەرمارکێتەکانی ئێستا "خەڵکی گوندی کە دەهاتنە لای من پێویستی نەدەکرد بچێتە دووکانێکی دیکە، چونکە دووکانەکەم هەموو شتی تێدابوو، تەنانەت داو و دەرمانیشی تێدا بوو".

# من تورکمان نیم

لەژمارە 39ی رۆژنامەی (روودا)دا راپۆرتێک لەلاپەڕە 4ی رۆژنامەکە لەسەر ماستەر پلانی هەولێر بڵاو کراوەتەوە و رای چەند کەسایەتییەکی هەولێر لەسەر ماستەر پلانەکە وەرگیراوە، کە یەکێکیان منم. دوای بڵاو بوونەوەی راپۆرتەکە چەند کەسێک وا تێگەیشتوون من وەکو کەسایەتییەکی تورکمانی شاری هەولێر قسەم کردووە، بەڵام من بۆ هەموو لایەکی روون دەکەمەوە کە من تورکمان نیم، بەڵکو کوردێکی دڵسۆزی شاری هەولێرم و رێزم بۆ تورکمان هەیە.

**مالیک عەساف**



## زینتا بەخشندەیە

رووداو-رۆیتەرز

◆ کچە ئەکتەری بەناوبانگی هیندی پریتی زینتا، بری 12 ملیۆن دۆلاری بۆ چارەسەری منداڵانی وڵاتەکەی تەرخانکرد کە تووشی نەخۆشی ئایدز بوونە. لەدوای گەڕانەوەی لە ئەوروپا، لەلێدوانێکدا رایگەیاند ئەو پارەیەی لە پرۆژەی سینەمایی داهاتووی بەدەستی دێنێت کە 12 ملیۆن دۆلارە دەیداتە رێکخراوێکی خێرخوازی هیندی تاکو منداڵە تووشبووەکانی وڵاتەکەی بەئایدز، چارەسەر بکات. زینتا تائێستا دوو نەخۆشخانەی بۆ هەژارانی وڵاتەکەی دروستکردووە.



# رەهێڵ لە کوردستانەوە بۆ نێو سینەماکانی ئوستراڵیا

## " کە ئەو رۆڵەیان لەفیلمەکە پێدام خەریکبوو لە خۆشیاندا بفڕم"

رووداو- Sydney Herald sun

سەرەڕای ئەوەی ئەزموونێکی کەمی لەبواری سینەمادا هەیە، رەهێڵ عەبدولڕەحمان، لە لایەن دەرهێنەری ئوستراڵی بەناوبانگ دەیڤد فیلدەوە رۆڵی سەرەکی پێ بەخشراوە لە تازەترین فیلمیدا بەناوی (The Combination) "تێکەڵە".

هەروەکو ئەندامەکانی دیکەی نێو ستافی ئەو فیلمە، دەست نیشانکردنی رەهێڵ بەهۆی ئەو ئەزموونە تاڵەوە بووە کە بەمنداڵی بینیویەتی و وەکو پەنابەریش لە ئوستراڵیا ژیانی بردووەتە سەر.

رەهێڵ کەتەمەنی 15 ساڵە و خەڵکی کوردستانی عێراقە، لەوەوپێش بەشداری لە چەند کورتە فیلمێک کردووە، بەڵام دەڵێ بەشداریکردنی لەو فیلمە، هەتا ئێستا گەورەترین کاریەتی. لەمبارەیەوە رەهێڵ گوتی "هەرگیز ئەزموونی بەشداریکردنی ئەم فیلمەم بیرناچێتەوە، بەتایبەتی کە دەیڤد فیلدی دەرهێنەریەکێکە لە دەرهێنەرە بەناوبانگەکانی ئوستراڵیا".

لەدرێژەی قسەکانیدا رەهێڵ دەربارەی ئەو دەرهێنەرە دەڵێ " ئەو فێریکردم چۆن رۆڵەکەم ببینم و ئازادییەکی دامێ کە هەرگیز نەمبینیبوو، دەیڤد وای لێکردم کە بڕوا بە توانای خۆم بکەم و سەرکەوتووانە رۆڵەکەم ببینم".

فیلمەکە لە لایەن نووسەری ئوستراڵی جۆرج باشا، نووسراوە و باس لە بنەماڵەیەکی لوبنانی دەکات کە دێنە ئوستراڵیا و لە گوندێکی ئەو وڵاتە دەژین.

دەربارەی بەدەستهێنانی ئەو رۆڵەش، رەهێڵ گوتی" دەمزانی کە دەتوانم ببمە ئەکتەر و لەشولارم شیاوە بۆ ئەکتەری، بەڵام کاتێک رۆڵەکەیان بۆ دەست نیشان کردم، خەریکبوو لە خۆشیدا بفڕم. فیلمی "تێکەڵە" باس لەو کێشانە دەکات کە خانەوادەی پەنابەران لە ئوستراڵیا دووچاری دەبن".

لە بارەی ژیانی خۆشیەوە، رەهێڵ گوتی" دایک و باوکم کاریگەرییەکی پۆزەتیڤیان لەسەر ژیانم هەبووە و بەردەوام پاڵپشتیان کردووم و هانیان داوم کە لە قوتابخانە دوورنەکەومەوە و لە ژیانی سەر شەقام بەدوور بم، بەڵام هەتا ئێستا بڕوا ناکەم کە ژیانم بەم شێوەیەی ئێستا گۆڕاوە و خەڵک دەیەوێت چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکەن".

فیلمی " تێکەڵە" لە 2009/2/26 وە لە سینەماکانی ئوستراڵیا نیشان دەدرێت.



رەهێڵ عەبدولڕەحمان (دووەم لە لای چەپەوە) لەگەڵ ئەکتەرانی فیلمەکە



# لۆکە بە 3 جۆر بڵاودەبێتەوە

رووداو- هەولێر

دوایین ئەلبوومی لۆکە زاهیر کچە گۆرانیبێژی کوردی دانیشتووی سویسرا بەنێوی SMS بڵاودەبێتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەکچە گۆرانیبێژی کورد لۆکە زاهیر بە (رووداو)ی راگەیاند کە بڕیارە لەنەورۆزی ئەمساڵ یەکەم ئەلبوومی لۆکە بەنێوی SMS لە کوردستان و ئەوروپا بڵاوببێتەوە کە لە 10 گۆرانی پێکهاتووە.

لۆکە لەو ئەلبوومەیدا بەهەر سێ شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی و هەورامی گۆرانیی گوتووەو سەرجەم میلۆدییەکانی لەلایەن ئاوازدانەر (هەڵکەوت زاهیر) دانراون و تێکستەکانیشی لەلایەن (فەرەیدون بەرزنجی، ئەمیر هەورامی، ئاراس عەبدول کەریم، ئەدیب چەلکی، حەمە سەعید ئیبراهیم و ئارێوس) دانراون، هەروەها لەلایەن (کاوە شێخ)ەوە کاری تۆمارکردنی دەنگی لەستۆدیۆی زاگرۆس بۆکراوە. هەروەها سەرچاوەکە گوتی لۆکە لەئەڵمانیا کلیپی بۆ گۆرانی (هەتا بدوێی) کردووە.



# شەهرام و شۆهرە بە 25 هەزار

تایبەت بەرووداو

بڕیارە هەر دوو هونەرمەندی بەناوبانگی فارس، شەهرام و شۆهرە سۆلەتی، بۆ یەکەمجار لەهەولێر لەرۆژی 2009/4/23 لەیاریگەی نێودەوڵەتی شەهید فرەنسۆ هەریری کۆنسێرتێک ساز بکەن.

سەرچاوەیەکی نزیک لەکۆمپانیای (سان فرانسیسکۆ بیوتی تاوەر) بە (رووداو)ی راگەیاند کە بڕیارە شەهرام و شۆهرە کە خوشک و بران کاتژمێر 6ی ئێوارەی رۆژی 2009/4/23 لە یاریگەی نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری کۆنسێرتێک ساز بکەن.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی بەشداربووانی کۆنسێرتەکە بە 25 هەزار دینار کە نرخی بلیتێکە شانسی بەشداربوونیان لەتیروپشکی خەڵاتەکانی ئەو کۆنسێرتە دەبێت کە 10 خەڵاتی 500 دۆلارییەو دەدرێتە ئەو 10 کەسەی کە لەتیروپشکەکە ناویان دەردەچێت.

# جوگرافیای ئافرەت بزانە



چەند یاریزانێکی جیهانی یاری گۆڵف کە بۆ پاڵەوانێتی گۆڵف لە سینگاپۆرەن (فۆتۆ:AFP)

رووداو- funlok.com

لە تەمەنی 15 – 20ساڵی، ئافرەت وەک ئەفریکایە، نیوەی دۆزراوەتەوە، نیوەکەی دیکەی هەر جەنگەڵە.

لە 20-30 ساڵی ئافرەت وەک ئەمریکایە، بەشێوەیەکی زانستی هەمووی دۆزراوەتەوە.

لە 35-40 ساڵی ئافرەت وەک فەرەنسایە، دوای شەڕ نیوەی وێران بووە، بەڵام هێشتا لەبەردڵانە.

لە 40-50 ساڵی ئافرەت وەک ئەڵمانیا، شەڕی دۆڕاندووە، بەڵام ئومێدیشی لە دەست نەداوە.

لە 50-60 ساڵی ئافرەت وەک رووسیا، زۆر فرەوان، زۆر هێمنە، بەڵام کەس بەلایەوە ناچێ.

لە 60– 70 ساڵی ئافرەت وەک ئینگلتەرا، خاوەن رابردوویەکی گەشاوەیە، بەڵام بێ دوارۆژ.

لە دوای 70ساڵیش ئافرەت وەک سیبیریا، هەموو کەسێک دەزانێت لە کوێیە، بەڵام کەس نایەوێت بچێتە ئەوێ.

# ئەردۆغان دۆڵی گورگان بە هەڕمێن دەکا

رووداو- Ebru News

زنجیرە درامای تورکی "دۆڵی گورگان" یەکێکە لەو زنجیرە دراما تورکیە دۆبلاژکراوانەی لە لایەن کەناڵە عەرەبییەکانەوە پێشان دەدرێن و تەماشاکارێکی زۆریشی لە وڵاتانی عەرەبی و هەرێمی کوردستانیش هەیە.

دۆڵی گورگان کە رووداوەکانی باس لە هەرێمی کوردستان دەکات وسووکایەتی بە کورد دەکات، ژمارەی پێوانەیی تەماشاکارانی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی شکاندووە و ئەکتەرەکانی نێو ئەو زنجیرەیەش لەنێو خەڵکی عەرەبدا زۆر خۆشەویستن و بەپەرۆشن بۆ زانینی زانیاری لە بارەیانەوە.

ئەو زنجیرە درامایە یەکێکە لە 10 زنجیرە درامای تورکی دۆبلاژکراوی عەرەبی کە کەناڵە عەرەبییەکان پەخشی دەکەن و دۆڵی گورگان شەوانە لە کەناڵی ئەبوزەبی ئیماراتی پەخش دەکرێت و بە رۆژیش دووبارە دەبێتەوە.

بەپێی قسەی بەرپرسانی ئەو کەناڵە عەرەبییانە، لێدوانە توندەکانی ئەم دواییەی رەجەب تەیب ئەردۆغان-ی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی تەماشاکەرانی ئەو زنجیرە درامایە لەوڵاتانی عەرەبی زیاد بکات. ئەمە جگە لەوەی وڵاتانی عەرەبی سەرسامیشن بە چیرۆک وبەرزی کواڵیتی و میوزیکی نێو دراماتورکییەکان.

بەرپرسانی ئەو کەناڵە عەرەبییانە پێشبینی ئەوە دەکەن ئەو درامایانە ببنە هۆی ئەوەی ژمارەی گەشتیاری عەرەبی بۆ تورکیا زیاد بکەن، چونکە چەندین دیمەنی قەشەنگ و جوانی تورکیای تێدا دەبینرێت.

بەپێی ئامارێک ساڵی رابردوو نێزیکەی 2 ملیۆن عەرەب بەمەبەستی گەشتکردن سەردانی تورکیایان کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا تورکیا گەشتیاری ئیسرائیلی و جوولەکەی لەدەستداوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەو زنجیرە درامایەدا، باس لە هەرێمی کوردستان و پێوەندییەکانی لەگەڵ جوولەکە و ئەمەریکا دەکات و جوولەکە بە " دزینی ئەندامانی لەش و کۆکەرەوەی پارە" ناو دەبات و ئەمەریکا بە "خوێنمژ" وەسف دەکات و کوردیش بە "تیرۆریست و بووکە شووشەی دەستی ئەمەریکا" پێناسە دەکات.

ئەو زنجیرە درامایە، کە لە فیلمێکەوە کرایە دراما و فیلمەکەش بە هەمان ناوبوو، لە ساڵی 2006، ژمارەی پێوانەیی بۆکس ئۆفیسی تورکیای شکاند و بەجەماوەریترینی فیلمی تورکیا بووە و بڕی 10 ملیۆن دۆلاری تێچووە و لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا کاریگەرییەکەی بڵاوبووەتەوە.

لەوزنجیرەیەدا باس لەورووداوە دەکات کە لە ساڵی 2003، سوپای ئەمەریکا هەڵیانکوتایە سەر بارەگایەکی تورکی لە شاری سلێمانی بە تۆمەتی ئەوەی ویستوویانە پارێزگاری سلێمانی تیرۆر بکەن و سەربازەکانی ئەمەریکا توورەگەیان کردە سەر تورکەکان لە کاتی دەستگیرکردنیاندا.






# رۆژین رازی نییە

رووداو-ئیستەنبول

هەفتەی رابردوو لە بەرنامەی (زۆر جیاواز)ی کەناڵی CNN-Turk دا کە محەممەد عەلی بیراند بەڕێوەبەریەتی، داواکرا ژێرنووسی تورکی بۆ بەرنامەکانی کەناڵی کوردی دەوڵەتی تورکیا TRT-6 بکرێت. هونەرمەندی کورد رۆژین کە یەکێکبوو لەبەشدارانی بەرنامەکە، لەهەمانکاتدا ئامادەکار و پێشکێشکاری بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتییە لە TRT-6 سەرسوڕمانی خۆی لەو داوایە نیشاندا و گوتی "ئەی بۆچی رێ بە کوردان نەدەدرا ئەو داوایە بکەن".

ئەو داوایە لەلایەن نووسەری تورک زەینەب گوگوشەوە کراو گوتی " ئەز تەماشای بەرنامەکەی رۆژین دەکەم، بەڕاستی ئەستێرەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کوردی نازانم داوادەکەم ژێرنووسی تورکی بۆ بکرێ، بۆ ئەوەی تێبگەم چ دەڵێن". بەڵام رۆژین بەناڕەزاییەوە وەڵامی دایەوەو گوتی " سوپاست دەکەم، بەڵام چەندین ساڵ دایکەکانمان تەماشای تەلەڤزیۆنە تورکییەکانیان کرد، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی بە ژێرنووسی کوردی تەماشای بەرنامەکانیان بکەن و لێی تێبگەن".

# بەختی رووداو

## کاوڕ
Mar 21–Apr 19

لەچەند رۆژی داهاتوو پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت و دەتوانیت ئەو پرۆژەیەی کە ماوەیەکی زۆرە لەمێشکتدایە بەئەنجامی بگەیێنیت.

## تەرازوو
Sep 23–Oct 23

خۆت بەکەسێکی زیرەک دادەنێنی کە هیچ وانییە، چونکە کەسانێک لەژێرەوە هەوڵدەدەن ئەو کارانەی ئەنجامتداون خراپی بکەن و تووشی کێشەت بکەن.

## گا
Apr 20–May 20

هەندێ کەس سەردانت دەکەن و داوای جۆرە یارمەتییەکت لێ دەخوازن، کە لەوانەیە زیانی بۆ تۆ هەبێ، کەواتە خۆت تووشی ئەو کارە مەکە تا زیانت پێنەگات.

## دووپشک
Oct 24–Nov 21

دەزانم بیر لەداهاتووت دەکەیتەوە، هەر مرۆڤێکی سەرکەوتوو یەکەمجار بیر لەداهاتووی دەکاتەوە، تۆش پلانێکی باش بۆ داهاتووت دابنێ.

## جمک
May 21–Jun 21

بەهۆی ئەوەی دڵی کەسێکت شکاندووە، لەوانەیە تۆش هەمان شتت بەسەر بێت و کەسێک دڵی تۆ بشکێنێ، پێویستە مرۆڤ کەس لەخۆی نارەحەت نەکات.

## کەوان
Nov 22–Dec 21

کارەکانت بەباشی ناچنە پێش، لەوانەیە زۆر بێ تاقەت بووبێ، پێویستت بە سەفەرێکی رۆحی هەیە، باشتروایە ئەو سەفەرە بکەیت و خۆی لەوە رزگار بکەی.

## قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

هەرچەندە خۆشەویستەکەت تۆی زۆر خۆش دەوێ، بەڵام تۆ وانیشاندەدەی کە ئەوت خۆش ناوێ، پێویستە وا رەفتار بکەی کە هەست بەوە بکات کە زۆرت خۆش دەوێ.

## کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

لەشوێنێکی دوورەوە نامەیەکت پێدەگات کە دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانت بگۆڕێت و بتوانی ژیانێکی نوێ بۆخۆت دەستەبەر بکەیت، ئاگاداری سەلامەتیت بە.

## شێر
Jul 23-Aug 22

بەهەمان شێوە بیر دەکەیتەوە کە پێشتر بیرت دەکردەوە، پێویستە ئەو بۆچوونەی خۆت بگۆڕی، ئەگەر هەروا بیر بکەیتەوە تووشی کێشەی ئاڵۆز دەبی.

## سەتڵ
Jan 20— Feb 18

خێزانەکەت پێویستان بەیارمەتی تۆیە، بەڵام تۆ بەهۆی ئەو رەفتارانەی ئەنجامی دەدەی ئەوانیشت ناچارکردووە داوای یارمەتی لەتۆ نەکەن، ئەوان هیوایان بەتۆبوو.

## گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

رۆژی چوارشەممە هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە، لەوانەیە تۆ بۆ بۆنەیەک بانگهێشت بکات.

## نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

هەمیشە هەوڵدەوە یارمەتی خەڵک بدەی، قەت وابیر مەکەوە کە ئەو یارمەتییەی تۆ بێ سوودە، هەرچەندە کەس یارمەتی تۆی نەداوە، بەڵام تۆ لەوکارەی خۆت بەردەوامبە.




# ریفۆرم قاچی نییە

## راپەڕین هەژدەساڵ بەربەریزمی نێرسەنتەریزم

رامیار مەحمود-کەنەدا

karwanmramyar55@gmail.com

دوای تێپەڕبوونی18 ساڵ بەسەر راپەڕیندا پەیوەندی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستێکی تەواو قەیراناویدایە. قەیرانەکە لە رۆژانی سەرەتاوە دەستیان پێکرد بە نوشستهێنانی فەنتازیای راپەڕین دەربارەی ئازادی و خۆشگوزەرانی و تازەگەری، بە گوێرەی فاکتەرە جیهانییەکان و مۆدێلی سیاسی ئەو رۆژگارە دەبوایە ئەم کۆمەڵگەیە بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردن و نوێکردنەوەی سیاسی و لیبرالیزەیشندا برۆشتایە،بەڵام شتێکی ئاسایی بوو ئەم پرۆژانە شکست بێنن لە بەردەم بەربەریزمی سیاسی کوردیدا، چونکە کۆمەڵگە لە نێو هەستێکی سەرەتاییدا بوو سەبارەت بە ئازادی و خۆشگوزەرانی.

راپەڕین بەتاڵبوو لە کولتورێکی سیاسی و فیکری ئەمەش وایکرد ئینسانی ئێمە بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو پرنسیپە سەرتاییانە بێت کە راپەڕینی بۆ کرد، هەر ئەمەش وایکرد ئەم مرۆڤانە بە ئاسانی پاشگەزبکاتەوە لەوەی بوونەوەرێکی ئازاد بن، بوونەوەرێک توانای دروستکردنی جیهانێکی بچکۆلەی هەبێت کە جێگەی تاقیکردنەوەی هەندێک مژدەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت. زۆر لەو دەزگا زاراوەییانەی لە رووی رووناکبیرییەوە تاقیکرانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئەپلایکردنێک دەچوون، لە سەردەمی فاشیزمەوە نزیک بێ وەک لەسەردەمی دیموکراتیزەکردن. لەو نێوانەدا گوزارەیەکی وەک گەڕانەوەی بەعس و ئەگەری دووبارەبوونەوەی، کێشاویترین گوزارەی ئەو رۆژگارەیە بە دیوێکدا میراتە سیاسی و کەلتورییەکانی بەعسمان پیشاندەدات نەک گەڕانەوەی بەعس چونکە بەعس شتێک نییە قابیلی گەڕانەوە بێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوفاکتانە ئاوابوون کە بەعسی لەسەر دروستبوو. ئەگەری دووبارە گەڕانەوەی بەعس لێکدانەوەی فەنتازییە بە مانای شوێنەوارەکانی بەعس و بەردەوامییەکانی بەعس دێت لە نێو کۆمەڵگەی سیاسی کوردیدا. بەڵام دیوە کێشاوییەکەی ئەم گوزارەیە لەوێوە دێت هەوڵدەدات تۆمەتی سەرجەم ناشرینییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد بخاتە ئەستۆی بەعسیزم وەک ئەوەی ریشەی ناشرینییەکانی ئێمە لە ناو بەعسیزمدا بێت.

ئێستا ناونیشانی سەرەکی ئەم کۆمەڵگەیە لە رووی سیاسییەوە بووە بە گەندەڵی، هەرچەند من بە گوێرەی وردبوونەوەی خۆم لەو زاراوەیە پێموایە ئاسان نییە لە رووی مۆراڵییەوە دژی گەندەڵی بین، چونکە ئەم زاراوەیە هەڵگری هیچ کۆدێکی مۆراڵی نییە، لەبەرئەوەی بە فیرۆدان و دزینی پارەی میری و دەوڵەت دەچێتە خانەی گەندەڵییەوەو ناچێتە خانەی دزییەوە، بەم پێودانگە گەندەڵ ئەو کەسەیە کە پارەیەکی بێ خاوەن دەبات، لە کاتێکدا ئەو کەسەی پارە و کەلوپەلی کەسێک دەبات پێیدەگوترێت دز و لە نێو نێوەندی کۆمەڵایەتیدا دووچاری رەتکردنەوەی ئەخلاقی دەبێتەوە، ئەخلاقیش رۆڵێکی گەورە دەگێرێت لە روونەدانی دزی دا، بەڵام گەندەڵی لە رووی زمانەوانییەوە هیچ مانایەکی ئەخلاقی لە خۆیدا کۆناکاتەوە، ئەمەش ئاسانکارییەکی گەورە بۆ ئەو کەسانە دەکات و وایانلێدەکات کە کەمتر بسڵەمێنەوە لە ئەنجامدانی گەندەڵی. بەشێکی ئەمەش لە ناوسیحری گوزارشتکردنە زمانەوانییەکەوە هاتووە، بەڵام ئێمە تازە ناتوانین هچ بکەین بۆ ئەوەی گەندەڵی بکەین بە هاوواتای (دزی)بۆ ئەوەی لەوێوە کۆمەکێکی ئەخلاقی گەورە بەدەست بێنین دژی گەندەڵی.

هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بریتییە لە کردنی کۆمەڵە پرسیارێکی سیاسی و یاسایی و دەستکاریکردنی رەوشە سیاسییەکە. منداڵانی راپەڕین ئەگەرچی لەسەر دیوارەکان دەیاننووسی دەبێت عەشق و موحیبەت ئازادبێت، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی سەردەمی قەڵاچۆکردنی ژنیان پێشکەشکردین، کۆمەڵگایەکیان پێشکەشکردین کە هەندێک رووناکبیر بە هەڵە تێیدا باسی پۆست مودێرنیزم دەکەن، بەڵام خۆی لە هەقیقەتدا لە سەدساڵی پێش ئێستای کۆمەڵگا ئاسیاوییەکان دەچێت. ریفۆرم و ناریفۆرم لە کوردستاندا نوێنەرایەتی یەک دۆزەخی سیاسی هاوبەش دەکات، لەو رووەوە کە دیسکۆرسێکی سیاسی نێرسەنتراڵە بە پلەی ئیمتیاز. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ژنانی هەرێمی کوردستان دوای هەژدە ساڵ لەبەربەریزم دەتوانن قسە لەسەر جیابوونەوەیەکی سیاسی بکەن، مەبەستم لەو جیابوونەوە سیاسییە هەڵگرتنەوەی فیمینیزمە، من بۆ ئەو مەبەستە هەفتەی ئایندە قسە لەسەر هەندێک شتی بنچینەیی دەکەم لە فیمینزمدا، وەک هێزێکی سێلایەنەی ئایدیۆلۆجی و ئەبستمۆلۆجی و وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و قسەکردن لەسەر چەمکە بنچینەییەکانی جەندەرو پاتریارکی و چەوساندنەوە.



# ئەوروپا دژی راپەڕینی رۆژئاوای کوردستان بوو

عەبدولباقی یوسف *

sozvin3@yahoo.com

لە چەند رۆژی داهاتوودا گەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی، ئاهەنگی پێنجەمین ساڵیادی راپەڕینە شکۆدارەکە دەکەنەوە، چەپکە گوڵ لەسەر مەزاری شەهیدانمان دادەنێن، کە بە خوێنی خۆیان تەوژمێکیان بە دۆزی گەلەکەیان دا. ئەو راپەڕینە وەڵامدانەوەی سیاسەتی رژێمی دەسەڵاتداری بەعس بوو لە سوریا،کە نەک هەر نکۆلی لە بوونی کورد دەکات و ئامادە نییە زمان و کولتووری کوردی بناسێ، بەڵکو هەمیشە بەپێی پلان و ستراتیژێک کار بۆ سڕینەوەی کورد دەکات، ئەویش لە رێی بەعەرەبکردن و سووربوونی لەسەر نەدانەوەی ولاتینامە (الجنسیە) بەوانەی پێشتر هەیان بوو، جگە لە دانانی یاسا و رێوشوێنی زۆردارانە بۆ هەژار کردنی ناوچە کوردنشینەکان، بۆ ئەوەی کورد ناچار بکات بەرەو وڵاتانی دەرەوەو ناوەوەی سووریا کە زۆرینە عەرەبە، کۆچ بکات.

ئەوەی رژێم لە رۆژی 12ی ئاداری 2004دا کردی، پیلانێک بوو، لە دەزگا باڵاکانی رژێمەوە بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو، بە شێوازێکی زۆر چەپەڵیش جێبەجێیکرد.

هەر لەو کاتیشدا لە بەیاننامەی ژمارەیەک پارتی کوردیدا ئاماژە بەوە درابوو. ئەو شێوازە و رووداوەکانی دواتر دەریانخست کە رژێم سەراپای لەو پیلانەوە گلاوە نەک تەنیا چەند دەزگایەکی. رژێم لیژنەیەکی بێلایەن و دەستپاکی پێکنەهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەو پیلان و پاڵنەرانەی ئەو پیلانەیان نایەوەو، دیاریکردن و سزادانی تاوانباران، ئینجاش قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتووان.

حکومەتی بەعسیی سوریا، هیچ بەرپرسێکی پارێزگای حەسەکەی سزا نەدا، لە پێش هەمووشیانەوە پارێزگار، کە فەرمانی دا گوللە هەر تەنیا دژ بە کورد بەکار بێت نەک خەڵکی دیکە. لەکاتێکدا دەیتوانی فەرمانبدات کە ئاو یان شتی دیکە بەکاربهێندرێ بۆ لێککردنەوەی خەڵکی بەشەڕ هاتووی کورد و عەرەب. هەروەک چۆن رازگری لقی حیزبی بەعس لە پارێزگاکە و بەرپرسانی دەزگا جۆربەجۆرە ئەمنییەکان هەمان بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ.

بە پێچەوانەوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە ژمارەیەک جەنەراڵی لقەکانی ئەمن پێکهات، ئەوانیش دەستیان بە هەڵمەتێکی فراوانی گرتنی کورد کرد، بەشێوەیەک ژمارەی گیراوان لە 7000 کورد تێپەڕی و، بە توندترین شێوە ئەشکەنجەدران، هەندێکیان هەر لە ژێر ئەو ئەشکەنجەیەدا گیانیان لەدەستدا، بەرپرسانی پارێزگاش هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵ نەکرا و لەپۆستەکانیان دا مانەوە.

شتێکی چاوەڕوان کراو بوو کە رژێم توندوتیژی بەرامبەر لایەنە سیاسییە کوردییەکان بەکاربێنێ بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەتی خۆی!، دوای هەرەسهێنانی دیواری ترس لە ئاکامی ئەوخۆپیشاندان ومانگرتنانەی لە دیمەشق و زۆر وڵاتی ئەورووپاییدا کران، بۆ نیشاندانی مەینەتییەکانی کورد لە سووریا.

راپەڕینی ئاداری 2004 قەلەمبازێکی گەورەی بۆ دۆزی کورد لە سووریا دروستکرد، بۆ یەکەمین جار زلهێزێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتە دەنگ و رژێمی سووریای بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی کورد مەحکووم کرد.

گەنگەشەیەکی زۆر لەسەر ئەو راپەڕینە کرا و زۆری لەسەر نووسرا، هەندێ کەس کە ئەوکاتەی لەنێو بزووتنەوەی کوردیی سووریادا بوون، جگە لە پەرتکردن و پارچەکردن و خستنە خزمەتی کورد بۆ خەلکی دیکە هیچ خێرێکیان نەبووە، ئەو بۆنەیان بە هەل زانی بۆ هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی کوردیی سووریا. نامەوێ باسی وردەکارییەکان بکەم، بەڵام لە پلانی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت هەندێ لە باڵەکانیشیدا نەبوو، لەو کاتدا داوای راپەڕین لە شەقامی کوردی بکرێت و درێژەی پێ بدرێ. بەڵکو پەلاماری رژێم، کوردی ناچاری راپەڕین کرد. هەر بۆیە بزووتنەوەی کورد لە سووریا کە خۆی بۆ ئەم جۆرە خەباتە و خەباتێکی بەم قەبارەیە ئامادە نەکردبوو، کەموکورتی لە رۆڵی پارتەکانی کورددا دەرکەوت بە تایبەتی لە ئیدارەکردنی راپەڕین، بەتایبەتیش بەهۆی نەبوونی هەلومەرجی بەردەوامبوونی.

یەکێتیی ئەوروپا ئەوکات سەبارەت بە رووخاندنی رژێمی عێراق ناکۆکیی لەگەڵ ئەمریکادا هەبوو، بۆیە یەکێتیی ئەورووپا پشتگیریی لە سووریا کرد نەبادا ئەویش بکەوێتە دەست ئەمریکاوە. لەبەر ئەم هۆیە هەڵوێستی سەبارەت بە راپەڕینی کورد نەرێنی بوو. ئەمریکای خاوەن پرۆژەی گۆڕینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوو. لە نێوخۆی سووریاشدا، رای شەقامی عەرەبی سووریا نەرێنی بوو بەرامبەر راپەڕینەکە، بەهۆی رووخانی رژێمی سەدام و نائارامی نێو عێراق. سەرەنجام هیچ هیوایەک لە ئارادا نەبوو بۆ گواستنەوەی راپەڕین بۆ شەقامی عەرەبیی سووریا.

دۆزی کورد لە سووریا ئاسۆی فراوانی بۆ هاتوونەتە پێشەوە، تورکیا چیتر ناتوانێ نکۆڵی لە هەبوونی گەلی کورد و دۆزەکەی بکات، لەم رووەوشەوە چەند هەنگاوێکی هەڵێناوە هەرچەندە بچووکیشن، بەڵام سەرقاپی پرسێکی گەورە لادەبەن کە رژێمی تورکیا زۆر تەنگەتاو دەکات.

ئێران کە پشتیوانی رژێمی سووریایە، رەوشەکەی هێشتا روو لە تەنگژەیە لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، چونکە جیهان چیتر تەحەمولی ناکات. لەو نێوەشدا سووریا لە قۆناغی داهاتوودا بەرەو تەنگژە و رووبەڕووبوونەوەی فشاری زیاتر دەچێت، رەنگە پایەکانی رژێمیش لە دیمەشقدا بگرێتەوە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی دادگای نێودەوڵەتیی تایبەت بە تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق حەریری، بەدەستکردنی بەکارەکانی لەسەرەتای ئەو مانگەوە بووە راستییەک، لەبەر ئەوەی زۆربەی گومانەکان بە دەوری سووریادا دەسووڕێنەوە، بە گوێرەی رای زۆربەی شرۆڤەکاران، سووریا دەکەوێتە نێو رەوشێکی سەختەوە، هاوچەشنی رەوشی رژێمی ئێستای سوودان.

لێرەشدابزووتنەوەی دیموکراتی نیشتیمانیی سووریا و لە نێویشیاندا بزووتنەوەی کورد، پێویستە چاو بە سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە و میکانیزمی تازەی خەبات دابڕێژن، لەپێناو گۆڕانێکی دیموکراتی کە بەش و مافی کوردیشی تێدا بێت

*** ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی یەکێتیی کورد لە سووریا.**



# وڵاتی خۆر و ماندێلا

## خۆر لەهەمان ئەو شوێنەی هەڵدێت ئاوا دەبێت

مەریوان نەقشبەندی — باشووری ئەفریقیا

naqshbandy@gmail.com

لە چوارچێوەی شاندێکی حکومەتی کوردستاندا بۆ ماوەی هەفتەیەک سەردانی باشووری ئەفریقیام کرد،جا لەبەرئەوەی باشووری ئەفریقیا بەپێکهاتە دیموگرافی و ئاینییەکەی، بچوککراوەی کیشوەری ئەفریقیایە زۆر گرنگ بوو جگە لەئەرکە وەزیفیەکەم، کارێکی رۆژنامەوانیش لەو وڵاتەدا ئەنجامبدەم.

سەفەری فرۆکەی (هەولێر — عەممان) لەوێوە (عەممان — دۆحە)و دواتریش (دۆحە – جۆهانسبێرگ)، زیاتر لە 12کاژێری خایاند و لەگەڵ گەیشتن بەفرۆکەخانەی جۆهانسبێرگ کە پایتەختی ئابووری وڵاتی باشووری ئەفریقیایە پێش ئەوەی داوای پاسپۆرتەکەت بکەن یان جانتاکەت بپشکنن، دەستبەجێ داوای کارتی تەندروستیت لێدەکەن، دواتر پرسیاری ئەو حاڵەتەم لەکچێکی ئەفریقی کرد کە لەنێو تێرمیناڵی فرۆکەخانەکەدا بەوردی چاودێری رووخساری ئەو کەسانەی دەکرد کە لە دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە دەهاتن، ئەو گوتی"من شارەزام لەبواری ناسینەوەی ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڤایرۆسی نەخۆشی (ئایدز)ن و زۆر جار پێش پشکنین لەتاقیگەدا بەسەیرکردنی دەموچاویان دەزانم ئەو کەسە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەیە یان نا".

سەرەتا پێموابوو بەهۆی پێشکەوتوویی و بەهێزی ژێرخانی ئابووری و ئەو کەشوهەوا و دیمەنە جوانانەی باشووری ئەفریقیا هەیەتی رێژەی تووشبون بەنەخۆشی ئایدز ئێجگار کەم بێت و بەم رێوشوێنە تەندروستیانەی کە لەفرۆکەخانە بینیم رێگا لەهاتنی ئەو کەسانە دەگرن کە نەخۆشی ئایدزیان هەیە، بەڵام دواتر پزیشکێکی رەشپێستی ئەفریقی تووشی سەدمەیەکی کردم کاتێک گوتی لەم وڵاتەدا لەهەر هەشت کەس یەکێکیان نەخۆشی ئایدزیان هەیە و هەموو رۆژێک لەباشووری ئەفریقیا 1000کەس تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن و 1600کەسیش رۆژانە بەم نەخۆشییە دەمرن.

لەباشووری ئەفریقیا کە بەشێکی زۆر لەبودجەی ساڵانەی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووشبوون بەنەخۆشی ئایدز تەرخان دەکرێت، بەڵام چەند هۆکارێک وادەکات ئەم نەخۆشیە و گواستنەوەی لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بەربڵاوبێت و نەتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێت، گرنگترینیان ئازادی شەخسی لەکاری سێکسی و پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، کەبەپێی یاساکانی باشووری ئەفریقیا هیچ هێزێک نابێ رێگری لەچۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەو دوو رەگەزە بکات. یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان نەریت و شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی هۆزە ئەفریقیەکانی ناو دارستان و گوندەکانی ئەو وڵاتەیە، چونکە ئەو هۆزانە پابەندی هیچ رێنماییەکی پزیشکی و یاسایی ئەم سەردەمە نابن و مەسەلەی جووتبون و کاری سێکسی لەسەر شێوازی گیاندار و ئاژەڵەکانی دارستانەکانی ئەفریقایە و تەنانەت نازانن ڤایرۆس و ئایدز هەر ماناشی چییە!!

راوێژکاری ئاینی سەرۆک کۆماری باشووری ئەفریقیا، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ئایدز پێی راگەیاندم کەوا حکومەتی باشووری ئەفریقیا زۆر رێگای گرتەبەر، بەڵام تائێستا ئاکامێکی ئەوتۆی نییە و ئێستا دەستیان کردووە بە هاندانی خەڵک بۆ سەردانی مزگەوت و کڵێسە و پەرستگە گەورەکانی ئەم وڵاتە"چونکە بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەدیارکەوتووە کە ئەو کەسانەی ئیماندارن و بروایان بەئاینێکی دیاریکراو هەیە کەمتر کاری سێکسی لەدەرەوەی خێزانەکانیان دەکەن و ئاینەکانیش لەباشووری ئەفریقیا بەشێوەیەکی گشتی هانی سێکس نادەن و زیاتر رێنمایی ئەخلاقی و مرۆیی و روحی دەدەنە هاووڵاتیان".

باشووری ئەفریقیا لەریزبەندی وڵاتە ئابووری بەهێزەکانی جیهاندا، وڵاتی ژمارە20ە و یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە چوار وەرزی ساڵدا بارانی لێدەبارێت و تاکە وڵاتی جیهانە کە تێیدا خۆر لەو شوێنەوەی هەڵدێت، هەر لەوێشەوە ئاوا دەبێت. جا ئەگەرچی ئەوە دیاردەیەکی زانستی و فەلەکییە و هەڵکەوتەی جوگرافی وڵاتەکە ئەم ئیمتیازەی پێداوە، بەڵام بەهۆی ئەم دیاردەیەوە هەندێ لە هۆزەکانی کیشوەری ئەفریقیا ئەم وڵاتەیان ناوناوە (مەملەکەتی خۆر).

سپی پێستەکانی باشووری ئەفریقیا 13%ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدێنن، بەڵام هەتا ئێستاش کە رەگەزپەرستی بەرادەیەکی ئێجگار زۆر کەمبووەتەوە و هەرگیز هەست بەجیاوازی رەنگ و رەگەز ناکەیت، بەڵام هەروەک خاتوو( ئیلینا سوسان)پسپۆر لەجوگرافیای دانیشتوان دەڵێت " سپی پێستەکان تائێستاش سیاسەتی دەرەوەی ئەفریقای باشوور دادەرێژن و نزیکەی 78%ی ئابووری وڵاتەکەشیان لەدەستدایە و هەرچی سەرمایەی ئابووری باشووری ئەفریقایە لەدەرەوەی کیشوەرەکە، هەر لەدەست سپی پێستەکاندایە".

لەم وڵاتەدا ئۆتومبێلی تاکسی و پاس نابینی و خەڵکی ئەم وڵاتە یان دەبێ ئۆتومبیلی تایبەتی خۆیان هەبێت یان شەمەندەفەر بۆ هاتووچۆکردن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکان تەنیا 2%ی سپی پێستەکانی ئەم وڵاتە سواری شەمەندەفەر دەبن و هەموویان ئۆتومبیلی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر گەشتیارێکیش لەدەرەوە بێتە وڵاتەکە و هیچ خزم و ناسراوێکی نەبێت، ئەوا پێویستە لەرێگای کۆمپانیا گەشتیارییەکانەوە ئۆتومبیل بەکرێ بگرێت، بەوشێوەیەش پێویستە خەرجی شۆفێری ئۆتومبیلەکەش بدات.

زۆربەی مەرجەع و سەرکردە ئاینییەکانی باشووری ئەفریقیا، بەموسڵمانانیشەوە کە رێژەیان لە 2%ی دانیشتوانەکەی تێناپەڕێت، گەیشتوونەتە قەناعەتێک کە پێویستە ئاین و ئەحکامەکانی ئاین و تەنانەت شێوازی عیبادەتیش لەگەڵ بارودۆخ و پێشهاتەکانی سەردەم بگونجێت و بگونجێنرێت، بۆیە توندڕەوی ئاینی لەم وڵاتەدا ئێجگار کەمە و هەمووان لەمەسەلە چارەنووسسازەکانی وڵاتەکەیاندا یەک دەست و یەکدەنگن، ئەوەی جێگای سەرنج بوو راوبۆچوونی زۆربەی قەشە مەسیحیەکان و کاهینە بوزیەکانی باشووری ئەفریقیابووکە هەموویان تەئکیدیان دەکردەوە موسڵمانانی باشووری ئەفریقیا کە لەئەسڵدا خەڵکی هیندستان بوون و دواتر هاتوون لەم وڵاتە نیشتەجێبوون، رۆڵێکی ئێجگار ئیجابیان بینیوە لەپرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی نێوان رەشپێست و سپیپێستەکانی وڵاتەکە و هەمیشە فاکتەری ئارامی و سەقامگیری بوون. ئەم سەقامگیریە وایکردووە کە زۆر بەئاسانی لەرێگا گشتیەکان و لەبازاڕدا بەبێ پاسەوان پەرلەمانتار و وەزیرەکان ببینیت و دوو جاریش بەچاوی خۆم کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سەرۆکی باشووری ئەفریقیام بینی کە تەنها لە دوو ئۆتۆمبێلی ئاسایی و یەکێکی دیکەی پۆلیس پێکهاتبوو کە لەپێشەوەی دەڕۆیشت. ئەو وەرگێڕەی لەگەڵم دەگەڕا تەئکیدی کردەوە کەوا هەرکاتێک بتەوێ دەتوانی سەردانی باڵەخانەی پەرلەمان و کۆشکی سەرۆکایەتی لەشاری پریتۆریا بکەی و، چەند سەرۆک حیزب و وەزیر و پەرلەمانتاری پیشاندام کە بەبێ پاسەوان و بەبێ چەک و بەئۆتۆمبیلەکەی خۆیان دەگەڕان و زۆرجاریش بەپێ لەبازارە گشتییەکاندا دەسوڕانەوە.

یەکێک لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکانی دیکە هۆزەکانی ناو دارستان و جەنگەڵەکانی باشووری ئەفریقیایە. ئەم هۆزانە کە (زۆلۆ)گەورەترین و بەهێزترینیانە ناچنە ژێرباری یاسا و دەستووری وڵاتەوە بەڵکو سوورن لەسەر نەریت و سستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆیان. سەردانی یەکێک لەگوندەکانم کرد و ئەو بۆچوونەم لەلا گەڵاڵە بووکە هۆزەکانی زۆلۆ خۆیان بەخاوەنی خاک و سەروەت و سامانی کیشوەری ئەفریقا دەزانن و هەندێکیان دەیانوت کەوا ئەو تیروکەوان و رمانەی دەستیان فرێنادەن هەتا ئەوکاتەی خاکی زۆلۆ لەداگیرکەر و بێگانەکان ئازاد نەکرێت. بەڵام ئەوان مەبەستیان لەئازادی بەو مانا تەقلیدیە نییە کە ئێمە دەیزانین، بەڵکو ئازادییەکە کە نەیاندەویست بۆ منی پێناسە بکەن چونکە هەروەک خۆیان پێیاندەگوتم "تۆ لەئێمە تێناگەیت و ئێمەش لەتۆ تێناگەین، بۆیە باشترە مانای ئازادی لەلای ئێمە بۆ خۆمان بێت". ئەوانەی سەردانی گوندەکانی زۆلۆ دەکەن پێویستە بمێننەوە تا لەکولتوورەکەیان شارەزات دەکەن و پێویستیشە لەو خواردنە بخۆی کە بۆ خۆیانی دروست دەکەن و دەیخۆن، نابێ بەچاوی سوکایەتی و تەماشاکار سەیریان بکەیت، ئەوان دەیانگوت "لێرە یاساکانی زۆلۆ مەملەکەت رێکدەخەن، ئەوانەی ژیانی ئێمەیان بەم شێوە سادەیە قبوڵ نەبێت مافی ئەوەی نییە لەم گوندە بەزیندوویی برواتە دەرەوە، کەسێک لەگەڵ خۆشیەکانمان سەما نەکات و گریانی بۆ ناخۆشیەکانمان نەیێت ئەوە نەیاری ئێمەیە و ئێمەی خۆش ناوێت و بەدڵنیاییەوە ئێمەش ئەومان خۆش ناوێت و حەزناکەین سەردانمان بکات". ئەوانە بەردەوام قسە و باسیان لە ئاشتی دەکرد، بەڵام بۆ یەک چرکەش ئامادە نەبوون رم و تیروکەوان و چەقۆکانیان وەلاوەبنێن.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# نوێبوونەوەی کوردی

لە راگەیەندراوێکی ینک، کە ئیمزای بەڕێزان مام جەلال وکۆسرەت رەسووڵ عەلی و بەرهەم ساڵحی پێوەیە هاتووە: "ئاشکرایە کە ژیان هەمیشە لەنوێبونەوەدایەو هەمیشە وا ئەخوازێ کە ژیان نوێ ببێتەوە. لەو روانگەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش وەک هێزێکی کاریگەرو پێشەنگ و دەستپێشخەر هەمیشە پێ بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری و نوێبونەوەی کردۆتە یەکێک لەکۆڵەگەکانی بەرەو پێشەوە بردن و پێشخستنی ژیانی کۆمەڵ لەبوارە جیاجیاکاندا.." ئیتر لە بەر رۆشنایی ئەم پرەنسیپەدا بریاری کاندیدکردنی هەر یەک لە بەڕێزان عیماد ئەحمەد بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکوومەت و شێخ جەعفەر شێخ مستەفا بۆ وەزیری کاروباری پێشمەرگە و جەلالی شێخ کەریم بۆ جێگری وەزیری ناوخۆ و قادر حەمە جان بۆ بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشیان داوە.

جێی خۆیەتی ئێمەی رۆژنامەنووسان و تەواوی خەڵکی بە شەرەفی کوردستان، پیاوماقوڵان و ناماقوڵان، ریش سپی و بێسمێڵەکان، زانا و جاهیلان، زۆر بەتووندی دەستخۆشی و پشتگیریی ئەم هەنگاوە بوێر و زۆر پێشەنگانەی ینک بکەین، بۆ ئەوەی سەرجەم پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانیش چاوی لێبکەن و نوێبوونەوە بکەنە داینەمۆی هەڵسوڕانی سیاسەتەکانیان.

هاوزەمان دەبێ هەموومان پیرۆزبایی زۆر لەو چوار بەڕێزە بکەین کە تازە بە دونیای سیاسەت و ئیدارە ئاشنا دەبن و ینک وەک نوێبوونەوە و هێنانە پێشەوەی خوێنی نوێ و کادری نوێ، ئەوانی هێناوەتە پێشەوە، ئاخر ژیان، خۆیان وتەنی، هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، بۆیە ئێمە و مانان هەرگیز نابێ لەوە دڵگران بین کە ئەو چوار بەڕێزە کەس تا ئێستا نایانناسێت و هیچ ئاشناییەکیان بە سیاسەت و ئیدارە نەبووە، ئەی مەگەر هەموو رۆژنامە زماندرێژەکان، شەو و رۆژ هاواری ئەوە ناکەن کە دەبێ خوێنی نوێ برژێتە جەستەی گەنیوی ئیدارە لە کوردستاندا! ئەوەتا ینک کە هەمیشە لە هەر شتێکدا کە بە خەیاڵماندا بێت دەستپێشخەرە، ئەو تابوویەی شکاند و زۆر بوێرانە چوار کەسی بۆ چوار پۆستی زۆر گرینگ کاندید کردووە کە هەرگیز نە ناومان بیستوون و نە رەنگمان بینیون. قەی چێکە، با کەسانی تازە پێگەیشتوو و هیچ ئەزموونیش دەرفەتی خۆیان وەربگرن، بۆ دەبێ هەر دەموچاوە کۆنەکان جێگۆڕکێیان پێبکرێت؟ تا کەی وەک داشی دامە پۆست لە حکوومەت و حیزبدا بگۆڕدرێت؟ تاکەی دەرفەت بە کەسانی لێهاتووی گەنج و گومناو نەدرێت؟ تا کەی مەکتەب سیاسییەکان لە قاوشی خەستەخانە بچن؟ تا کەی پۆستە سیاسی و ئیدارییەکانی کوردستان بە شێر و خەت و فیکلانکۆ شەلە مەلە دۆ دابەش بکرێن؟

بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری بۆ ئەو چوار بەڕێزە نیشان دەدەم و هیوادارم لەم ئەرکەیاندا زۆر سەرکەوتوو بن و سوود لە ئەزموونی جیلی کۆن و ئیکسپایەر وەرنەگرن. ئەوان کە نوێنەری نەسلی نوێن و تازە بە تازە دێنە ناو دونیای سیاسەت و ئیدارەوە، بتوانن گۆڕانکارییەکی کاریگەر لە سیستمی سیاسی و ئیداری کوردستاندا بکەن.

**پیرۆزە و بدرێت بە راگەیاندن. ئیتر بۆ پێشەوە.**

## پەیامی ڕووداو

# ڕۆژی بەخۆداچوونەوە

بەداخەوە هەروەک چاوەڕوان دەکرا، 8ی مارسی ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵەکانی پێشوو بە بروسکەی پیرۆزبایی و دەرکردنی بەیاننامەو ئاهەنگگێڕان و شیرینی بەخشینەوە تێپەڕی، دیسان باس لەو دەستکەوتە زۆر و زەوەندانە کرایەوە کە بۆ مێینەی کورد لەم بەشەی کوردستان بەدەستهاتوون، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا لەسەر ناوێک بۆ ئەم مێینەیە ڕێکنەکەوتووین و خودی ئەم مێینەیەش لەبەرامبەر ئەم پچڕپچڕکردنەی ناسنامەیدا دەنگی لێوەنایێ، ئەم بەجەژنکردنەی 8ی مارس دیسان لەکاتێکدایە کە ئەم سێ پارێزگا بچووک و لاتەریکەی بندەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لەپەراوێزی جیهانیشدایە، کەچی لەهەموو ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەتوندوتیژی و کوشتاری دژ بە مێیینەدا ناوی دێت، لەسەر بڵاوکردنەوەو پێشاندانی ئەو دیمەنە دزێو و ویژدان هەژێنانەی لەم هەرێمەدا دەرهەق بە مێینە بەڕێوەدەچن، فۆتۆگرافەر و ریپۆرتەرە بیانییەکان لەوپەڕی خۆرئاوا خەڵات دەکرێن، لەڕێی ئەو فرۆکەخانانەوە کە ئێمە بۆ کرانەوە بەڕووی دنیاو ڕاکێشانی گەشتیاران و سەرمایەدارانی وەبەرهێن سەدان ملیۆن دۆلارمان لێ خەرجکردوون، دەستە دەستە پەیامنێری تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەو گۆڤارە ناودارەکان و خەڵکی توێژەر بۆ ئاشنابوون بە نەریتەکانی ئەم کۆمەڵگایە دێن کە بەهەمان عەقڵییەتی سەردەمە کۆنەکانەوە دەیەوێ ببێتە شوێنێکی گەشتیاری و سەنتەری ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی.

8ی مارس بۆ ئێمە نەک نابێ ڕۆژی جەژن و ئاهەنگگێڕان و شیرینی بەخشینەوە بێت، بەڵکو دەبێ ڕۆژی هەڵوەستەکردن و بەخۆداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی جددی بێت، پرسیارکردن بێت لەوەی کە بۆچی سەرباری یاسادەرکردن و دامەزراندنی داوودەزگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی مێیینە، کەچی ژمارەی قوربانیان، ئەوانەی بەگوللە دەکوژرێن و لەکەنار شارو شارۆچکەکاندا تەرمەکانیان فرێ دەدرێ، ئەوانەی دەسووتێن و ناچار بەخۆسووتاندن و خۆخنکاندن و خۆدەرمانخواردکردن دەکرێن ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادبوونن، ئاخۆ زیادکردنی ژمارەی پەرلەمانتارانی ژن دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە؟ دەتوانێ هیچ لەو وێنایە بگۆڕێ کە لای جیهانی دەرەوە لەسەر ئەم کۆمەڵگایە دروست بووە؟ لەڕاستیدا ئێستا ئیدی کوردستان لەجیاتی ئەو هەنگاوانەی کە پتر بە جوانکاری و خۆماکیاژکردن دەچن، پێویستی بەوەیە ئەم کێشەیە وەک کێشەیەکی خۆی و لەپێناوی خۆی چارەسەری بکات، نەک بۆ ڕازیکردن و دڵخۆشکردنی ئەوانەی لەدەرەوە ڕەخنەمان لێدەگرن، جێگای سەرسوڕمانە کە دەبینین پاش ئەوەی فۆتۆگرافەرێکی بیانی لەسەر بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی دڵتەزێنی خەتەنەکردن لەئەمریکا خەڵات دەکرێ، ئینجا بیر لەوە دەکرێتەوە خەتەنەکاری کچان سزابدرێن و ئینجا مامۆستایانی ئایینی دەڵێن خەتەنەکردنی کچان لەئیسلامدا نەکراوەتە فەرز!.

سەلام سەعدی




# لە ماددەی 140دا..

# (وللعرب مثل حظ الكرديين)!



حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: "و للذكر مثل حظ الانثيين" واتە بەشی نێر دوو هێندەی بەشی مێیە. لە ماددەی 140ی ناپیرۆزیشدا هاتووە: وللعرب مثل حظ الكرديين. واتە: بەشی عارەب دوو هێندەی بەشی کوردە. عارەبە هاوردەکان بیست ملیۆن دینار وەردەگرن و کوردە ئاوارە و دەرکراوەکانیش، ئەگەر بۆ کەرکووک بگەڕێنەوە، دە ملیۆن دیناریان پێدەدرێ. واتە عارەب دووهێندەی کورد وەردەگرێ و ئەوەش بە مێکردنی کورد نەبێ، بە من و سەرکردە ومەلا و حیزبە ئیسلامیەکانیشیەوە، قەت ڕەوا و شەرعی نابێ! ئەمە لە کاتێکدایە کە عارەبەکانی تەعریب پارەکەش وەردەگرن و ناشگەڕێنەوە بۆ وڵاتە بەهەشتەکەیان، کەچی کورد بەر لەوەی هیچیش وەرگرێ، گەڕاوەتەوە بۆ ناو دۆزەخی خۆی. لە لایەکی دیکەشەوە، کاتێک عارەبەکان بۆ تەعریبکردن هێندرانە کەرکووک پارەی زۆر و زەوی باش و کاری ئەمنی چاکیان پێدران و کوردیش بە بوخچەوە دەرکران و بەرەڵڵای شاران کران و بوون بە دۆم و قەرەج و میسری. عەلی کیمیاوی گوتەنی: "اكردوهن مثل ربع (بەلغيس)"!! واتە وەک جەماعەتەکەی بەلقیس بەرەڵایان بکەن!

بەو حاڵەشەوە، کوردی کەرکووکی تۆبەکاری دەستی بەرپرسەکان بەو مێیەتییە ڕازین و عارەب ناڕازی. کوردی هەمیشە ئاوارەی کەرکووک، کە ئێستاش لە ناهەموارترین بارودۆخدا دەژین، تەنگیان پێ هەڵدەچندرێ و ئێستا ترسی ئەوەیان هەیە بە بیانووی تەجاوزەوە خانوویان لێ بڕووخێندرێ. ئاخر بە لای ئەوانەوە کە دەیان ساڵە کورد دەچەوسێننەوە، ئاسایی ئەوەیە کورد لە خانووی تەنەکە و لە ناو چڵکاودا بژی! بەرپرسانی کورد لە کەرکووک، کە لە بەر بۆیەکردنی قژ و تەسریحە و داپۆشینی ڕووتانەوەی سەریان و بەرزکردنەوەی دنگەی خانووبەرەیان و دروستکردنی پردی تایبەتی و شەڕەسیدی وێنەی خانمان و ململانێی حیزبایەتی ناپەرژێنە سەر قوڕاوی 140، کوردی کەرکووک دڵنیا دەکەنەوە و دەڵێن شتی وا نییە و بەخۆشیان دەزانن ڕاست ناکەن! هەموو خزمەتەکەشیان ئەوەیە هەر گوندە و دوو موختاری بۆ دانێن و هەر قوتابخانە و دوو بەڕێوەبەر و هەر شەقامە و دوو ناو و هەر کۆڵانە و دوو تاسە و دوو بەربەست، تا هیچ شتێک بە بێ گەندەڵی و دووبەرەکی بەڕێوە نەچێ! تەنانەت دووبەرەکی دەخەنە خوێنی منداڵانی سەرەتاییشەوە!

بەرپرسانی کورد لە کەرکووک، کە لە ڕاکردن دا یەکەمن و لە گەڕانەوەدا دواکەس، مانەوەی خۆیان مسۆگەر نییە چجای ببنە مایەی دڵنیایی خەڵکی لێقەوماوی کەرکووک. سوودمەندەکانی دەوری سەری زۆر پیرۆزی بەرپرسان نەبێ، کەس لە کەرکووک نەماوە باوەڕی پێیان مابێ و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ڕۆژێک پێویستیان بە خەڵک و دەنگی خەڵکی کەرکووک بێ. کارەساتە کورد بخرێتە هەڵوێستێکەوە لەوەدا ڕاڕا و دوودڵ بێ دەنگ بە دەسەڵاتی کوردی بدا یا بە حیزبێکی دژەکورد! کارەساتە لە خورماتوو و هەندێ ناوچەی دیکەی ناسەقامگیر، کورد دەنگی زۆرینەی نەبێ! کارەساتە لە موسڵ بە دروشمی (کورد بۆ دەرەوە) دەنگ بێنن و براوە بن!

هەندێ کورد لە کەرکووک ویستیان بۆ هەڵبژاردن لیستی سەربەخۆیان هەبێ کەچی هەڕەشەیان لێکرا و پێیان ڕاگەیێندرا کە نابێ کاری وا بکەن! بۆ؟ وەڵامەکەی ڕوون و ئاشکرایە کە باوەڕیان بە خۆیان نەماوە و دەزانن خەڵکی کەرکووک دوور نییە داوا بکەن کەرکووک نەچێتەوە ئامێزی کوردستان! ئەمەش لە دەنگنەدانەکە کارەساتتر و مەترسیدارترە!

بەڵام، بەڕاستی، بۆچی دەنگ بەو دوو حیزبە بدەن کە دەسەڵاتیان لە دەستدایە؟! ئێستا لەشکری عێراق بە لێشاو دێنە کەرکووکەوە و هەر ڕۆژە و ژمارەی سەربازی عێراق زیاتر دەبێ و دەسەڵاتی کورد کەم دەبێتەوە و سەرانی کورد لە بری ئەوەی کاردانەوەیەکیان هەبێ و نەختێ چاو سوور بکەنەوە، خەمی ئەوەیانە ئاخۆ نەوشیروان مستەفا یان یەکێکی دیکە بە لیستی سەربەخۆ دابەزێ! خۆ ناهەقیشیان نییە بترسن چونکە ئەگەر هەر لیستێک هەبێ، ئەوان بارستایی خۆیان و کێشی ڕاستەقینەی خۆیانیان لە کەرکووک بۆ دەردەکەوێ! من بەش بە حاڵی خۆم، وەک کەرکووکییەک، ئەگەر تەنانەت بەرەی تورکمانیش کەرکووکیانە و دڵسۆزانە بیر بکاتەوە نەک تورکیایانە، دەنگیان پێدەدەم. بەڵام بایی ئەوەندەیان نەهێشتووەتەوە باوەڕیان پێ بکرێ چونکە ئەوان نە بۆ خۆیان هیچیان دەوێ نە بۆ کەرکووک، ئەوان هەر ئەوەیان دەوێ کە کورد هیچی نەبێ! ژیان لەگەڵ تورکماندا بۆ من ئاساییە، بەڵام لەگەڵ کەسانێکدا سەر هەتا پا نوقمی دزی و گەندەڵی بن ئاسایی نییە! ئەمە شیرپەنجەیە و ڕووی لە کوردستانیبوونی کەرکووک کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ لێی دەخوا و لێی کەل دەکا و کەسیش، لە بەر بەرژەوەندی تاکە کەسی و حیزبی ئاگای لێی نەماوە!

کەرکووک، تەنگی پێ هەڵچندراوە! هەموو ڕۆژێک لەشکری تازەی بۆ دێ. ئەو سەربازانەی دەهێنرێنە کەرکووکەوە، هەڵبژاردەن و یان لایەنگرانی مالکین یا سوننەی کۆنە بەعسین و شارەزایی چاکیان لە کوردکوشتن و ئاوارەکردنیان هەیە و فێرن کورد بە چەوساوەیی ببینن. ئێستا، وەک جارێکیتریش ئاماژەم پێیدا، ساڵی 1963یە و لە کورد دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارە نە هیوای شۆڕشمان هەیە نە بەرگری. ئەمجارە، بەرپرسان بە کۆڵی چەکدارەکانیشیانەوە بن، بەر لە ژن و منداڵ تێیدەتەقێنن و خۆیان دەگەیێننە کاک کەمال کەرکووکی، تا خەمی خێوەتگایان بۆ بخوا!

هیوادارم بەرپرسان، بەر لەوەی کار لە کار بترازێ بەهۆش بێنەوە و ئەو میللەتە لەگەڵ خۆیاندا بەرەو هەڵدێر و خەرەند نەبەن! کوردی کەرکووک هەموو شتێکیان بەسەر هات، بەڵام تەنها سیاسەتمەدارانی کورد توانیان مێیان بکەن و بە ڕەسمیی دان بەوە دابنێن کە بەهایان نیوەی بەهای عارەبە و ئەوەش بۆ پێکەوەژیان داد نادا!

# هەموو کچە کوردێک باوکێکی وای دەوێت



شەڤین دەوڵەمەند* هۆڵەندا

ڕەنگە بۆ کچە کوردێکی وەک من کە لە ئەوروپا گەورە بووەو فێری بە ئازادی ژیان بووە، ڕۆژی جیهانیی ژنان مانایەکی جیاوازتری هەبێت لەوەی کە بۆ ژنە بندەست و چەوساوەکانی دنیا هەیەتی. بۆیە من هەمیشە لەو ڕۆژەدا لە خۆم دەپرسم: دەبێ بۆ ژنێک کە مێردەکەی لێیدەدات، یان کچۆڵەیەک کە خەتەنە دەکرێ یان بۆی نییە بڕواتە قوتابخانە، یان بە زۆری بە شوو دەدرێت یانیش دەکوژرێت ڕۆژی جیهانیی ژنان چ مانایەکی هەبێت؟

تۆ بڵێی ژنە لێدراوەکە لەو ڕۆژەدا بیر لەوە بکاتەوە کە ئیدی ئەوەی دەرهەقی دەکرێت دەبێ بەس بێت؟ تۆ بڵێی کچۆڵە خەتەنەکراوەکە کە مافی "چێژوەرگرتن"ی لێسەندراوەتەوە تەنانەت بیریشی بۆ ڕۆژێکی ئاوا بچێت؟ یان ئەو کچە گەنجەی بە زۆری دراوەتە پیاوێکی سی ساڵ لە خۆی مەزنتر دەبێ لەو ڕۆژەدا بیری بۆ چی بچێت؟

یان بەڕاستی ڕۆژی جیهانیی ژنان بۆ پیاوان چ مانایەکی هەیە؟ مەبەستم ئەو پیاوانەیە کە لە ژنەکانیان دەدەن و کچەکانیان وەکو کوڕەکانیان خەتەنە دەکەن. تۆ بڵێی ئەو پیاوە چاوەڕوانی ئەوەی نەبێت کە ژنەکەی لەو ڕۆژەدا خواردنی بە تامتری بۆ سازبکات و قاچەکانیشی بە ئاوێکی گەرم بشوات؟

ئەوەی من هەمیشە لە خۆمی دەپرسم ئەوەیە کە چۆن چۆنی پیاوێک دەتوانێت داوای ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتێک بکات، لە کاتێکدا بۆ خۆی لە چواردیواری ماڵەکەیدا دیکتاتۆر و ژێردەستکارە؟!

من زۆر جار پێکەنینم بەو پیاوانە دێت کە ژنەکانیان لە ماڵەوە ناچار دەکەن سەرپۆش بکەنە سەر و لە ماڵەوە نەیێنە دەرەوە، کەچی خۆیان کە ژنێکی نادابۆشراو دەبینن تێر تێر سەیری دەکەن! من فێمینیست نیم، تەنیا شت کە من دەمەوێ دێمۆکراسی و وەکهەڤییە.

بەستنەوەی ئەو شتانە بە ئایینەوە هیچ ڕاستییەکی بۆ نییە. لە ئایینی ئیسلامی ئێمەدا باسی ژێردەستەکردن و بە زۆری سەرپێداپۆشینی ژنان نەکراوە. نەشگوتراوە کە کچەکانتان مەنێرن بۆ قوتابخانە و مەهێڵن لەگەڵ کوڕەکان قسان بکەن و کە حەزیشتان لێبوو بیانکوژن.

من هەرچەندە ڕووی دەمم لە هەموو پیاوانی دنیایە، بەڵام بە بەرسیارێتی خۆمی دەزانم کە زۆرتر پیاوی کورد بدوێنم. سەیرکەن: باوکی من لە ژیانیدا نە من نە خوشکەکەم و نە دایکمی نەچەوساندووەتەوە و ڕێگای ژیانی لێ قەدەخە نەکردووین. لە بەرامبەریشدا نە شەرەفی خۆی لە دەستداوە و نە پیاوەتیشی خەوشی تێکەوتووە. سەرەڕای ئەوەش دایکم ئافرەتێکی سەرکەوتووی بواری کاری لێدەرچووە و ئێمەش کە دوو کچەکانیانین فێربووین سەربەخۆ بیربکەینەوە و ژیانێکی سەرکەوتوومان هەبێت. باوکێکی ئاوا پێویستە هەموو کچە کوردێک هەیبێت.

ژنان دەبێ ڕاستگۆ بن لەگەڵ خۆیاندا. شانس و بەخت نایانگەیێنێتە هیچ. چارەنووسیشیان لەدەستی خۆیاندایە. بۆیەش داوایان لێدەکەم کە ڕۆژی جیهانیی ژنان بکەنە ڕۆژێک کە بەڕاستی ڕۆژی وان بێت و تێیدا دەنگیان بگەیێننە هەموو دنیا.

***شەڤین دەوڵەمەند لە دایکبووی شاری ئامەدی باکووری کوردستانە. لە هۆڵەندا گەورە بووە و دەژیت و ئێستا هاوکارێکی بەشی هۆڵەندیی (ڕووداونێت www.rudaw.net)ە.**

# کوشتن لەسەر شەرەف

## کوردستانی لەجیهان دا لەکەدار کردووە



ویداد ئاکرەیی* نەرویج
akrawi.widad@gmail.com

ژنان بە پێچەوانەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و داوو نەریتی مرۆیی و جوامێری کوردستانی، دەکوژرێن، ئەمەش نێوبانگی کوردستانی بە گشتی لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا شێواندووە، بە تایبەتیش نێوبانگی هەرێمی کوردستان، وەک تاکە پارچەی کوردستانی خاوەن حوکمی خۆیی.

چەندین تاوانی ناموسپەرستی پەیوەست بە کەسانی کوردەوە، لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بوونە مایەی بایەخپێدانی جیهان‌ومیدیاو،مشتومڕێکی زۆریان لە بەردەم ڕای گشتیدا نایەوە، ئیدی پرسیارەکان کەوتنە ڕاوەدوونانی دەزووەکانی دووکەڵ کە چەندین پیتی دەکێشا کە هەر لە ناو دەچوون، لەوانە دوعا، فاتیمە و بەناز، کە لەگەڵ چەندین ژنی دیکەدا تا قولە پێیان لە خەمی دەریایەکی تاریک و دەمامکدراو بە گوناه و خوێن، ڕووچوون.تا ئێستا مەگەر بە دەگمەن، دەنا هەر ڕاپۆرتێکی تایبەت بە دیاردەی کوشتن لەسەر شەرەف لە ئەوروپا، خۆی لە باسی"تاوانی هاوردە" نەپاراستووە. ئەمەش ئەو ناوەیە کە هەندێ لایەنی نێودەوڵەتیی فەرمی لە تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەفیان داناوە لە ئەوروپا. هەڵبەت ئەم ناوەش لێکەوتەی خۆی هەیە بۆ سەر تێکڕای وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

بوونی نێوی کوردستان لە لیستی ئەو شوێنانەی دیاردەی توندوتیژیی دژ بە ژنان و بە تایبەتیش تاوانی کوشتن لەسەر شەرەفیان تێدایە، مایەی داخێکی زۆرە. ئەوەی مایەی نیگەرانیی زۆرە، لەو ڕاپۆرتانەدا ئەوەیە، کە دەڵێن هێزەکانی پۆلیس هێندە مەشقپێکراو نین، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مەترسییانەی لەوانەیە بەرەو ڕووی ژنان ببنەوە و ئامادەکاریکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە. بۆ نموونە، زۆر ژن پێشتر هۆشدارییان داوە کە ژیانیان لە مەترسیدایە بەهۆی هەڕەشە و گەف لێکردنیان لەلایەن پیاوانەوە، لە کاتێکدا پیاوان لە ترساندن و تۆقاندنی ژناندا سەرکەوتوو بوون، بەڵام پۆلیس لەجێی خۆی نەجوڵاوە.

ئافرەتانی کوردستان تا ئێستا هەر لە ئازاردا دەژین، ئەوەش یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکان، جگە لە خەمەکانی دەیان ساڵ و زەمان . وێڕای جۆراوجۆری هۆ و بەرهۆ، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو ئازارانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ژنانی کوردستان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین، کە یاساکانی پشت بە ترادسیۆنی ئایینی دەبەستێت. ئێمە لە کاتێکدا ئەو مەترسییانە دەبینین کە چواردەوری گەلی کوردیان داوە، لەو بڕوایەدایین کە بەردەوامبوونی دیاردەی"کوشتن لەسەر شەرەف" لە هەرێمی کوردستاندا، بە پلەی یەکەم بەرەی ناوخۆیی لاواز دەکات.

هەر هەوڵێکی کردەیی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی ژنکوژی، دەبێتە مایەی بەدەستهێنانەوەی نێوبانگی هەرێمی کوردستان و کارامەیی ئەو هەرێمە وەک داکۆکیکارێکی مافی مرۆڤ. بۆیەش لێرەوە دەسەڵاتدارێتی کوردستان هاندەدەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاکارە نامرۆڤییەکان دژ بە ژنان. هەر هەوڵێک بە ئاراستەی باشکردنی نێوبانگی کوردستان لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان و بەرامبەر ڕای گشتیی جیهان، بە دەرکردنی چەند یاسایەک دەبێت کە پشتیوانییەکی یاسایی زیاتر بۆ ئافرەتان دابین دەکەن و، جیاوازیی تاوانکاریی نێوان پیاوان و ژنان ناهێڵێ، ئەویش بە هەموارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و کردارانەی بوونەتە ئامرازی جیاکاری دژ بە ژنان. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی هەندێ نەریتی شەرمهێن، کە پاساو دەدەنە ئەنجامدانی توندوتیژی لێکردن و چەوساندنەوەی ژنان. کە ئەوانەش بە پێشێلکردنێکی ئاشکرای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و نەریتە مرۆییەکان دادەنرێن، کە ژن دەکەنە کۆیلە، بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیانی هەر لە ژێر چەتر و دەسەڵاتی پیاودا بمێنێتەوە.

لەو بوارەدا پێویستە، هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ چەمکی ئازادی ئافرەت دەستپێبکرێن، ئازادییەکی ڕاستەقینە کە ڕووکەشی تێدەپەڕێنێ، کە تایبەتمەندی مرۆڤی هۆشیارەو کە هەست بەڕاستیی ئامانجە مرۆییەکان دەکات و سنووری ڕێزگرتنیش تێناپەڕێنێت.

لەلای سێیەمیشەوە، وا پێویستە هەندێ پلان و بەرنامە پەسند بکرێن، بۆ بە دواداچوونی دیاردەی ژنکوژی، بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری زۆر دەربارەی هۆ و ڕەهەندەکانی ئەو دیاردەیە، ڕووپێو و توێژینەوەی مەیدانی بکرێ، پاشان ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە بەگوێرەی دوایین گۆڕانکارییە جیهانییەکان، بە تایبەتیش ئەو گۆڕانکارییانەی کار لە شیکردنەوەی کێشەکان دەکەن و کار دەکەنە سەر ڕیزبەندکردنی کارە لەپێشینەکان و دیاریکردنی تەوەرەکان، لەپێناو زیاتر بایەخدان بە پرسەکە لەلایەن سیاسەتمەدارانی کورد، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەو کردەوانەی کە ئەمڕۆ وا زەق زەق لەبەر چاوانن.

***سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی نێودەوڵەتی، لە ساڵی 2006_2007 نوێنەری ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بووە لە UN.**

# سەنگەرم گۆڕی و پەشیمانیش نیيم



**رووداو-هەولێر**

دوای گوتنی چەندین گۆرانی بە بەژن و باڵای ژناندا، نیزام شوکر وازی لەو جۆرە گۆرانیانە هێناو ئێستا تەنیا سروودی ئاینی دەڵێت و مەولود دەخوێنێتەوە، نیزام شوکر بۆ (رووداو) گوتی "لەکاری هونەری بەردەوامم، بەڵام سەنگەرم گۆڕیوە". ناشیشارێتەوە کە ماڵی خەزووری کاریگەریان هەبووە لەو سەنگەر گۆڕینەدا.

ئەو گۆرانبێژە دوای ئەوەی دووجار چووتە حەج، وەک خۆی گوتی لەو کاتەوە وازی لەهونەری دونیا هێناوەو رووی کردووەتە هونەری قیامەت. نیزام شوکر، هیچ پەشیمان نییە لەو گۆرانیانەی کاتی خۆی گوتوویەتی "شتی چاکمان گووتییە، خزمەتی میللەتی خۆمان کردووە، شتی باشم گوتووەو لێی پەشیمان نیم، بێگومان شتی خراپیشم نەگوتووە".

10 »

# ئاریز بازاڕی گەرمە

**رووداو-PUK Media**



کارزان سەید، کارمەندی پرسگەی پەرلەمانی کوردستان بەسایتی رایگەیاند رۆژانە چەندین هاووڵاتی بە مەبەستی گەیاندنی گرفتەکانیان بە پەرلەمانتاران سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و زۆربەشیان بۆ لای پەرلەمانتار ئاریز عەبدوڵڵا دێن. ئەو کارمەندە گوتیشی "خەڵک لە هەموو ناوچەیەکی کوردستان روو لەپەرلەمان دەکەن، بە پلەی یەکەمیش سەردانی ئاریز عەبدوڵڵای سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری پەرلەمان دەکەن، بە تایبەتیش خەڵکی هەژارو دانیشتووانی گوندەکانی کوردستان". کارزان لەدرێژەی قسەکانیدا گوتیشی "جگە لە ئاریز، خەڵک سەردانی چەند پەرلەمانتارێکی دیکەش دەکات لەوانە شێروان حەیدەری، عەونی بەزاز، سۆزان شەهاب، نازناز محەمەد و سەردار هەرکی".

# فەیروز هیواداره راگەیاندنی کوردی پێشبکەوێت



**راسان رۆژگار**

**رووداو- دەوحە**

فەیروز زەییانی، بێژەری هەواڵەکان و پێشکەشکاری بەرنامەی (بین السگور)ی کەناڵی تەلەڤزیۆنی (الجزيرە) لە دیدارێکی تایبەتدا لە گەڵ (رووداو) دا دەڵێ " هەندێ رۆژنامەنووسی کوردم لەرێی بەرنامەی (کوالیس)ەوە ناسین و، ئەوان باسی کەناڵە کوردییەکانیان بۆکردم".

گوتیشی "هیودارم راگەیاندنی کوردی پێشبکەوێت".

فەیروزکەتەمەنی 36 ساڵەو جەزائیرییەو، 9ساڵە لە (الجزيرە) کاردەکات، زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئیتالی دەزانێ و. دەڵێ کاتەکانی دەستبەتاڵی لەگەڵ سێ منداڵەکەی بەسەردەبات و زۆر حەزیشی لە ئامادەکردنی خواردنە.


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاین** : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net


# "قادر قەچاخ دەبێ داوای لێبوردن بکات"

**رووداو-هەولێر**

قادر قەچاخ بەڕێوەبەری پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی پارتی لە کۆڕێکیدا رەخنەی لە زاڵبوونی ئینتیمای عەشیرەتی بەسەر ئینتیمای نەتەوەییدا گرت و نموونەی بە ئەندام لقێکی پارتی لە موسڵ هێنایەوە کە گوتبووی " ئێستاش جەوهەر هەرکی پێم بڵێ دەنگ بدە کێ، دەنگ دەدەمە ئەو". بەڵام تاڵب سدیق، گوتی قادر قەچاخ گوتی هەرکی هەر گوێڕایەلی ئاغاکانن" بۆیە ئێمە زیاتر لە 30 کەس دەبووین بەو قسانە نیگەران بووین و کۆڕەکەمان بەجێهێشت".

ئەو کۆڕە کە لە رۆژی 2009/3/2، لەلایەن لیژنەی ناوچەی کەسنەزانی پارتی دیموکراتی کوردستان،لەبارەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق بۆ قادر قەچاخ، بەڕێوەبەری پەیمانگای پێگەیاندنی کادیرانی پارتی ساز کرا.وەک تالب سدیق بریندار، دەڵێ قسەکانی قەچاخ هەستی هەندێ لە هەرکییەکانی بریندار کرد. ناوبراو کە یەکێکبوو لە ئامادەبووانی کۆڕەکە، پەیوەندی بە (رووداو)ەوە کردو گوتی " زۆر نارەوایە بۆ کەسێکی وەک بەڕێز قادر قەچاخ هێرش بکاتە سەرعەشیرەتێکی گەورەی وەکو هەرکی".

هەروەها گوتیشی "کاک قادر نموونەی بە کارگێڕ لقێکی پارتی هێنایەوە کە هەرکییە و گوتبووی جەوهەر هەرکی چیم پێ بڵێت من وا دەکەم، دواتریش قادر قەچاخ گوتی هەرکییەکان ئێستاش لە قسەی ئاغاکانیان دەرناچن، چیان پێ بڵێن وا دەکەن". تالب سدیق داوای لە قەچاخ کرد، کە داوای لێبووردن لە هەرکییەکان بکات .بەڵام خورشید عەلی، سەرۆکی شارەوانی کەسنەزان، کە ئەویش هەرکییە، رەتیکردەوە کە ئەو کۆڕە هیچ جۆرە گرژییەکی لێکەوتبێتەوەو گوتی "من تا کۆتایی کۆڕەکە لەوێ بووم، کەس نەچووە دەرەوە".



قادر قەچاخ لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە هەستی هەرکییەکانی بریندار کردبێ و گوتی "من کارگێڕێکی لقی پارتی موسڵم بەنموونە هێنایەوە، کە گوتبووی ئێستاش جەوهەر هەرکی پێم بڵێ دەنگ بدە کێ، دەنگ دەدەمە ئەو. دیاربوو 3-4 برادەر بەناوهێنانی جەوهەر هەرکی دڵگران بوون و کۆڕەکەیان بەجێهێشت".

هەروەها گوتیشی "مەبەستم لەهێنانەوەی ئەو نموونە ئەوە بوو کە بڵێم ئێستاش هەستی عەشیرەتگەری و دینی زاڵە بەسەر هەستی نەتەوایەتی دا".

قەچاخ ئاماژەی بەوەشدا لەناو بەشێک لەکوردان تا ئێستاش ئەوەندی حیساب بۆ مەزهەب و عەشیرەت دەکرێ بۆ نەتەوە ناکرێ، ناوبراو کوردانی فەیلی بەنموونە هێنایەوەو گوتی " برا کوردە فەیلییەکان بەهۆی ئەوەی هەستی شیعەگەرێتیان لەهەستی زاڵترە بۆیە لە بەغدا دەنگیان بەلیستی کورد نەدا".

# قەیرە کچ و بێوەژنانی کوردستان 9 داوایان هەیە



**رووداو-هەولێر**

لە راگەیەنراوێکدا کە وێنەیەکیان بۆ (رووداو) ناردووە کۆمەڵێک قەیرە کچ و بێوەژنی کوردستان داوا لەحکومەت دەکەن بەزووترین کات ئامارێک بۆ قەیرە کچ و بێوەژنانی کوردستان ئەنجامبدات و رێگەش لەچوونە دەرەوەی گەنجان بگرێت بۆ ئەوروپا.

راگەیەنراوەکەی قەیرە کچان و بێوەژنان، کە خۆیان وەک "قەیرە کچان و بێوەژنە بێلایەنەکانی کوردستان" ناساندووە، 9 خاڵی داواکاری لە خۆ گرتووە، لەوانە" ئامار لەبارەی قەیرەو بێوەژنان، رێگە گرتن لەچوونە دەرەوەی گەنجان. لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی زیاد بوونی قەیرە کچان و بێوەژنان و رێگریکردن لەزیادبووونی رێژەکە، ورووژاندنی ئەو بابەتە لەکەناڵەکانی راگەیاندن، دایکان و باوکان کچەکانیان ئاگادار بکەنەوە لەدەرەنجامە خراپەکانی خۆ هێشتنەوە. رێکخراوەکانی ژنان چەند هەفتەیەک تەرخانبکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرەیی کچان و وەستانەوە دژی لەشفرۆشان و لەشکڕان".

لە راگەیەنراوەکەیاندا قەیرە کچان و بێوەژنانی کوردستان گلەیی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەن کە تا ئێستا ئەو بابەتەیان نەوروژاندووە "گلەیی لە رێکخراوەکانی ژنان دەکەین کە تا ئێستا تەنیا جارێک نەیانتوانیوە کۆڕێک یان سیمینارێک یان بە نووسینێک ئەو کێشەیە بوروژێنن و بیر لەچارەسەرێکی گونجاو بکەنەوە، وەک ئەوەی ئێمە مێینە نەبین و قەیرەیی و بێوەژنی کێشە نەبێ".

# ئەگەر دیتت ئەزم ئەگەر نەتدیت دزم



**رووداو-سلێمانی**

مزگەوتەکانی سلێمانی رووبەرووی دزیکردن دەبنەوەو بەپێی ئاماری پۆلیسیش ساڵی رابردوو 25 حاڵەتی دزیکردن لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی روویداوە.

مەلا عەتا محەمەد پێنجوێنی، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی ئەبوبەکری سدیق لەسلێمانی، بە (رووداو)ی راگەیاند کە چەندین جار مۆبایل و پێڵاوی هاووڵاتیان لەمزگەوتەکەی ئەو دزراوە "ئەوانەی دزی دەکەن دەرفەت لە قەرەباڵغی نوێژکردن و بۆنە ئاینییەکان وەردەگرن".

ئیبراهیم حەمە 48ساڵ، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی لە ناو مزگەوتدا دزی لێکراوە گوتی " خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتن بووم، چاکەتەکەم دانابوو، کاتێک لەبەرم کردەوە مۆبایلەکەم دزرابوو".

زۆربەی ئەو سندوقانەی بۆ کاری خێرخوازی دانراون لەترسی دزان لەمزگەوتەکان هەڵگیراون، مامۆستای یەکێک لەمزگەوتەکان رایگەیاند تا ئێستا چەندینجار سندوقی خێرخوازی مزگەوتەکەی ئەویان شکاندووەو پارەکەیان دزیوە، بۆیە سندوقەکەیان هەڵگرتووەتەوە.

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف رایگەیاند وەزارەت ناتوانێت پاسەوان بۆ مزگەوتەکان دابین بکات"ئەگەر پاسەوان بۆ هەموو ئەو خەڵکە دابنێین کە دەچنە مزگەوت ئەوکات وەزارەت ئەوقاف رۆڵی وەزارەتی ناوخۆ دەبینێ".

# پۆلیسەکە بناسی دوو شەشە

**رووداو-سلێمانی**

هاووڵاتییانی شاری سلێمانی گلەیی لەپۆلیسەکانی پرسگەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکەن، کە جیاوازی دەکەن لە رێگەپێدانی هاووڵاتییان بۆ ناو نەخۆشخانە "ئەوانەی واستەیان هەبێ زووتر دەچنە ژوورەوە".

ژنێک، کە لەبەردەم نەخۆشخانەکە وەستابوو گوتی "ئەوە دوو رۆژە دێمە بەردەم ئەو نەخۆشخانەیە ناهێڵن بچمە ژوورەوە، کەچی چەندین کەسیش بە بەرچاوی من یەکسەر دەچنە ژوورەوە"، هەر لەبەردەم نەخۆشخانەکە ساڵح کەریم هاتە قسەو بە تووڕەییەوە گوتی "ئەگەر کەسێک بناسی چوونە ژوورەوەت مسۆگەرە، ئەگەرنا دەبێ لەبەر ئەو دەرگایە بوەستی".

پۆلیسەکانی نەخۆشخانەکە نایشارنەوە کە واستەو واستەکاری هەیە بۆ ناردنە ژوورەوەی خەڵک، وەک پۆلیسێکی نەخۆشخانەکە گوتی "واستە لە هەموو شوێنێک هەیە، بۆیە ئاساییە لەلای ئێمەش هەبێ" ئەو پۆلیسە گلەیی لەهاووڵاتییان کردو گوتی "هاووڵاتییان مامەڵەیان زۆر خراپە لەگەڵمان، زۆرجار جنێوو قسەی ناشیرینمان پێدەڵێن، تەنانەت پەلاماری کارمەندەکانیشمان دەدەن".




